# گوتاری هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردیدا

Rahand

غازی حەسەن

# گوتاری هەواڵ لە ڕۆژنامەی کوردیدا

Rahand

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

نـــــاوی کتـێـب: گوتاری هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردیدا
نووســـــــــەر: غازی حەسەن
بـــــابـــــەت: لێکۆڵینەوە
دیزاینی بـــەرگ: ئیبراهیم ساڵح
دیزاینـی تێکست: ڕەنجدەر جەبار
نـــۆرەی چـاپ: یەکەم ٢٠٢١ سلێمانی
چـــاپخـــانـــە: چوارچرا
تــــیــــــراژ: (٥٠٠) دانە
نــــــــــرخ: (٣٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٧١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێ دراوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
07709309121
Ktebxanai Rahand

**وشـە هێـما نییـە بـۆ هیچ شـتێک، یـان هیـچ واتایەکـی نابێـت، تەنیا ئـەو کاتـە نەبێـت کەبیرمەندێـک بـەکاری دەهێنێت.**

**(ئۆگدن و ریچاردس)**

# پێشەکی

لەتوێژینـەوەدا پێویستە توێـژەر بیر لەدارشتنی هەندێک بنەما بۆ لێکۆڵینەوەکەی بکات، واتا هیچ کارێکی زانستی ناتوانێت ئامانجەکانی بەگونجاوی بەدی بهێنێت، ئەگەر بنەمایەکی ڕوون‌و زانستی بۆ کارەکەی دانەڕێژێت. ئێمە دەمانەوێت بنەماکانی کردە قسەیی وەکو پێوەرێکی زمانەوانی بەپشت بەستن بەزانستی پراگماتیکی بۆ شیکردنەوەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا بەکاربهێنین، تاکو دابەشکردنێکی گونجاو لەمبارەوە دروست بکەین، کە هاوشان بێت لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەهەوڵداو ئینجا بەدیهێنانی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی لەبواری (پەیوەندیکردن‌و گەیاندنی مەبەست‌و خوستەکان) لەگوتاردا.

تیۆری کردە قسەیی پەیوەندی بەفەلسەفەوە هەیە، کە (جۆن ئۆستن)ی زانا دایهێناوەو کاری لەسەر کردووەو ئەمڕۆش لەزۆر بواری زمانەوانی وەکو تیۆرێکی سەرکەوتوو بۆ لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنرێت.

من هیچ لێکۆڵینەوە، یان بابەتێکی نووسراوم لەمبارەوە لەزمانی کوردی بەرچاو نەکەوت، بۆیە کاردەکەم لەم لێکۆڵینەوەیەدا

بنەمایەکی گونجاو بۆ کارکردن لەمبارەوە دابڕێژم، کە دەبێتە مایەی ئاسانکاری بۆ توێژینەوەی زمانەوانیو هەروەها کاری داڕشتنو بەرهەمهێنانی هەواڵ لەڕووی زمانەوانیو چۆنیەتی پەیوەندیکردنو گەیاندنو بڵاوکردنەوەی زانیاری بەشێوەیەک، کە بەرپرسیاریەتی تێدا بەرجەستە بکرێت. چونکە هەر قسەیەکو گوتنێک، یان دەربڕینێک (نووسین بێت، یان گوتراو) کردەیەک ڕادەپەڕێنێت، هەندێک لەو کردە قسەیانە، کارێک بەدی دەهێنن. بۆیە ئەرکی نووسینی ڕۆژنامەنووسیو پیشەی ڕۆژنامەنووسانە بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی زمانو چۆنیەتی بەدیهێنانی گوتار بکەن ، کە لەبنەڕەتدا ڕاپەڕاندنی کارێکە، لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانو پرۆسەی پەیوەندیکردن بەو وەرگرانەی ناوی دەنێین (گوێگر، خوێنەر، بینەر).


(محەمەد ئەلحەلفاوی) لەلێکۆڵینەوەیەکی دکتۆرادا بەزمانی فەرەنسی دەربارەی زمانەوانی باسی بایەخی کردە قسەییەکانی بەستۆتەوە بەسێ پێکهاتە: فەرمانو شێوەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. (Mohamed El Halfaoui-1999).

توێژە عەرەبەکان لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەتوێژینەوەکانیاندا بایەخیان بەتیۆرەکەی (ئۆستن) داوە، یەکێک مەسەلەکەی بەگرێبەستی فرۆشتن چواندووە، کە یەکێک دەڵێت: (فرۆشتم)و، ئەوی دیکەش دەڵێت: (رازیم)، ئەمە ڕێک وەکو ئەوەیە گرێبەستی فرۆشتنەکە کۆتایی پێهاتبێتو مۆرکرابێت. (السید سابق،١٩٨٥، ل ٤٧-٤٩).

مەبەست لەم چەند نموونەیە، ئەوەیە چۆن دەکرێت قسەکردنو بڵاوکردنەوەی هەندێک مەبەست لەڕێگەی نووسین، یان گوتنەوە ببێتە ئەنجامدانی کردەیەک، کەتەنیا لەڕێگەی گوتنەوە ئەنجام


دراوە. واتا چۆن کردەیەکەی کردە قسەیی ڕادەپەڕێنرێت، هەروەها بنەماکانی ئەم کردە قسەییە چییە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووس لەبەکارهێنانیان وریا بێت؟ چونکە دوور نییە بەبڵاوکردنەوەی تەنیا وشەیەک، یان گوتنێک گوتارێکی توندتیژ، یان ئاژاوەگێڕیو کێشەدار بەرهەم بهێنرێت. بۆ نمونە، کە لەگوتارێکدا دەگوترێت «بەرەکانیان چۆڵ کرد»، ئەم قسەیە، گەلێک ڕەهەندو بڕیارو حوکمو واتاو هەڵوێستو باری دەروونیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو خووڕەوشتو ئاگادارییو هوشداری لێبخوێنرێتەوە. تەنیا یەک دەربڕینە، کە ڕۆژنامەیەک دەیکاتە ناونیشانی هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی خۆیو ئەنجامەکە دەبێتە وروژانێکی کۆمەڵایەتی پڕ لەکێشەو گرفت.

تەنیا زمانو پەیوەندیکردن وەکو دوانەیەکی گرینگ لەم بوارەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەندێک پێیان وایە (زمانی زانست بریتییە لەزمانی پەیوەندیی کردن، هەروەها ئامرازێکیشە بۆ وێناکردنی جیهان). (د. عبدالعزیز بن عثمان التویجری، ٢٠٠٨، ٢٣).



لەسەر ئەم بنەمایە کار بۆ داڕشتنی هەندێک بنەما دەکەیەن، کە کردە قسەییەکان لەنێو هەواڵدا بەرجەستەی دەکات، یان هەواڵ وەکو کردەیەکی کردە قسەیی ڕای دەپەڕێنێت.

(دی سوسێر) لەبارەی گەشەکردنی زمانەوە، پێیوایە ڕۆڵی قسەکردنە ئەو گەشەکردنە لەزماندا بەدی دەهێنت، واتە بەکارهێنانە کاریگەریی دروست دەکات، ڕۆژنامەش زمان بەکاردەهێنێت، (قسەکردنە، کە گەشەکردنی زمان بەدی دەهێنێت، ئەو شتانەی لەڕێگەی گوێکانمانەوە پێشوازییان لێدەکەینو لەڕێگەی خەڵکی دیکەوە گوێمان لێدەبێت، ئەوانە دابونەریتی زمانەوانیمان دەگۆڕن). (دی سوسیر، ١٩٨٤، ٣٢). ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت گوتاری ڕۆژنامە، لەچەند ڕێگەیەکەوە پشت بەقسەکردنو گوتن دەبەستێت، کە دەبێتە مایەی گەشەکردنی توانای وەرگرەکانو خوێنەرەکانیش، چونکە هاوبەشییەکی یەکسان لەنێوان (نێرەر/ قسەکەرو وەرگر/ خوێنەر) لەپرۆسەی بەدیهێنانی کردەی گوتار هەیە. لەڕۆژنامەدا بایەخ بەدیداری ڕۆژنامەنووسی، لێدوان، گوتارە وتارو ڕاوبۆچوونی جیاوازو لێدوانی بەرپرسانو سەرچاوەکانو ڕاپۆرتە هەواڵ دەدرێت، لەنێو ئەم پێکهاتانەی ڕۆژنامەشدا، هەموویان لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەقسەکردنو گوتن دەبەستن، ئەمەش دەبێتە مایەی گەشەکردنی زمان لای خودی ڕۆژنامەنووسەکەو ئینجا خوێنەرەکانی، وەکو چۆن لەهەمان کاتدا دەبێتە مایەی گەشەپێدانی تواناکان لەبواری زانیارییو بەکارهێنانی خودی گوتاری هەواڵ.




زمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لەهەواڵو پەیوەندیکردن دەگێڕێت، لەڕێگەی زمانەوە، یان شێوازی دەربڕینو ئاماژەوە کردە قسە ڕادەپەڕێنرێت، بۆیەشە هەندێک پێیان وایە قسەکردن بەزمان بەدیهێنانی کردە قسەیە، وەکو کردەیەکی سەلماندنو ساخکردنەوەو فەرمانو سەرسوڕمانو گفتدان ... تد. (عمر بلخیر، نوارة بوعیاد، revues.univ-ouargla.dz//).

لەم لێکۆڵینەوەدا شیکردنەوە لەبارەی گوتاری هەواڵی ڕۆژنامەوانی کوردی دەکرێت، گوتاریش کردە قسەی ڕاپەڕاندنی مەبەستێکو بۆ گەیاندنی زانیارییە لەلایەن نێرەرەوە بۆ پەیوەندیکردن بەوەرگرەکان ئەنجام دەدات. گوتار گوتنێکە، یان چەند گوتنێکە لەکاتو شوێنو دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیارکراو ئەنجام دەدرێت. (غازی حەسەن، نامەی ماستەر، ٢٠١٧).

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە

ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە، پشت بە تیۆری کردە قسەیی دەبەستێت.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوە

لەلێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا بایەخ بە(قسەکەر/ نێرەر) دراوە، ئێمە دەمانەوێت گرینگیو ڕۆڵی (وەرگر/ گوێگر/ بەکارهێنەرو بینەرو خوێنەر)یش بدەین، بەتایبەتیش لەلێکۆڵینەوە کوردییەکاندا ڕۆڵی وەرگر زۆر بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوەکراوە. هەروەها ئامانجی ئێمە لەبایەخدان بە(وەرگر) خستنە بەردەستی بنەمایەکە بۆ ئەوەی (نێرەر/ ڕۆژنامەنووس/ خاوەنی دەزگاکان/ خودی دەزگا/ سەرچاوەکانی گوتاری هەواڵ) بایەخو کاریگەریی وەرگر لەبەرهەمهێنانەوەی گوتار لەبەرچاو بگرن، چونکە بەلای ئێمەوە (وەرگر یەکسانە بەنێرەر)، لەکاتێکدا لەگوتاری کوریدا وەرگر زۆرجارن بایەخی پێنادرێتو لەهەندێک بواریشدا تەنیا وەکو کار جێبەجێ کەرێک تەماشای دەکرێت، بۆیەشە ڕای گشتی زۆر بەسیستی بەرێوەدەچێت. (غازی حەسەن، ٢٠١٧).

ڕاستە نێرەر وەکو تاکێک زمان بەکاردەهێنێت، بەڵام لەکۆتایدا هەموو لێدوانو زانیارییو قسەکانی دەبەستێتەوە بەسەرچاوەو نێرەرەکانی، بۆیەشە دەبێت لەڕوانگەی کردە قسەییەوە شیکردنەوە بۆ گوتاری هەواڵ بکرێت، کە هەندێکجار هەر تەنیا زانیاریی ناگەیەنێت، بەلکو هوشیارداری دانو وریاکردنەوەو حوکمو ڕەتکردنەوەو بڕیار... تد، تێدایە. هەندێک لەم بنەمایانە ڕاستەوخۆنو هەندێکیان ناڕاستەوخۆن. هەندێکیان لەسەر زاری سەرچاوەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، هەندێکیشیان لەسەر زاری

ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسەکەوە، هەندێکجاریش سەرچاوەکە لەبەر هۆکاری تایبەتی ناوی دەسڕێدرێتەوە.

تەنیا هەندێک توێژەر پێیان وایە بەکارهێنانی هەڵەی زمان، جا ئەمە لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێت، یان لەدەرەوەیدا، فکر پەک دەخات، توانا فکرییەکانی خەڵک ئیفلج دەکات، هەروەها زمانەکەیان تووشی گەندەڵی دەکات، کاتێک کۆمەڵگاکان بەقۆناغی خراپدا تێدەپەڕن، ئەمە کاریگەریی لەسەر خودی زمانی ڕاگەیاندنیش دروست دەکات. کاتێک واقیعی ئاڵۆزکاو و پڕکێشەو لەڕێدەرچوو لەڕاگەیاندن ڕەنگدەداتەوە، ئەم وێنە ئاڵۆزکاو و لەڕێدەرچوون‌و پڕکێشەیە لەزمانی بەکارهێنراویش دەردەکەوێت. (محمد سید محمد، ١٩٨٤، ١٥).

لەبەر ئەوەشە کردە قسەییەکان وەکو بنەمایەک، بۆ دارشتنی هەندێک بنەما بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گوتاری هەواڵی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان بەکاردەهێنین. گوتار کردەیەک ڕادەپەڕنێت‌و کردە قسەیش کردەیەک جێبەجێ دەکات، هەردووکیان لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە ئەم ئاراستەیە دروست دەکەن، کە دەبێتە جێگەی مەبەست‌و بایەخی (نێرەرو وەرگر) لەیەک کاتدا. ئەم بوارەش ئەمڕۆ لای زمانەوانە ئەورپایی‌و ئەمەریکی‌و عەرەبەکان‌و کوردیشەوە بایەخی زۆری پێ دەدرێت.

## کێشەکانی بەردەم لێکۆڵینەوە

نەبوونی، یان کەم بایەخدان بەلێکۆڵینەوە لەزمانی کوردیدا لەم بوارە، هەروەها کەمی‌و نەبوونی سەرچاوە یەکێکە لەکێشە دیارەکانی بەردەم توێژەر، لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەنووسان وەکو کەسانی شارەزا لەزمان، بایەخ بە بەکارهێنانی ئاستەکانی زمان‌و

واتاو بەکارهێنانو گوتاری زمان نادەن، هەروەها دەزگاکانیش بەشێوەیەکی ئەکادیمی مامەڵە لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەنێو گوتاری هەواڵو گوتاری ڕۆژنامەوانی ناکەن. ئەمە کێشەیەکی گەورەی بەردەم لێکۆڵینەوەیە، چونکە ئێمە هەر بەتەنیا ڕووبەڕووی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی کەموکوڕیی، یان چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لەبنەماکانی کردە قسەییەکان وەکو تیۆرو لایەنی کرداری نابینەوە، بەلکو ڕووبەڕووی کێشەی بەکارهێنانی خودی زمانەکەش لەدۆخی (زمانێکی یەکگرتوو، دارشتنو خاڵبەندیو بەکارهێنانی واتاو ڕستەو وشەو دەنگەکانو دیالەکتیکەکانو دەستەواژە.. تاد) دەبینەوە.

## سودەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

**یەکەم**: دانانی ڕێساو بنەمایەکی زمانەوانیو پراگماتیکە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی کردە قسە لەنێو گوتاری هەواڵی ڕۆژنامەدا.

**دووەم**: شیکردنەوەی گوتاری هەواڵی ڕۆژنامە دەگرێتەوە، بەپشت بەستن بەسەرەتاکانی کردە قسە.

**سێیەم**: نەخشەو ژمارەیەک بنەماو دەستەواژەی کارەکیمان بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانیان لەنێو هەواڵو پیشەی ڕۆژنامەوانی دۆزیوەتەوە، کە پەیوەندییان بە بەکارهێنان لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی گوتاری هەواڵەکەوە هەیە.

**چوارەم**: ئەمە دەبێتە سەرەتایەکی گونجاو بۆ ڕۆژنامەنووسانو ڕۆژنامەکان بۆ ئەوەی گوتارێکی کارا لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان دروست بکەن.

# بەشی یەکەم

# پێناسەی گوتاری ڕۆژنامە

**١-١ پێشەکی:**

گوتاری ڕۆژنامەنووسی بریتییە لەدەقێکی نووسراو، ئامانجی پەیوەندیکردنە بەمەبەستی دروستکردنی دۆخی کارتێکردنو کاریگەرییو جوڵاندن. لەنێوان (نێرەرو وەرگرو دۆخی بابەتەکەدا). بۆیە گوتاری ڕۆژنامەنووسی، کە پشت بەدەقێکی زمان دەبەستێت، لایەنی شیکاری زمانەوانی ڕەچاو دەکات، کار دەکات هێزی بڕواپێهێنانو کاریگەریی لای وەرگرەکانی دروست بکات، لەڕێگەی ئەو کەرەستانەی گوتارەکە بەکاریان دەهێنێت، بۆ ئاراستەکردنی بەرەو ئەو وەرگرانەی هەیەتی، بێ ئەوەی ڕەچاوی دۆخی دەروونیو تایبەتییان بکات، ئەمەش جۆرێکو ڕەنگە سەرەتایەک لەگوتاری ئایدیۆلۆجی ڕۆژنامەنووسی دروست بکات، کە ئێمە ڕەچاوی ئەوەمان کردووە لە کوردستاندا ڕەنگە بایەخ نەدان بەوەرگرەکان زۆر لەوە زیاتر بێت، کە لەژینگەی کۆمەڵایەتی دیکەی جیاوازدا هەیە، بۆیە هەندێک جاران

لە ئایدیۆلۆجیاش تێ دەپەڕێتو بەرەو حزباندنو ناوچەچیەتی دەچێت. کارێکی دیکە چۆنیەتی دەستەبەرکردنو بردنەوەی مەزاجی وەرگرو گوتار ئاراستەکراوەکانە، بۆیەشە گەلێک جاران دۆخی دەروونی ڕەچاو دەکرێتو خووڕەوشتو مەسەلەی سۆز بەکاردەهێنرێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی کارتێکردن لەپێناو بەدیهێنانی کارتێکردنی گوتارەکە.

بەڵام دیسان ئێمە لەکێشەیەکی گەورە داین، کە وادەزانین زمان، بەواتایەکی دیکە یاساکانی ڕۆنانی زمانو ڕێساکانو بەکارهێنان لەباری ڕێزمانییەوە پەیوەستە بەگوتار، وانییە چونکە وەکو (بول ریکور) دەڵێت زانستی زمان بایەخ بەزمان لەڕووی ڕۆنانو بەیەکەوەبەستنەکانی دەدات، نەک لەڕووی بەکارهێنانی، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە گوتار لەو پەراوێزیی‌و کەمکردنەوەیە ڕزگار بکەین. (بول ریکور، http://taakween.blogspot.com). بەڵێ وایە گوتار ڕاپەڕاندنی کردەیەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە، نەک لەڕێگەی بەکارهێنانی یاساکانی زمانەوە. (بۆل ریکور) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (گیانی گوتار بریتییە لەگفتوگۆ، بۆیەشە پێی وایە هیچ جیاوازییەک لەنێوان کردەی دەربڕین و کردەی کاریگەریی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت لەیەکەمیان مەبەست هەیەو لەدووەمیشدا نییە. (هەمان سەرچاوە).


لەبەر ئەوەی گوتاری ڕۆژنامە جیاوازە لەگوتارەکانی دیکە، ئێمە کاردەکەین، سنووری ڕستە نەکەینە پێوانە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان. بەلکو (گوتن، دەربڕین) دەکەینە پێوانەیەکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەکەمان. چونکە گوتار پێکهاتەیەکی فراوانتر لەڕستەو وشەی هەیە، پراگماتیک لەشیکردنەوەدا پشت بەبەکارهێنانو دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەبەستێت.

گوتاری ڕۆژنامەنووسی قسەیەکی گوتراوی وەسفی، یان شیکاری، یان ڕەخنەگرانەیە. مەبەست لەوەسفی، وەسفکردنی پێکهاتەکانی واقیعو ڕووداوەکانە، مەبەستیش لەشیکردنەوە کاتێک، کات تێ دەپەڕێت بۆ ڕاگەیاندنی هۆکارەکانو ئەنجامی پێکهاتەکان، یان ڕووداوەکان پێویستی بەشیکاری پتر دەبێت بۆ تێگەیشتنو ڕوونکردنەوەی بابەتەکان، مەسەلەی ڕەخنەگرتنەکەش پەیوەستە بەوەی، کە قسەکەرەکە لەبنەڕەتدا کار بۆ داڕشتنی هەندێک لایەنی ڕووداوەکان بەپێی بیروبۆچوونی خۆی دەکات. (هشام الهاشمي، و أحنصال یوسف http://www.wata).

بێگومان پێناسەکردنی هەر بوارێک بەپێی ئەو دەوروبەرە دەکرێت، کە کارەکەی تێدا ڕادەپەڕێنرێت، گوتاری ڕۆژنامەنووسیش لەدۆخی ڕاپەڕاندنی کارەکە پێناسە دەکرێت، بۆیە ئاساییە پێناسەو تێڕوانینی جودا لەمبارە هەبێت، بەگشتی گوتاری ڕۆژنامەنووسی وەها پێناسەکراوە: هونەرێکە لەهونەرکانی ڕاگەیاندن بایەخ بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ بەڕێگەی ڕاستو ورد دەدات، تاکو ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لای خەڵک بەدی بهێنێت، هەروەها بەوەش پێناسە دەکرێت، کە ئاڕاستەکانی کۆمەڵێک خەڵکە لەڕێگەی قسەکردنیان بۆ ئەوەی پێناسەی بەشتێک بکەن، یان قسەکردن لەگەڵیان لەبارەی بابەتێکی دیارکراو. گوتاری ڕۆژنامەنووسی بەگشتی پشت بەشێوازی بڕواپێهێنانو گفتوگۆ دەبەستێت، هەروەها دواندنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک، کە پێیەوە پەیوەستە. (مجد خضر، http://mawdoo3.com/).

گرنگترین پێکهاتەکانی پەیوەندیکردن لەڕاگەیاندندا خۆی لەزمانو پەیامی ڕاگەیاندن دەنوێنێت، کە لەڕێگەیەوە پەیوەندی بەتاکێکی دیکە، یان لایەنێکی دیکە دەکرێت. (عبدالعزیز شرف،

١٩٩١، ٧٩). ئەم گوتارەش لەلایەن پێکهێنەرەکانی دیکەی، کە (نێرەرو وەرگر)ە جێبەجێ دەکرێتو ئاراستەی تاکێک، یان گروپێکو لایەنێک دەکرێت.




پێوەری بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی، بنەماکانی ڕۆژنامە دیاری دەکات، بەهاکانیشی خۆی لەوە دەبینێتەوە بەهای هەواڵی هەبێتو پێویستە سیفەتەکانی هەواڵیشی تێدا هەبن، کە پەیوەستە بەوردبینیو ڕاستگۆییو بابەتی بوونەوە. (حسني نصر ود. سناء عبد الرحمن،٢٠٠٤، ٧٠). هەروەها چەند قۆناغێک بۆ بەدیهێنانی گوتارێکی سیاسی، یان ڕۆژنامەوانی پێویستە، کە پسپۆرانی ئەم بوارە لەم خاڵانەیان کورت کردۆتەوە:

**قۆناغی یەکەم**: دیارکردنی ئامانجی گوتارە سیاسییەکە، یان دیارکردنی بیرۆکە سەرەکییەکە، کە دەیەوێت بگەیەنرێتە خەڵک.


**قۆناغی دووەم**: گەڕان بەدوای بەڵگەکانی بڕواپێهێنان، بۆ ئەم بیرۆکەیە لەم قۆناغەدا پێویستی بەکۆکردنەوەی زانیاریو ژمارەی پێویست بۆ بەدیهێنانی پاڵپشتی فکرە سەرەکییە هەیە.

**قۆناغی سێیەم**: نووسینی یەکەمو سەرەتایە، ئینجا دەستکاریکردنی کۆتایی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەدوای یەکدا هاتنی کارتێکردنەکانە.

**قۆناغی چوارەم**: ڕاهێنانە لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی گوتارەکەو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاماژەو ڕەمزو واتاکان. (د. ایناس ضیاء مهدی، ٢٠١٢، ٩٠٣).

هەروەها (شیل) چەند خاڵێکی بۆ گوتاری سەرکەوتوو داناوە، ئەوانیش بریتین لە:

- ڕاگەیاندنی پەیامەکە.
- بڕواپێهێنان.
- بەدەستهێنانی متمانە.
- گواستنەوەی بۆچوونە ستراتیژییەکە بۆ جەماوەر. (شیل لین، ٢٠٠٩، ٣٣)




هەشە بەمجۆرە پێناسەی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کردووە: گوتاری ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی پشت بەبەڵگەو پاساوهێنانەوەی (حجج) پاڵپشتیکەر دەبەستێت، تاکو دەبێتە باشترین بڕواپێهێنەرو لای تاکەکان تێگەیشتن ئاسان دەکات، بەتایبەتی ئەو کاتەی ژمارەیەک بابەتەی پڕواوپڕ لەشیکردنەوەی وابەستە بەبابەتە سەرەکییەکە بەدی دەکرێت. پشت بەپەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ دەبەستێت، بەپێی ئەو دەوروبەرەی هەیەتی، سەرباری ئەو ڕێگایانەی بۆ پەیوەندیکردن بەکەسانی دیکە بەکاردەهێنرێن‌و ئەو کەرەستانەی پەیوەستن بەجێبەجێکردنی. (مجد خضر، http://mawdoo3.com/).

## ٢-١ تایبەتمەندییەکانی گوتاری ڕۆژنامەنووسی

کاری ڕۆژنامەنووسی ئەرکێکی هەرە سەرەکی ئەوەیە شێوازو ڕێگاو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت، لەپێناو کارتێکردن لەسەر خوێنەرکانی، گوتاریش یەکێکە لەو ڕێگایانەی بەکاردهێنرێت. گوتار زمانی ئاڵوگۆڕی قسەکردنو پەیوەندیکردنە لەگەڵ خەڵکی دیکە. (أبو إسماعيل أعبو، https://abouismail.page.tl/). واتا ڕۆژنامە ئەو زمانە بۆ بەدیهێنانی پەیوەندیکردن بەوەرگرەکانی بەکاردەهێنێت.

زمان واتا ڕاپەڕاندنی کارێکو کردەوەیەک، بۆیەشە ،کە باسی گوتار دەکرێت، زمان ئەرکێکی سەرەکیو بنەڕەتی هەیە لەڕاپەڕاندنی کردەوەیەکدا. زانایەکانی ئەم بوارە گوتیانە، کە (زمان پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لەپرۆسەی پەیوەندیکردنی ڕاگەیاندندا)، (صقر خوری، مجله ژماره ٤٩٦، ١٧٩).

هەندێکی دیکە پێیان وایە زانستی واتا، یان لێکۆڵینەوە لەواتا بنەمایەکی پتەوی هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە لەگوتاری ڕاگەیاندن، بەو پێیەی سود بەخەشە بۆ چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی پەیام بۆ جەماوەر بەئامرازی جودا، یارمەتی ڕاگەیاندکارانیش دەدات باشتر لەتواناکانی زمان بەگەن، هەروەها لەچۆنیەتی هەڵخەڵەتاندنو ڕیسواکردنو دڵنیایی لەبەدکارییەکانو خەڵک لەڕێگالادان بپارێزن. (عماد حسين احمد، https://pulpit.alwatanvoice.com). پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە ڕۆژنامەنووس نایەوێت تەنیا گوتارەکەی ئاراستەی توێژێکو چینێکی دیارکراو بکات، بەڵکو دەیەوێت قسەکانی ئاراستەی گشت بکات. (محمد نادر السيد، ٤٠). بەو واتایەی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی زمان لەڕۆژنامەدا بەهۆی گشتگیریی کارەکەو مەبەستی پەیامەکەو

ڕێژەو جوگرافیای بڵاوکردنەوەکە، گشتگیرەو کارتێکردنەکانی بەر فراوانترە لەهەندێک بواری دیکەدا.

ئەمەی سەرەوەش لەچەند بوارێکی سەرەکی پێکدێت وەکو: پشت بەستن بەزمانێکی سادەو ئاسان بۆ ئەوی خوێنەر، یان گوێگرەکانی لەبابەتەکە بگەن، بۆ ئەوەی زۆرترین کارتێکردن لەو ژینگەی لەدەوروبەری هەیە دروست بکات. بایەخ بەچەسپاندنی سەرچاوەی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکە دەدات. بەڵگە فەرمییەکان پشتڕاست دەکاتەوە، تاکو لەکاتی پێویست ڕۆژنامەنووسەکە بتوانێت بۆی بگەڕێتەوە. بایەخدان بەسروشتی گوتاری ڕۆژنامەنووسی، بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی نێوەڕۆکێکی ڕوون‌و جیاواز، هەروەها گونجاو لەگەڵ داڕشتنەوەی. پێداگری لەسەر بەکارهێنانی نمونەو هەڵوێستەکان بۆ ئەوەی دەقی گوتارەکە پشتڕاست بکرێتەوە. بایەخدان بە بەستنەوەی ئەنجامەکانی نێوەڕۆکی گوتارە ڕۆژنامەنووسییەکە، بەو شێوازەی، کە ڕادەپەڕێنرێت. (مجد خضر، http://mawdoo3.com).

ئێمە پشت بەسەرەتای گوتن لەشیکردنەوەی گوتار دەبەستین‌و (لەگوتنیشدا هیچ شتێک لەخۆیەوە پەیدا نابێت). (د.ابراهیم السامرائی، ١٩٩٤، ١٣٨). واتا گوتن لەئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری وابەستە بەدۆخی قسەکەرو دەوروبەری وەرگرەکانی کردەیەک بەرهەم دەهێنرێت، ئینجا گەشەدەکات، یان دووچاری گەندەڵی زمانەوانی‌و تێکچوون‌و لەڕێدەرچوون دەبێت.

لەبیری نەکەین لەگوتاردا نێرەرو وەرگر دەبنە پێکهێنەری سەرەکی، کە بەپێی توێژینەوەکان لەکردە قسەدا نێرەرو وەرگر هاوبەش‌و یەکسانن لەپێکهێنانی گوتار، لەگوتاری ڕۆژنامەوانیشدا هەمان شت بەرجەستەیە. بۆیە زۆر گرنگە لەم پێناسەیەدا ڕۆڵ‌و

ئەرکو شێوازەکانی کارکردنی هەردوو ئەم دوو پێکهێنەرە لەئاراستەکردنو وەرگرتنو شیکردنەوەی پەیامەکان (بابەتەکان/ ڕووداوەکان/ گوتارە هەواڵەکان) دیاربکرێت. وەکو هەندێک لەشارەزایان ئاماژەیان پێکردووە، کردارە هاوبەشەکە لەنێوان نێرەرو ئەوانی دیکەدا بەڕێوە دەچێت، چونکە ئەمانە هاوبەشن لەکردەی گوتاردا، ئامرازی لەیەکتر گەیشتن لەنێوان نێرەرو وەرگر هەڵسەنگاندنی شتێکی هاوبەشە، زمان بەپێی ئەو ڕێژەیەی چانسی بەشداری لەم کارە هاوبەشە هەیە، کارەکە پتر گشتگیرو بابەتی دەر دەخات. (محمد نادر السید، ، ٢٠٠٧، ١٧-١٨).

### ٣-١ ئامانجی گوتاری ڕۆژنامەنووسی

- لێکۆڵینەوە لەڕێگەی ئاشکراکردنی ژمارەیەک ڕووداو، هەروەها هەواڵی نوێ، کە پێشتر نەزانراو بوون.
- ئامرازێکە لەئامرازەکانی پاڵپشتی ڕای گشتی، لەچوارچێوەی ئاراستەکردنی بیروڕای خەڵکو کارتێکردن لەسەریان.
- بەشداری دەکات لەبەیەکەوەبەستنی خوێنەران لەڕێگەی واقیعی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا دەژین.
- سود وەرگرتن لەتەواوی ئەو دۆخە سروشتییەی گوتارە ڕۆژنامەنووسییەکەی تێدایە، لەپێناو پێ ناساندنی بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا. (مجد خضر، http://mawdoo3.com).

ئەم ئامانجانە لەڕێگەی ڕاپەڕاندنی کردەیەک، کە ئەویش گوتارە هەواڵە دێتەدی، واتا ئامانجەکان نابنە کارێکی بەدیهێنراو، ئەگەر زمانێکی ڕۆژنامەنووسی گشتگیرو بابەتی بەکارنەهێنرێت، یان زمانەکە لەئاست پەیامو مەبەستەکانی گوتارەکە بەکارنەهێرنێت. بۆیەشە دەکرێت زمان بکرێتە سێ ئاست بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، وەکو:

**یەکەم**/ ئاستی لەزەتی هونەری، لەبواری هونەر و ئەدەب بەکاردێت.
**دووەم**/ ئاستی زانستی لەبواری زانستی بەکاردێت.
**سێیەم**/ ئاستی زانستی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەیان گونجاوە بۆ بەکارهێنانی لەبواری ڕۆژنامەنووسیو ڕاگەیاندن. (عبدالعزیز اشرف،١٩٨١، ٦٣).

## ٤-١ جۆرەکانی گوتاری ڕۆژنامەنووسی

پێش ئەوەی باسی جۆرەکانی گوتار لەڕۆژنامەنووسیدا بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە زمانی ڕاگەیاندن، یان ڕۆژنامە بوارێکی گرنگی زمانو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە، بواری گەشەکردنو کێشەکانی بەردەم پێشکەوتنیش بەشێوەیەکی گشتی دەگرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە، کە (زمانی ڕاگەیاندن، زمانی هەموو شتێکە، هەروەها کەرەستەکانی دەربڕینو هونەری، پێویستە وەڵامدەرەوەی پێویستییە هەمەجۆرەکان بێت، سەرباری ئەوانەش تایبەتمەندیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بێت). (نورالدین بلیبل، ٢٠٠١، ٦٠).

کاری ڕۆژنامەنووسی گەلێک بوار دەگرێتەوە، کە هەندێکیان بریتین لە:

### ١-٤-١ دیداری ڕۆژنامەنووسی:

بایەخ بەتاکە کەسێک دەدات، بۆ ناساندنی کارەکانی ئەو کەسەو ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیهێناوە لەکاتێکی دیارکراودا، سەرباری ناساندنی کەسەکەو دەرخستنی هەندێک تایبەتمەندی ژیان ئاسا بۆ وەرگرەکانی. بەپێی ئەو توێژینەوانەی کراون، دیداری ڕۆژنامەنووسی ڕێژەیەکی بەرزی لەسەرکەوتن لەنێو

خەڵک بەدەستهێناوە، بەتایبەتی ئەوانەی هەواڵی نوێیان تێدایەو لێدوانەکانیان تایبەتە بەدەزگایەکی دیارکراو. (مجد خضر، مفهوم الخطاب الصحفي، http://mawdoo3.com).

**١-٤-٢ وتاری ڕۆژنامەنووسی:**

لەوتاردا پێویستە ئاماژە بەلایەنێکی گرینگ بکەین، کە توانای ڕۆژنامەنووسە لەبەکارهێنانی زمانو واتا لەشوێنی گونجاودا، بەتایبەتی بەکارهێنانی وشەو زاراوەو واتاکان لەنێو وتارەکەدا لەدەوروبەرێکی دیارکراودا، کاریگەریی‌و کارتێکردن لەنێوان نێرەرو وەرگر پتر دروست دەکات، چونکە واتای هەندێک وشەو دەربڕین لەسەر خودی وشەکان نەوەستاوە، بەلکو پەیوەستە بەدەوروبەرەکانیانەوە، سەرجەم وشەکان لەیەک واتا پتریان هەیە، شتەکان خۆیان ڕەنگە بەشێوەی جیاواز بەدی بهێنرێن، یان ڕەنگە ژمارەیەک ناو لەخۆ بگرن، بۆیە لەبنەڕەتدا سەختی لەتێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان نێرەرو وەرگر پەیوەستە بەو وشانەی، کە واتای هەمەجۆریان هەیە، خاوەنی دوو واتا، یان زیاترن. (عطاءالله الرحمن، ٢٠٠٥، ٩٣-٩٦). بۆ نموونە وشەی (وقف) لەفەرهەنگی عەرەبیدا ژمارەیەک واتای جیاواز دەبەخشێت، کە هەریەکەیان پەیوەستە بەدەوروبەرێکی دیارکراو، وەکو: واتای (وەستاوە، بێکارە، شوێنەکی بۆ شەڕگرتووە، بێ جوڵەیە، دەژیت، هەیە... تد). (هەمان سەرچاوە، ٩٤).

ئەمە یەکێکە لەو جۆر گوتارانەیە بەشێوەیەکی فراوان کاری پێ دەکرێت، بایەخ بەگواستنەوەو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی هەواڵ دەدات، لەڕێگەی دارشتنەکانی بەشێوەیەک، کە خەڵک تێی دەگاتو هەروەها ڕوونە و ئاڵۆزیی تێدا نییە . بەشێوەیەکی سروشتی وتارە هەواڵ بایەخ بەلێکۆڵینەوە لەژمارەیەک ڕووداو

دەدات، بایەخ بەڕای گشتی ناوەخۆییو نێودەوڵەتی دەدات، لەنێوەڕۆکدا وتارە هەواڵ بایەخ بەزانیارییو درێژەی زانیارییەکان لەبارەی هەواڵەکە دەدات، ئەگەر بەشێوەیەکی بەرفراوان لەنێو خەڵک بڵاوبوویەوە. (مجد خضر، مفهوم الخطاب الصحفي، http:// mawdoo3.com).

لایەنێکی دیکەی ئەم بەشە لێکۆڵینەوەو ڕیپۆرتاژە، دیارە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە باسی بەشەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیو پێکهاتەکانی بکەین، تەنیا ئەوە نەبێت پێویستە بزانین، کە خوێنەری ئێستا خوێنەرێکی نەزان نییە، لەکاتێکدا ئێمە لەسەردەمی شۆڕشی زانیاریی دەژینو ڕکابەرییەکی گەورە لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ پێشکەشکردنی زانیاری هەیە. (د. نبيل الحداد، ۲۰۰۲، ۲۰٤). بۆیە دەبێت ڕۆژنامەنووسی وریا بینو پێویستیشە بابەتەکان بەزمانێکی ڕوون بنووسرێت، چونکە زمانی لێکۆڵینەوەش هەر زمانی ڕۆژنامەیە. (هەمان سەرچاوە، ۲۰۵).

بەڵام پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە وەرگر ببێتە خاوەنی تواناو لێهاتوویەکی باشو زانیاری ئەوتۆ، تاکو لەوەرگرێکی سلبی بگۆڕدرێت بۆ وەرگرێکی چالاکی خاوەن توانا لەتێگەیشتنو شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی نێوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکان، کە ئاراستەی ئەو کراوە. (د. اشرف فالح الزعبی ،۲۰۱۵، ۲۳).


### ۵-۱ تیۆری کردە قسەیی

کاتێک بمانەوێت باسی کردە قسەیی بکەین، پێویستە باسی پراگماتیک لەزمانەوانی بکەین، گەلێک وای دادەنێن، کە پراگماتیک وەکو کاردانەوەیەک بۆ ڕۆنانکارەکان هاتۆتە ئاراوە، کار لەسەر بەستنەوەی زمانو بەکارهێنانی زمانەکە بەدەوروبەر دەکات.


واتا زمان کردەیەکی زمانی دابڕاو لەدەوروبەر نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەمبارەوە هەیە.

**هەندێک لەم پێناسانەی لەم بوارە کراون:**

پراگماتیک لایەنێکە لەلایەنەکانی زمان بایەخ بەڕەوشی بەکارهێنانی دەدات (باری دەروونی قسەکەران، کاردانەوەی گوێگران، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گوتار، بابەتی گوتار... تاد)، کەچی لەبەرانبەردا لایەنی ڕۆنانکاری بایەخ بە(پێکهاتەکانی شێوەی ڕۆنانی زمان) دەداتو واتاش (پەیوەندی نێوان یەکەکانی زمانەوانیو جیهان) دەگرێتەوە. (ئۆستن) لەڕێگەی دۆزینەوەی تیۆری کردە قسەییەکانو کارکردنی لەم بوارەی فراوانتر کرد، تاکو گەیشتە ئەوەی ساخکردنەوەو گوتنو گوتارو هەتا ڕێساکانی ڕاستگۆییو شیکردنەوەی گفتوگۆداریش بگرێتەوە. (فرانسواز أرمینکو، ١٩٨٦، ٨). گرنگە لێرەدا ئاماژەش بەوە بدەین، کە پەیوەندیکردن کاریگەریی تەواوی لەسەر ڕۆژنامەنووسی هەیە، یان ڕوونتر بڵێین کاریگەریی لەسەر ڕۆژنامە/ نێرەر، هەروەها خوێنەر/ وەرگر هەیە، کە ئەمانەش لەڕاستیدا کێشەیەکی بەرچاوی ئێستانو لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگوتاری ڕۆژنامەدا، لەڕوانگەی کردە قسەییدا دەبێت بایەخێکی جدیان پێ بدرێت. سیاسەتی ڕاگەیاندن بریتییە لەژمارەیەک بنەماو ڕێسا، بۆ ئەوەی ڕێنوێنی سیستەمی ڕاگەیاندن لەبواری ڕەوشتییەوە بکات. (تقریر یونسکو، ٧ سیدمبر ١٩٧٢). مەبەست لەبواری ڕەوشتی/ سلوکی ڕاگەیاندن ئەو دەوروبەرە دەگرێتەوە، کە واقیع سەپاندوویەتی، چونکە پێوەری ڕاستگۆییو درۆ، یان بنەماکانی دیکەی کردە قسەیی، پەیوەندییان بەبنەماو ڕێساکانی سیستەمی ڕاگەیاندنەوە هەیە، کە لەدەوروبەری نێرەر، یان وەرگرەوە بەرجەستە دەبێت.




(ڤان دایک) دەڵێت: تیۆری پراگماتیک بوونی خۆی لەلۆژیک دەبینێتەوە، لەبنەڕەتدا خۆی لەفەلسەفەی زماندا دۆزیوەتەوە، بەتایبەتیش تیۆری کردە قسەیی، پراگماتیک لێکۆڵینەوە لەڕەمزەکانو واتاکانیانو بەکارهێنەرەکانیان دەکات. (ڤان دایک، ٢٠٠٠، ٢٢٥). (شارل مۆریس) لەبارەی پراگماتیک: پراگماتیک بەشێکە لەسیمیۆلۆجیای چارەسەری پەیوەندی نێوان نیشانەکانو بەکارهێنەرانی ئەو نیشانانەش دەکات. (فرانسواز أرمینکو، ١٩٨٦ ،٨)، یان دیارکردنی دەوروبەرەکە دەگرێتەوە، کە بەرهەمهێنانی گوتنی تێدا ڕوودەدات، ئەم دەوروبەرەش قسەکەرو نێرەرو گوێگرو وەرگرو هەلومەرجی ڕاگەیاندنو گەیاندنەکە دەگرێتەوە.




لای فەیلەسوفەکانی ئێسکفۆردیش بەمجۆرەیە باسی پراگماتیک کراوە: لێکۆڵینەوەی کردە قسەیە، ئەمە چەمکێکی بەربڵاوو بەکارهێنراوە لەلایەن زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەم دوایانە دەرچوون.

(ماری دیکەرو فرانسوا ریکانات)یش بەمجۆرە پێناسەی پراگماتیکیان کردووە: پراگماتیک بەکارهێنانی زمانە لەگوتاردا، توناکانی لەگوتاردا دەردەخات. بایەخ بەهەندێک کێشەی زمانەوانی دەدات، کە واتاکانیان بەدیار ناکەوێت، تەنیا لەکاتی بەکارهێنانیدا نەبێت. (Librairie Larousse) P375, 1994.

(مۆشلەر) دەڵێت: پراگماتیک بایەخ بەزمان لەباری بەکارهێنانی دەدات، یاخود بەکارهێنانی زمانیی. (ئیوار فیشەریش) دەڵێت: پراگماتیک لەچوارچێوەی مەعریفیدا بایەخ بەژمارەیەک شتی هاوشێوە دەدات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی زمانەوانی، لەم بوارەشدا بایەخ بەڕۆڵی کار بۆ ئاراستەکردنی ئاڵوگۆڕی قسەکردن دەدات، بۆ نموونە:

١. قسەکەران (قسەکەرو گوێگر).

٢. دەوروبەر (دۆخو پێکهاتە).

٣. بەکارهێنانی ئاسایی زمان، یان بەکارهێنانی زمانە بەشێوەیەکی ڕەشۆکی. (R.Eluérd, 1985, P 79).

با شتێکی دیکە لێرە باس بکەین، کە پەیوەندی بەهونەری ڕۆژنامەنووسی و ئینجا شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژنامەوانی هەیە، ئەویش (شێوازە/ الاسلوب) بەهەموو ئاراستەو پێکهاتەکانییەوە. (شێوازگەریی بریتییە لەلێکۆڵینەوە لەدەربڕینی زمانەوانی. هەشە وای دادەنێت، کە وشەی شێواز پێناسە بنەڕەتییەکەی بریتییە لەڕێگای دەربڕینی فکرێک بەپاڵپشتی زمان). (بییرجیرو،١٩٩٤، ١٠).

سەبارەت بەئەرکی پراگماتیک (ئۆرکیونی) دابەشی سەر سێ پێکهاتەی کردووە: نێرەر (گوتاردەر)، وەرگر (قسە ئاراستەکراو)، (هەلومەرجی پێڕاگەیاندنەکە) بەکارهێنانی زمان، کە ڕاپەراندنی کردە قسەییە، لەدوو ئاستی ڕۆژنامەو خوێنەرەوە لەبار نییە، یان لەدۆخێکی سازدراوی گونجاو نییە، ئەمەش پەیوەستە بەدۆخی زمانی ڕاگەیاندنەوە. (د. عبدالرحمن بن عثمان التويجري، ٤٥). ئەگەر ئەم سێ پێکهاتەیە لەسەر هەر دۆخێکدا جێبەجێ بکرێت، هەر سێ پێکهاتەکە بەڕوونیو گونجاوی بەدیار دەکەون. بۆیەشە باسی پراگماتیک لەلێکۆڵینەوەی گوتاری هەواڵ دەکەین، چونکە هەلومەرج (دەوروبەر)ی کۆمەڵایەتی ڕووداوەکەو ئەو کارەکتەرانەی بەشداری لەپێکهێنانی هەواڵەکەو شێوازی داڕشتنو بڵاوکردنەوە بایەخی هەواڵەکە دەردەخەن، هەر یەکەیان دەوروبەرێکی دیارکراوی خۆی هەیە، پێکهاتەی جیاوازی دەروونیو کۆمەڵایەتیو مەعریفی خۆیان هەیە. بۆیە

پراگماتیک چارەسەری ئەو کێشەیەمان بۆ دەکات، کە هەر کردەو کردارێک ناکرێت بەدابڕاوی لەدەوروبەرەکەی شیکردنەوەی بۆ بکرێت، چونکە هەتا وشەو ڕستەو واتاکانیش، کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی زمانەوە، لەدۆخێک بۆ دۆخێک گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، یان واتاو بەکارهێنانیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

ئەمەش وایکردووە، شیکردنەوەی هەواڵ، ڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بەدۆخی هەواڵەکەو ئەو بابەتانەی لەڕووداوەکە بەشدارن، واتا گوتار، کە بریتییە لەبەکارهێنانی زمان، زمانیش پەیوەستە بەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی، هەر بەتەنیا کاریگەریی لەسەر نێرەر/ قسەکەری گوتارەکە نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر وەرگرەکەش دروست دەکات، تەنیا دۆخی وەرگر کاریگەری لەسەر چۆنیەتی وەرگرتن‌و لێکدانەوەو بەرهێنانەوەی (بابەتو مەبەستی) گوتارەکەش هەیە.

## ٦-١ پراگماتیک چ دەگرێتەوە

پراگماتیک وەکو بەشێک لەئاستەکانی زمان دوای واتا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، پشت بەچەند تیۆرێک دەبەستێت، یەکێک لەوانە کردە قسەییەکانە. لەڕێگەی بەستنەوەی کارەکە بەدەوروبەر شیکردنەوە بۆ هەر دۆخێکی زمان دەکات، کە بەکاردەهێنرێت. دەکرێت پراگماتیک لەسێ بوارەوە. (عمر بلخیر، نوارة بوعیاد،ouargla.dz/index.php). کاری لەبارەوە بکرێت:

- تیۆری گوتن/ ئاخافتن.
- تیۆری کردە قسەیی.
- گوتارو یاساکانی.

## ٧-١ کردە قسەیی بەبۆچوونی (ئۆستن)

(ئۆرکیونی) لەبارەی ئەم ناونیشانە، یان بابەتێکی لەمجۆرە دەڵێت: بێگومان قسەکردن ئاڵوگۆڕی زانیارییە، بەڵام بۆ بەدیهێنانی کردەیەک ڕێوشوێن هەیە، بەپێی ژمارەیەک ڕێسا، ئەرکیەتی بارودۆخی وەرگر بگۆڕێتو گۆڕان بەسەر سیستەمەکانی دابونەریت، یان دۆخی ڕەوشتیی بهێنێت، ئەو کاتە شتێک بەدی دەهێنێت، کە پەیوەستە بەتێگەیشتنی قسەیەکی دیارکراو، واتە پێناسینی نێوەڕۆکی هەواڵو ئاراستەکراوە پراگماتیکییەکە، یان بەهاو هێزی قسەکردنەکەی. (هەمان سەرچاوە).

پراگماتیک لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا لەکاتی شیکردنەوەی گوتاری هەواڵ چۆن ئەنجام دەدرێت، یان شیکردنەوەی گوتار چۆن بەرێوەدەچێت، ئەمەیان دوو بابەتی لێکجیان، پەیوەستە بەو ڕەوشتەی بابەتەکان چۆن دیار دەکرێت، لەکاتێکدا ئاشکرایە، کە هەواڵو پەیوەندیکردن هەندێک پێوەریان هەیە، دەبێت بەشێوەیەکی کردەکی بەکاربهێنرێن، کە (پێوەرەکان مادیو فکرییە، ڕووداو دەگۆڕێت بۆ هەواڵی ڕۆژنامەنووسی، سیفەتێکی تێکەڵاوە پەیوەستە بەتێکەڵبوون لەنێوان ڕووداو و جەماوەر، ئەمەش نێوەڕۆکی ڕووداوەکەو چۆنیەتی بەکارهێنانی لەڕووی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەکات، دوای ئەم پرۆسەیە، یان ئەم گواستنەوەیە بابەتی خوێندنەوەو تێگەیشتنو مەعریفە ڕوودەدات). (رويدة ملياني، ٢٠٠٢، ١٨–١٩). ژمارەیەک بۆچوون هەن لەنێوەڕۆکدا چەسپاندنو ساخکردنەوەیە، بەپێی قسەی فەیلەسوفەکانی ئەم بوارە دەچێتە خانەی (ڕاستیو هەڵە)، بەڵام نێوەڕۆکەکەی پێچەوانەی ئەوە ساخ دەکاتەوە. ئەو شتانەی لەبۆنە ئاینیو کۆمەڵایەتییەکان، یان لەهەڵسەنگاندنی

خووڕەوشتدا بەکاردەهێنرێن. (ئۆستن) پێی وایە ژمارەیەکی زۆر لەوشەو دەربڕینی زمانی هەن، تەنیا بۆ وەسفکردنی واقیع بەکاردەهێنرێن، شیکردنەوەی ئەم گوزارشتانە لەڕێڕەوی ئاسایی خۆیان لایانداوە، هەروەها کاریگەری شێوەی نواندنو وەهمی وەسفکردنیشە. (عمر بلخير، نوارة بوعياد، http//revues.39-univ-ouargla.dz/index.php41).

ئەو دەربڕینە کردەییە بەتەنیا گۆکردنەکەی بەدیهێناوە، کاتێک دەڵێین: (پیرۆزباییت لێدەکەین)، لەدۆخێک داین ڕاستییەکەی ئەوەیە خەریکە شتەکە ڕوودەدات. لەهەستو نەستمدا سەرسوڕمانو خۆشی دەربارەی ئەو کارە سەرکەوتنی بەدیهێناوە دێتە دی، کاتێک بەکەسێک دەڵێین: (سەرسام بووین بەو کارەی کردووتە)، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پیرۆزبایمان لێکردووە.

**١-٨ (ئۆستن) جیاوازی لەنێوان دووجۆر قسەکردن کردووە**

جۆری یەکەم/ ئەو قسانەن، کە دۆخێکی دیارکراوی شتێک، یان کەسێک وەسف دەکات، بەمانە دەگوترێت ڕاپۆرتە قسە. Constative locutions «الاقوال التقريرية». عەرەب بەمجۆرەیان گوتووە شێوازە هەواڵ «الاساليب الخبرية». قسەکردن ڕەنگە ڕاست بێت، یان هەڵە، بۆیەشە شتێکی هەڵە نییە، ئەگەر بەقسەکەرەکە بگوترێت ڕاستگۆی، یان درۆزنی، کە هەواڵە قسەیەکی کردبێت، مەبەست لەڕاستگۆ ئەوەیە، کە لەگەڵ قسەیەکی واقیعی دێتەوەو درۆش ئەوەیە ڕێژەیەکی قسەکە لەگەڵ واقیع نایێتەوە. (عبد السلام هارون ،١٩٨١، ١٣).

جۆری دووەم/ ئەو قسانەن، کە نەوەسف دەکەنو نەهەواڵیان تێدایەو نەنواندنی تێدا بەرجەستەیەو ناچێتە ژێر باری هیچ

پێوانەیەکیش، تەنیا جیاکەرەوەیەک، کە دەبێتە نیشانەی ناسینەوەی، ئەوەیە گوتنەکە یەکسانە بە بەدیهێنانی کارێک لەواقیعدا، (ئۆستن) ئەمەی ناو لێناوە کردەی ڕاپەڕاندن، بۆ نموونە دەڵێت:

١. کرانەوەی دانیشتنەکە ڕاگەیەنرا.

٢. لەچوونە سەر شاخ ڕکابەریت دەکەم.

٣. فەرمانت پێدەکەم دەرگاکە بکەیتەوە.

لەنێو ئەم قسانەدا دەبێت ژمارەیەک مەرج هەبن کاتێک دادوەر دەڵێت «دانیشتنەکە دەستی پێکرد» مانای وایە کردەی کردنەوە بەرهەم دەهێنرێت، کە دادوەر تاکە کەسە مافی پێدرابێت کردنەوەی دانیشتنەکە ڕابگەیەنێت.

نمونەی دووەم/ کردەی ڕووبەڕوبوونەوەو جۆرێک لەبەرەنگاربوونەوەی یەکتری تێدا نشان دەدرێت، کە ڕووبەرووبوونەوەش مەرجی خۆی هەیە، گرنگترینیان ئەو توانایەیە، کە پێی هەڵدەستێت.

نموونەی سێەم/ فەرمان نیشان دەدات، بۆ بەدیهێنانی فەرمان پێویستە فەرماندەرو فەرمانپێکراو هەبێتو بەپێی ڕێوشوێنی یاسایی ڕێگەی پێدرابێت فەرمانەکە بەدی بهێنێت.

لەبیری نەکەین تاکە ڕێسایەک، کە کردە قسەیی پێ جیابکرێتەوە لەتیۆرەکانی دیکە، یان لایەنێکی سەرەکی ئەم تیۆرە بێت، ڕاپەڕاندنی کارێکە لەڕێگەی قسەکردنەوە، واتە بەدیهێنانی کردەیەکە لەڕێگەی گوتنەکەیەوە، ئەمەش تاکە هەقیقەتی کردە قسەیە، کە بریتییە لەبەدیهێنان. (عمر بلخیر، نوارة بوعیاد،// .(revues.univ-ouargla.dz/index

کردە قسەیی زۆر لەبواری فەلسەفەو یاسا نزیکەو زانایانی ئەم بوارە پشتی پێدەبەستن، چونکە لەتەک هەر دەربڕینێک،

هەواڵێک، یان زیاتر دەگەیەنێت، هەشیانە بەدیهێنان‌و ڕاپەڕاندنی کردەیەکەی بەکردەوە لەخۆگرتووە. بۆیەشە ئاساییە زمانەوانە کلاسیکییەکان درکیان بەجیاوازی‌و هەروەها بایەخی ئەم جۆرە شیکردنەوە نەکردبێت، چونکە کاتێک مرۆڤ دەڵێت:

دەڕۆم

ڕازیم

جیاوازی لەنێوان ئەم  دوو گوتن‌و دەربڕینە هەیە، ئەوەی دوەمیان ڕاپەڕاندنی کارێک‌و کردەیەک‌و بەدیهێنانی کردارێک نیشان دەدات، کە ئەویش ڕازیی بوونەکە دەگرێتەوە، ڕەنگە ڕازی بوونەکەی پەیوەندیی بەتەڵاق، یان مارەکردنەوە، یان کڕین‌و فرۆشتنەوە هەبێت، بەڵام ئەوەی یەکەمیان هەواڵ دەگرێتەوە، پێمان دەڵێت بەنیازە بڕوات، یان ئێستا لەدۆخی ڕۆیشتن دایە. واتا لەگوتنی دووەمدا قسەیەکی ڕاپەڕان بەرجەستە دەبێت، لەڕێگەی گوتنەوە، یان قسەکردنەکەدا کردەیەک بەدەی دەهێنێت، کە ڕازیبوونە بۆ نموونە بەژنهێنانەکە، یان تەڵاق دانەکەی، یان بەکڕینی خانووێک، یان فرۆشتنی کەلوپەلێک.

(ئۆستن) دووجۆرە کردە قسەی ڕاپەڕاندنی ئاماژە پێکردووە، ئەوانیش کردەی (ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیە). لەدۆخی یەکەمدا (ڕاستەوخۆ) دەبێت بزانین، کە کردەی هێما دەبێت لەکاتی ئێستا بێت‌و ڕاناوی لکاوی تاک بەکاربهێنرێت، بەڵام کردە قسەی (ناڕاستەوخۆ) بەوە دەناسرێتەوە، کە مەبەست‌و بەکارهێنانەکانی ناڕاستەوخۆو ناڕوونە. بەدیهێنانی ئەم کردارانە پەیوەستە بەهۆکارە دیارکراوەکانی (دەوروبەری زمان، دۆخ، یان هەلومەرجی پێڕاگەیاندنەکە)، لەوانە (فەرمانت پێدەکەم دەرگاکە داخە، یان دەرگاکە داخە)، ( هوشداریت دەدەمێ، کە ڕێگاکە

خراپە، ئەو مەترسیی ڕێگەکەی پێ ڕاگەیاند). شێوەی زمانی هێماکە، لەشێوەی فەرمان دایە.

### ١-٩ (ئۆستن) سێ جۆرە کاری لەمبارەوە دەسنیشان کردووە

- کردەی گوتن Locutionary Act: چالاکی زمانی لەباری ڕێزماندا دەگرێتەوە، بەرهەمهێنانی قسەیە، کە ملکەچی ڕێساکانی زمانە.
- کردەی هێزی بەدیهێنان Illocutionary Act: کارکردن دەگرێتەوە، یاخود کارێک لەڕێگەی قسەکردنەوە بەدی دێت، هێزی کردە force بەسەر وەرگرەکاندا هەڵدەسوڕێنێت. کاتێک قسەکەر گوتنێک گۆ دەکات، ئەوەیە، کە مەبەستی ئەوەیە واتاکە بەدی دەهێنێت Speakrs inention، یان کارتێکردنی مەبەستدارە intended effect. (ئۆستن) ئەمەی بەهێزی کردە قسەیی ناوبرد. بۆیەشە بۆ بەدیهێنانی واتای ڕاپەراندن مەرجی دەقی زمانیو دەوروبەرو بوونی کەسەکانی داناوە. کاتێک یەکێک دەڵێت I will come to see you tomorrow بەیانی دێم بۆ بینینت، ئەمە واتای ڕاپەڕاندنی (گفتدان) دەگەیەنێت، لێرەدا قسەکەر توانای ئەوەی تێدایە گفتەکەی ڕاپەڕێنێت، هەروەها متمانەشی بەوە هەیە، کە گوێگر ئامادەیە بۆ بینینی قسەکەر، بۆیەشە خواستی گوێگر بۆ بینینی قسەکەر واتای ڕاپەڕاندنەکە دەسەڵمێنێت، کارەکە لەگفتدان بۆ گفتپێدراو دەجوڵێنێت.
- کردەی کارتێکردن لەگوتن Perlocutionary Act: قسەکردنێکە لەباری ڕێزمانییەوە ڕێکوپێکە، مەبەستی دیارکراوی لەدەوروبەری دیارکراو، کاری گەیاندنی پەیامە، کە کاریگەری لەسەر گوێگرو وەرگر دروست دەکاتو توانای هەیە کارتێکردنی لاوەکی بەسەر کردەی ڕاپەڕاندن دروست بکات، ئێمە لەم بارەدا لەگفتدان نین، بەلکو لەدۆخی ئامادەکاریو

چاوەڕوانی داین هەندێک قسەکردن هەیە، سەردەم کاتی ڕوودانی قسەکردنەکە دەبەزێنێتو تێدەپەڕێت، بۆ نموونە: ئەگەر فێری نەبیت، دەتگوازمەوە. (عمر بلخير، نوارة بوعياد،// revues.univ-ouargla.dz).

کاری ڕۆژنامەنەوانی واتای کارتێکردنو ورژاندنو جوڵاندنی وەرگرەکانو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەو گوتارە ڕۆژنامەنووسیە دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت لەشیکردنەوەدا تایبەتمەندیی کارتێکردن ڕەچاوبکرێت، بڕواپێهێنان/ الاقناع پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنە، پەیوەندی بەزاراوەی گوتارو ڕەوانبێژیو ئینجا کردی پەیوەندیکردن/ الاتصال –ەوە هەیە. ئەم زاراونە بۆ ئاماژەکردن بەهونەری بەکارهێنانی زمان بۆ کارتێکردن لەسەر فکرو ڕەوشتی کەسانی دیکە بەکاردەهێنرێن، هەروەها دەبێت ئەوە بزانین خەریکە (شێوازی بڕواپێهێنان لەهونەرەوە دەبێتە زانست، بەمەش کاریگەرییەکانی بۆ کارکردنە سەر ڕەوشت لەزیادبوونە). (ذهبية سيدهم،٢٠٠٥، ١٢٠).

بەکردەوە دەردەکەوێت کردە قسەیی ئەنجامی ڕاپەڕاندنی کارێکە، کەپەیوەندی تەواوی بەقسەو گوتنو ئاخاوتنەوە هەیە. کردەی ڕاپەڕاندن هەڕەشەو ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوە دەگەیەنێت، یان هەر کارێک، کە لەم بوارە ڕۆڵ ببینێت، کاری کارتێکردن (تاثیر)، ترسو دوژمانەیەتیو پێداگرییو هەتا فێرکردنیش ... تد لەچوارچێوەی کردەی ڕاپەڕاندندا دێن.

(مەبەست) یەکێکە لەبنەماکانی کردە قسەییو لەبواری پراگماتیکیدا شیکردنەوەی لەچوارچێوەی دەقدا بۆ دەکرێت، کاریگەریی مەبەستی قسە، لەچوارچێوەی دەوروبەرو دەقدا (نووسراو، یان گوتار) باشترو بەڕوونی بەرجەستە دەبێت. بۆ

نموونە، کە دەڵێین: (باشە باشە، بابێتن). ڕەنگە مەبەستی ئەم دەربڕینە (هەڕەشە، یان دڵنیایی کردنەوە، یان پشتگوێ خستن، یان ... تد) بگرێتەوە، کاتێک دۆخی گوتنەکەو باری دەروونیو دۆخی (نێرەرو وەرگرەکان) شی دەکەینەوە، باشترو ڕوونتر لەمەبەستی دەربڕینەکەوە دەگەین. ئەرکی پراگماتیکی لەبەکارهێنانی تیۆری کردە قسەیی بۆ شیکردنەوەی زمان لەدەقێکدا (نووسراو، یان گوتراو) بێت، ئاسانکارییو هەروەها تێگەیشتنی گونجاوی لەبار بۆ لێکۆڵینەوەکە دەسازێنێت.

(ئۆستن) لەتێڕوانینێکی دیکەدا پێی وایە دەبێت کردەی ڕاپەڕاندن لەدەرەوەی لۆژیکی (ڕاستگۆییو درۆ هەژمار بکرێت، چونکە ئەمە پێوانە نییە، بەلکو گونجانو نەگونجانە مەسەلەکە دیار دەکات. (جون لانگیشو اوستن، ، ٢٠٠٨،  ٢٣-٧١).

(ئۆستن) مەبەستی وەکو مەرجێکی بەدیهاتنی کاری ڕاپەڕاندن داناوە: مەبەست لەمە ئەوەیە کاری ڕاپەڕاندن، لەکەسێکەوە بەدی دەهێنرێت، بڕیاری خودی خۆشی ڕەت دەکاتەوە، واتاکانی ئەوە دەگەیەنێت، کە کارێکە بەدی نەهاتووە، ئەگەر کەسێک گوتی (خوای لێخۆشبێت)، ئەو کەسە هەست بەهیچ دۆخێکی نیگەرانیو پەشیمانبوونەوە بەرانبەر ئەو کەسە نیشان نادات، ئێمە ناڵێین کاری سەرەخۆشی بەدیهاتووە، چونکە قسەکەر لەپشت قسەکانییەوە مەبەستی دیکە لەشێوازی سەرەخۆشیەکە دەردەبڕێت. (عمر بلخير، نوارة بوعياد، ، revues.univ-ouargla.//dz).

واتا مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە، کە گەلێک مانشێتو ناونیشانی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی دەبینین، کاتێک باسی گەندەڵی وڵاتێکی دیکە دەکات، ڕەنگە ڕێک مەبەستی ئەو وڵاتە نەبێت، بەلکو

مەبەستی شوێنێکی دیکەو دۆخێکی دیکە بێت، یان لەبنەڕەتدا مەبەستی کارەکەی بەدی نەهێناوە، لەباسکردنی گەندەڵییەکە، بەلکو لەپشتی قسەکەیەوە، مەبەستیەتی شتێکی دیکە ئاشکرا بکات، یان بڵێت.

### ١٠-١ پۆلێنکردنەکەی (ئۆستن)

(ئۆستن) کردە قسەیی لەڕووی واتا بۆ چەند ئەرکێک دابەش کردووە، چونکە ئەم ئەرکانە زۆرن‌و ئاسان نییە چوارچێوەدار بکرێن، لەمبارەوە بەمجۆرە کردە قسەی دابەش کردووە:

**یەکەم/ کردەکانی هێما لەبارەی حوکم actes verdictifs**

ئەم کردانە لەمەسەلەی دەسەڵاتی دانپیانراوی فەرمی‌و دەسەڵاتی ئەخلاقییەوە دەژمێردرێن، هیچ مەرجیش نییە هەموو کاتێک مەسەلەی سەپێنراوو وابەستەکی بێت، مەبەست لێیان هەڵسەنگاندن‌و تێبینی‌و پێوانەیە، ئەم کردانە دەگرێتەوە: بێ تاوان دەرچوون، حوکم، ڕیزلێنان‌و پێزانین، شیکردنەوە، دەرکردنی مەرسوم ... تاد. (ئۆستن) کردەی حوکمی بەکردەی یاسا چوواندووە، کە جیاوازە لەکاری تەشریعی‌و جێبەجێ کردن.

**دووەم/ کردەی بەکارهێنان‌و ئەنجامدان actes verdictifs**

ئەم کردارانە چۆنیەتی بەکارهێنانی مافی هەقە، کە هێزی خۆی هەیە بۆ سەپاندنی کەتواری نوێ. نموونە : هەڵبژاردن، دامەزراندن (تعین)، ڕاوێژکاری بۆ خۆکاندێدکردن، لەڕاستیدا ئەمە ناوبژیوانییە، پتر لەوەی ڕەچاوکردن بێت، هەروەها پتر بڕیارە نەک حوکم.

**سێیەم/ کردەی پەیمان‌و گفتدان actes promessifs**

ئەمە کردەیەکە لەلایەن قسەکەرەوە ئەنجام دەدرێت، قسەیەک


دەکاتو لەهەمان کاتدا دەبێت نێوەڕۆکی قسەکەی جێبەجێ بکات، واش لەگوێگر دەکات دان بەو وابەستەبوونە بنێت، نموونە : سوێندخواردن، ڕەهن، گفتدان، زەمان... تاد.

**چوارەم/ کردەی خووڕەوشت actes comportatifs**

ئەمە ژمارەیەک شتی بەیەکچوونو وابەستەن بەخووڕەوستی کۆمەڵایەتی قسەکەر، وا لەقسەکەر دەکات هەندێک هەڵوێست بنوێنێت لەبارەی ئەو قسانەی بۆ گوێگرەکانی دەیکات، نموونە: داوای لێبوردن، پیرۆزبایی لێکردن، سەرەخۆشی، سوپاس... تاد.

**پێنجەم/ کردەی ڕیکلامی، نیشاندان actes expositifs**

ئەمە کردەیەکە دەچێتە نێو ئەو شتانەی قسەکەر دەیکات لەکاتی ئاخاوتنی بەڕێگەی پاساوهێنانەوە نموونە: سەلماندنو ساخکردنەوە، جەختکردنەوە، نەفی، وەسفکردن، پێناسەو تێڕامانو شیکردنەوەو ڕوونکردنەوە ... تاد.



(ئۆستن) پێی وایە ئەم گروپانە تێکەڵن، دەوروبەری کردەکە، هەندێک جار وادەکات کردەی حوکم، ببێتە کردەی بەکارهێنان، یان بەپێچەوانەوە، ئەمە بۆ هەموو گروپەکانی دیکەش شیاوە.

زانست واتای گەشەکردنو جیاوازیو کۆششی بەردەوام بۆ تەواوکردنی لایەنە ناتەواوەکانی هەر تیۆرو بۆچوونو لێکۆڵینەوەیەک دەگەیەنێت، ئەم تیۆرەی (ئۆستن) دایهێناوە، لای (سێرل) جێگەی مشتومڕەو پێی وایە، پێویست دەکات هەندێک شتی دیکەی بخرێتە سەر، یان پێداچوونەوەیەکی تێدابکرێت، بۆ ئەوەی تەواو بکرێت، نەک هەڵبوەشێنرێتەوە. واتا بۆچوونەکانی (سێرل) ڕەتکردنەوەو نەهێشتنی تیۆرەکەی (ئۆستن) نییە، بەلکو پەرەپێدانو تەواوکردنیەتی. (سێرل) تەنیا لەبارەی گروپی پێنجەم تێبینی هەیە، کە (ئۆستن) پشت بەمەبەستی قسەکردن بەستوە، بۆ دیارکردنی ڕێسای کارەکەی. (عمر بلخير، نوارة بوعياد، // revues.univ-ouargla.dz).

بێگومان لەلێکۆڵینەوەی زانستیدا هیچ بوارێک، بڕیاری کۆتایی یەکلاکەرەوەی نییە، هەموو بوارێک دەرفەتی پێشکەوتنو گەشەکردنو گۆڕانکاریی تێدا هەیە، بۆیەشە، کە (ئۆستن) ئاماژە بەکردەی بەکارهێنان (ممارسە) دەکات، بەتایبەتیش لەبوارێکی دیارکراوی وەکو دەسەڵات، هەروەها کردەی خووڕەوشت بەس نییە بۆ ئەو ئامانجەی، کە قسەی لەبارەوە دەکرێت، لەمبارەوە پشتی بەباشیو خراپی سەبارەت بەقسەکەرو گوێگر بەستوە، دیارە ئەمەش بەتەنیا بەس نییە، بۆ ئەوەی کردەی خووڕەوشت دیاربکرێت، یان ڕەنگە لەبواری دیکەشدا دوای گەشەکردنی زانستی لێکۆڵینەوەی زمانو پشتبەستن بەپراگماتیک، بۆچوونی دیکەش بێتە ئاراوە، ڕەنگە لەتیۆرەکەدا باس نەکرابێت. بۆ نموونە کاتێک باسی کردەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەکرێت، کاتێک

دەڵێین (دەکەم)، کارێک دەکەین دیار نییە ئەم کارە چییە، کەواتە مەبەستەکە ناڕاستەوخۆیە، بەڵام من ئێستا شتێک دەکەم، دیارە من شتێک دەکەمو کارێک ڕادەپەڕێنم، بەڵام دیار نییە، کارەکە لەبارەی چییە، بەڵام دیارە من کارێک دەکەم. ڕەنگە مەبەست لەم ڕستەیە بەستنەوە بەدەوروبەر (من) بێت، کە چی دەکەمو لە چ دۆخێک دام، ئەوە ڕاستەوخۆیە (من کارێک دەکەم)، بەڵام ئەگەر مەبەست (کارەکە) بێت، ئیدی دیار نییە چ کارێک مەبەستە، چ کارێک ڕادەپەڕێنرێت. واتە دۆخی مەبەستەکە دەوروبەرەکە دیاری دەکات، کردەکە ڕاستەوخۆیە، یان ناڕاستەوخۆ. (ئۆستن) باسی کەسی تاک دەکات بۆ ناسینەوەی کردەی ڕاستەوخۆ . باشە ئەگەر گوتمان (ئەوان دێن). ئەوان کردەی هاتن ئەنجام دەدەن، ڕاستە دیار نییە ئەوان کێن، بەڵام لەزماندا (ئەوان)، واتا کەسی دووەمو سێیەمی کۆ لەزمانی کوردی دەگرێتەوە، لەم دۆخەدا ناسراون، بەڵام ئەوان کێن، ئەمەیان ناڕاستەخۆیەو دیار نییە، ئەوا کێن، تەنیا دەزانین (دێن) ڕاپەراندنی کارێکی تێدایە، کە ژمارەیەک کەس، شت دێن. بۆ دێنو لەکوێ دێنو لەبەرچی دێنو کەی دێنو چەند کەسن دیار نییە. ئەمەیان ناڕاستەوخۆیە، بەڵام دەزانین ئەگەر پەیوەست بکرێت بەدەوروبەری کۆمەڵایەتی قسەکردنەکەوە، دەردەکەوێت (ئەوان) کێنو چەند کەسنو مرۆڤن، یان ئاژەل، کەی دێنو لەکوێ دێن. بۆچیو بەچ دێنو مەبەستیان لەهاتنەکە چییە، هاتنەکەیان خێرە یان شەڕ ... تاد. بزانە پراگماتیک هاوکاریمان دەکات، لەکاتی وابەستەکردنی هەر کردارێک بەدەوروبەرەکەی، دەتوانین زۆر لەو ئەگەرانە دەستنیشان بکرێن، کە دەبنە گرێ کوێرە لەنێو زماندا، بۆ ناسینەوەو دیارکردنی مەبەستەکانو کەرەسەتەو هەتا ئاستەکانی زمانو واتاش. کاتێک لەناونیشانی هەواڵێکدا دەگوترێت «سەرۆک بڕیار دەدات».

ئەمە ناڕاستەوخۆیە، بەڵام کاتێک وابەستەدەکرێت بەدەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە، ڕەنگە بزانین مەبەست لەنێو مانشێتەکەدا کامە سەرۆکو کامە دەوڵەتە، ئینجا ڕەنگە بزانین بۆ و لەپێناو چیو بۆچی بڕیار دەدات، بڕیارەکەی دەربارەی چییە... تاد. ئێمە بەناڕاستەوخۆ ڕەنگە مێشکمان بەرەو سەرۆکی هەرێم بچێت، بەڵام ڕۆژنامەکە، بۆ فریودانی چاو و عەقڵی وەرگرەکانی ڕەنگە ئەم ناونیشانەی بەکارهێنابێت، ڕەنگە بۆ مەبەستی خوێندەوەی بابەتەکە، یان پلارو توانجو پێکچوواندن بەکارهێنرا بێت، ئەمەش بەشێوەی لەجیاتی دەگرێتەوە. دەنا ڕەنگە زانیاری نێو هەواڵەکە سەرۆکی وڵاتێکی ئەفریقیایی بێت، یان ڕەنگە بەپێچەوانەوە، بیەوێت لەڕێگەی ئەم ناونیشانە، کە پەیوەستە بەسەرۆکێکی ئەفریقیایی، پلارێک لەسەرۆکی هەرێم بدات.

(سێرل) لە بۆچوونەکانی بەتەواوکاری تیۆرەکەی (ئۆستن) دادەنرێت، پێی وایە دابەشکردنێکی دیکە هەیە لەبارەی کردە قسەییەکان ئەویش بریتییە لە:

**یەکەم/ کردەی ساخکردنەوەو سەلماندن / الاثبات actes assertifs**

مەبەستی ئاخاوتنە، وا لەقسەکەر دەکات بەرپرسیار بێت لەدانانی شتەکانو بەکارهێنانیان، وەکو: جەختکردنەوە، دیارکردن، وەسف ... تاد.

**دووەم/ کردەی ئاراستەکردن actes directifs**

مەبەستی کەسێک دەخاتە ژێر باری هەڵگرتنی ئەرکێک، تاکو کارێکی دیارکراو ئەنجام بدات، وەکو: فەرمان، ڕەتکردنەوە، داواکردن ... تاد.

**سێیەم/ کردەی پەیماندانو گفتدان actes promessifs**


مەبەست وابەستەکردنی قسەکەرە، لەئەنجامدانی شتێک، لەم بوارەدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان (سێرل)و (ئۆستن) نییە.

**چوارەم/ کردەی گوزارشت actes expressifs**

گوزارشت و دەربڕین باری دەروونی دەگرێتەوە، وەکو: داوای لێبوردنو خۆشحالبوون ... تاد.

**پێنجەم/ ڕیکلامو بانگەشە/ actes déclaratifs**

مەبەست لێی ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لەڕێگەی ڕیکلامەوە، ئەمەش کاری هێما دەگرێتەوە وەکو: ڕاگەیاندن، هەواڵو ریکلام ... تاد.




لەکردە قسەییەکاندا، هەندێک شت دەربارەی ئەم بۆچوونانە دەردەکەوێت، کاتێک باسی کردەی فەرمان دەکرێت واتا دەبێت کەس بخرێتە ژێر بەرپرسیاریەتی گوێڕایەلیو وابەستەبوون بەفەرمانەکە، هەروەها دەبێت دەرکەوێت، کە جیهان هاوڕێکە لەگەڵ شتەکان، کە لەکاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێن، هەروەها لەباری دەروونیشەوە کاتێک یەکێک سوێند دەخوات دەبێت باری

هەستونەستی هاوڕێک بێت لەگەڵ سوێندەکەی. ئایا ئەم دۆخە لەکردە قسەییەکاندا چەندە لەنێو ڕۆژنامەکاندا ڕەچاو کراوە؟.

کردەی ساخکردنەوەو سەلماندن، بەراورد کردنەکە هەیە، باری دەروونییەکە بریتییە لەبیروباوەڕو ئیمان بەشتەکە.

لەکردەی ئاراستەکردنیشدا، دیسان بەراورد کردنە هەیە، باری دەروونییەکەی بریتییە لەمەبەستەکە.

کردەی پەیماندانو گفتدانیش دۆخی بەراوردکردنی تێدایە، دۆخی دەروونییەکە، خۆی لەخۆیدا دەربڕی ئەو مەبەستەیە، کە لەقسەکردنەکەدا هەیە.

کردەی ڕیکلامیش هاوڕێکە لەگەڵ دونیای وشەکان، لەدوو ئاراستەدا کارەکە بەدی دەهێنرێت، دۆخی دەروونی بوونی نییە، لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی دامەزراوەیی بوون، بۆتە هۆکار بۆ جیاکردنەوەی ئەمجۆرە کارانە. با سەرنجی ئەم نموونەیە بدەین، کە (سیرل) لەبارەی بەراوردکردنی وشە بۆ جیهانو جیهان بۆ وشەکان هێناویەتییەوە»با وای دابنێین کابرایەک دەچێتە بازاڕ، لیستێکی شتکڕینەکانی بەدەستەوەیە، کە خێزانی ئامادەی کردووە، لەکاتی هەڵگرتنی شتەکان، پاسەوانێک هەموو ئەو شتانەی نووسی، کە لەدەرەوەی دوکانەکە کڕینی، هەموو پیاوێک لیستی کڕینی کەلوپەلی هەیە، ئامانجی لیستی کڕینی شتەکان وایکردووە، کە جیهان بەراورد بکرێت بەوشەکان... لەدۆخی پاسەوانەکەشدا، ئەوەیە، کە وشەکان بەراورد دەکرێن بە جیهان (کەلوپەلەکان). (هەمان سەرچاوە).

لایەنێکی دیکەی کردە قسە، ئەو هێزەیە، کە وەکو هێزێک لەگوزارشتی مەبەستی قسەکردنەکە دەخرێتە سەر دەنگێک

لەنێو وشەکاندا، یان وشەیەک لەنێو ڕستەدا، ئەمجۆرە هێزە واتای مەبەستی گوزارشتو دەربڕینەکە دیار دەکات بەپێی ئەو دەوروبەرەی بەکار دەهێنرێت.

وتای مەبەستی دەربڕینەکە دەگۆڕێت. لەکوریدا کاتێک دەگوترێت:

بۆ نموونە: دارا دەچێتە بەغدا.

ئەگەر مەبەست بکەرەکە (دارا) بێت هێزی دەربڕینەکە دەخرێتە سەر ناوی دارا، ئەگەر مەبەست چوونەکە بێت (کار)ەکە، ئەوە هێزی دەربڕینەکە دەخرێتە سەر کارەکە، ئەگەر مەبەست شوێنی چوونەکە (بەغدا)یە بێت، هێز دەخرێتە سەر ئەمەی دواییان.

یان لەوشەیەکدا بەهەمان شێوە:

- برسیم: (واتایەکی گشتییە، هەواڵی برسی بوونەکەمان پێدەدات). برسیم، بەڵام مەرج نییە ئێستا نان بخۆم، کردەی خواردن ئەنجام بدەم.
- برسیمە: ( وتایەکی تایبەتە، کردەی برسی بوونمان پێدەدات). کە ئێستا من برسیمەو پێویستە نان بخۆم، واتا کردەی خواردنم پێویستەو دەبێت نان بخۆم.

پێویستە ئاماژە بەشتێکی دیکە بکەین، کە دۆخی قسەکەرو گوێگرەکەیەو دەبنە سەرچاوە بۆ دیارکردنی هێزی قسەکردنەکە لەکاتی ئاخاوتندا، ئەمەش وادەکات نیشانی بدات، کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر بەرزترە لەپلەوپایەی گوێگرەکە، لەبواری (کۆمەڵایەتی، سەربازی، ئیداری ... تاد). بۆیە پراگماتیک پشت بەدەوروبەری کۆمەڵایەتیو دۆخی دەق دەبەستێت، چونکە دۆخی دەوروبەرەکە دەبێتە دەرخەرو نیشاندەری پێگەی کۆمەڵایەتی

نێرەرو وەرگر، یان قسەکەرو گوێگر، هەروەها دۆخەکەیە هێزی قسەکردنەکە لەکاتی گوزاراشتو دەربڕینو ئاخاوتندا دیار دەکات.

لەم بوارەدا کاتێک بەرپرسێک قسە دەکات، هێزی قسەکردنەکەی جیایە لەوەی کەسیکی ئاسایی، یان شیکەرەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری باسی هەمان بابەت دەکەن. واتا دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە، پێگەو هێزی مەبەستی قسەکردنەکە ئاشکرا دەکەن. لەبەر ئەوەشە زۆرجار زمانی ڕۆژنامە لەزمانێکی ئەکادیمی بۆ زمانێکی میللی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش پەیوەندی بەهێزی قسەکردنەوەیە هەیە، نەک قسەکەرەکە.

### ١-١١ ڕەخنەگرتن لە(سێرل)

بۆچوونەکانی (سێرل)یش لەڕەخنەگرتن بەدەرنییە، گرنگترین شت ئەو ڕەخنەنایە، کە (وۆندلایشو ریکاناتی) لە(سێرل)یان گرتووە، ئەوانە پێیان وایە ئەو دابەشکردنەی دوایی لەبارەی کردەی پەیماندان کردوویەتی، دابەشکردنێکی بێکێشە نییە، چونکە کردەی پەیماندان، بەشێوەیەکی تەواو جۆرێک نییە، لەکردە قسەیی، بەلکو چەند دەستەواژەو گوزارشتێکی هەیە، وەڵامدانەوەیە بۆ کردەی ئاراستەکردن. (سێرل) پێی وایە نیشانەی سەرسوڕمان بەشێەکە لەکردەی ئاراستەکردن، کەچی سەرسوڕمان لەڕووی زمانەوانییەوە، هەر خۆی کردە قسەیەکی سەربەخۆییە.

ئاماژەیان بەوەش کردووە هیچ شوێنێک لەدابەشکردنەکەی (سێرل) بۆ (هوشداریدانو پێشنیارکردن، هەتا بانگەوازو پاڕانەوەو تکاو نزا)، وەکو جێگرەوەی ئەم دابەشکردنە بەدی ناکرێت، (وندرل)یش چەند مەرجێکی دیکەی دابەشکردنی نوێ داناوە، وەکو:

**یەکەم**/ پشتبەستن بەنیشانەکانی زمان بۆ کردە قسەیی، وەکو: ئامرازەکانی سەرسوڕمانو شێوازەکانی فەرمان.

**دووەم**/ پشتبەستن بەنێوەڕۆکو مەبەستی قسەکردن.

**سێیەم**/ پشتبەستن بەئەرکەکانی کارەکان (الافعال) لەقسەکردن دا.

**چوارەم**/ پێشبەستن بەسەرچاوەی کارەکان، پێویستە کارەکان، کردە قسەییو سروشتیو کۆمەڵایەتی ... تاد، بن.

دەکرێت دابەشکردنەکەی (ریکانات)ی بەمجۆرە کورت بکرێتەوە:

هەندێک کردە قسەیی لەبنەڕەتدا نوێنەرایەتی شتێک دەکەن، هەشیانە لەبنەڕەتدا نوێنەرایەتی هیچ شتێک ناکەن، یەکەمیان خۆی لەدەربڕین لەبارەی خووڕەوشتی کۆمەڵایەتی بەرانبەر گوێگر دەبینێتەوە، دابەشی سەر کردەی بەدیهێنراوو ڕاپەڕاندنو هەواڵ دەبێتەوە، هەروەها کردەی ڕاپەڕاندن دابەشی سەر (کردەی پەیماندانو کردەی ڕیکلامو کردەی فەرمان) دەبێت. (هەمان سەرچاوە).

### ١-١٢ جیاوازی کردەی ڕاپەڕاندنو کردە قسە

گەلێک لەلێکۆڵینەوەکان پێیان وایە ئەم دوو دەستەواژەیە یەک واتاو مەبەستو ئەرک دەگرێتەوە، لەکاتێکدا ئەم دوو زاراوەیە هەمان نێوەڕۆکیان نییە، وەکو هەندێک مەزەندەیان کردووە، کە یەک نێوەڕۆکیان هەبێت، هەروەسا هەیانە پێی وایە کاتێک یەکێک لەم دوو زاراوەیە بەکاردەهێنرێت، ئیدی پێویست بە بەکارهێنانی ئەوی دیکە ناکات. (ئۆستن) جەختی لەسەر ئەم دوو زاراوەیە نەکردۆتەوە، بۆیەشە بێ جیاوازیی کردن لەنێوانیان بەکاریهێناون. (هەمان سەرچاوە).

کردەی ڕاپەڕاندن بەپێکهاتەو واتاکانی جیادەکرێتەوە، کە لەنێو کارەکەدا بەدیار دەکەوێت، ئەویش لەشێوەی ڕاناوی لکاوی تاک دەردەکەوێت لەکاتی ئێستادا، نموونە «پەیامنت پێدەدەم»، ئەمە هەر بەتەنیا ئەوە نیشان نادات، کە پەیمانم پێدایت، بەلکو کردەیەکی بەدیهێنا، ئەویش کردەی پەیمان دانە، ئەگەر بەیەکێکمان گوت «پیرزۆبایت لێدەکەین»: وامان لێدەکات بەکردەی پیرۆزبایی هەڵسین، بەلام، کە دەڵێین «جوێنت پێدەدەم»، قسەکردنەکە لێرەدا ڕاپەڕاندن نییە، بەلکو سەرچاوەی ئەم قسەیە بۆ کاری جنوێدان دەگەڕێتەوە، بۆیەشە ئەوە هاوکار نابێت بۆ بەدیهێنانی ئەم کردەیە. (هەمان سەرچاوە).

(ئۆستن) دەڵێت: «ڕازیم» کردەیەکی ڕاپەڕاندنە بۆ بەدیهێنانی کردە قسەیی، کاتێک لەکاتی مارەکردن دەڵێیت «ڕازیم»، واتا ئەرکی ژنهێنانەکەت قبوڵ کردووەو ئافرەتێک دەبێتە خێزانت. ئەمە کەسێکە لەدۆخی کەسی یەکەمی تاک ئەنجامی دەداتو قسەکردنەکەش کاتی ئێستایە، واتا کاتی ڕاپەڕاندنی قسەکردنەکەیە، کە دەبێتە بەدیهێنانی کردەی ڕاپەڕاندنی قبوڵکردنی ژنهێنان. (بڕوانە Austen, speech act)

کاتێک دەڵێین «پێشەکەشە بەتۆ»، ئەمە هیچ ڕاپەڕاندنێکی کردە قسەیی تێدا نییە، بەلکو تەنیا باسی پێشکەشکردن دەکات، بەلام هیچ کردەیەکی بەکردەوەی بەدی نەهێناوە. لەبەر ئەوە جیاوازیی کردن لەنێوان کردەی ڕاپەڕاندنو کردە قسە، کارێکی پێویستە، کاتێک بەرپرسی دارایی دەڵێت: " ڕازین، بەداواکانتان"، جیایە لەوەی، کە دەڵێت: "داواکانتان ڕەوایە". لەدۆخی یەکەمدا بڕیارو حوکمی تێدایە، کە وەڵامدەرەوەی داواکارییەکانە، بەو واتایەی کردەیەک ڕادەپەڕێنێت، بەڕازی بوونەکەی، بەلام

"ڕەوایە" لەدۆخی دووەمدا وەسفی داواکارییەکان دەکات، هیچ ڕاپەڕاندنێکی تێدانییە. ئەمەش هەر تەنیا کردە قسەیە، بەڵام مەرج نییە ڕاپەڕاندنی کردەیەکەی تێدا ئەنجام بدرێت.

(فرانسوا فلاهو) لەبارەی جیاوازی یەکەم لەبارەی ئەم دوو زاراوە دەڵێت: "کردە قسە بەپێکهاتەی زمانی لەکردەی ڕاپەڕاندن جیادەکرێتەوە، کردە ڕاپەڕاندن بەشێوەی ڕاناوی لکاوی تاک لەکاتی ئێستادا بەدی دەهێنرێت، بەڵام کردە قسە ئەم مەرجەی تێدا نییەو دەتوانرێت بەوشە بەدی بهێنرێت، وەکو : "سوپاس"، کە ئەمە نیشانەی کردەی سوپاسە، لەجیاتی ئەوەی بڵێت "سوپاست دەکەم" یان "وەرە" لەجیاتی ئەوەی بڵێت "فەرمانت پێدەکەم، کە بێیتە لای من"، یاخود "تکات لێدەکەم وەرە لام"، هەروەها ئاماژەکانی کردە قسەیی، بەزۆری بەشێوەی فەرمان دەردەکەوێت، فەرمان بەئامرازی دیکە بەدی دەهێنرێت، کە ئامرازی زمانی نییە، وەکو ئاماژەو بزاوتن‌و جوڵە... تاد. (عمر بلخیر، نوارة بوعیاد، revues.univ-ouargla.dz//).

(ئۆستن) لەدواین قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەیدا وازی لەدوانەی ڕاپەڕاندن/ هەواڵ دەهێنێت، دان بەوەدا دەنێت، کە هەواڵە قسە/ قسەی هەواڵدار نییە، بەڵکو هەموو قسەکردنێک کردە قسەییە، جیاوازییەکان ڕەنگە تەنیا لەشێوازەکەی بێت، تەنیا کردەکە ڕاستەوخۆ دەبێت، یان ناڕاستەوخۆ. (فلاهو) دەڵێت (قسەی ڕاپەڕاندن / کلام الانشائی) بەشێکە لەبەشەکانی قسەکردن، پێناسەیەکی واتاییە لەڕێگەی شێوەکانی زماندا، هیچ مەرج نییە کردە قسەیی بێت، بەلکو ئەو خۆی تەنیا ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی خودی کردەکە، ئەو ئامرازێکە زمان دایڕشتووە بۆ ئەوەی تەعبیر لەڕەهەندی هەقیقەتی ئەو کارە (فعل)ە بکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەدی بهێنرێت. (هەمان سەرچاوە).

جیاوازییەکی دیکەش لەنێوان کردە قسەی ڕاستەوخۆو کردە قسەی ناڕاستەوخۆ ئەوەیە: کردە قسە ئەو کاتەی بەدی دەهێنرێت بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر کارێکی ڕاپەڕاندن، هیچ مەرج نییە، ببێتە کردەیەکی ڕاستەوخۆ، کاتێک جنێو بەکەسێک دەدرێت‌و دەگوترێت «گەمژەیە»، یان «گێلە».

هەروەها قسەی ڕاپەڕاندن بەشێوەیەکی گشتی وابەستەیە، بە بەرکارێک، کە هێما دەکات بۆ کەسێک، کە کارەکەی دەکەوێتە سەرشان، سەرچاوەی قسەکردنەکە بەشێوەیەکی گشتی لەکردە قسە بەدیار ناکەوێت.

لەبیری نەکەین، جنێودان، لەناوەخۆیدا شتێکی شاراوەی لەخۆگرتووە، کە قسەکەر بەرپرسیاریەتی ئەو شتە هەڵ دەگرێت، ئەمەش نیشانەو واتایەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ گوتنی «ئەی گەمژە»، «من تۆ تاونبار دەکەم بەگێلایەتی، بەڵام ئەمە واتای ئەو ناگایەنێت تۆ بەمە وەسفی دەکەیت»، بۆیە دەوروبەر ڕۆڵی هەیە لەدیاریکردنی واتاکان بەشێوەیەکی وردو دروست. (هەمان سەرچاوە).

### ١-١٣ کردە قسەی ناڕاستەوخۆ

(سێرل) لەسەرەتاوە لێکۆڵینەوەی لەو قسانە کردووە، کە شێوازەکەی واتای ئەو دیاردەیە ناگەیەنێت، کە باسی دەکات، با سەرنج بدەین، بەتێڕامانی تەواو لەڕستەی زمانە سروشتییەکاندا، دەبێت وریابین لەوەی تەنیا پشت بەو ناوەڕۆکانە نەبەستین، کە زانیارییەکان دەیبەخشن، بۆ ئەم مەسەلەیە نموونەیەکی بەرچاو هەیە، کە دەڵێت «ئایا دەتوانی ئەو خوێیەم بدەیتێ؟». لە نێوەڕۆکدا سەرسوڕمانە، بەڵام واتاکانی ئاماژە بەوە ناکەن، کە سەرسوڕمان بێت، بەلکو داواکارییە.

(سێرل) دەڵێت: «هەندێک دۆخ هەیە قسەکەر دەتوانێت ڕستەیەک بئەنگوێ، هەروەها واتایەکی شێوە دیاری تێدا بێت، کە ئاماژەیە بۆ قسەیەک، کە لەنێوەڕۆکدا واتاکەی شتێکی دیار دەگەیەنێت، بۆ نموونە: قسەکەر دەتوانێت بەڕستەیەک بەمجۆرە بێتەگۆ: ئایا لەتوانات دایە خوێیەکەم بدەیتێ؟ ئەمە ئاماژەکەی سەرسوڕمان نییە، بەلکو داواکردنی خوێیە. (76-J.L.Searle, P 75 1979.,).

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین لەخۆمان بپرسین، ئایا» چۆن قسەکەر دەربڕینێک دادەڕێژێت، لەکاتێکدا مەبەستی شتێکی دیکە؟ چۆن گوێگر لەو شتە دەگات، کە قسەکەر نەیگوتووە؟. بەواتای ئەوەی چۆن شتەکە لەواتایەکی ڕاستەوخۆ بۆ واتایەکی شاراوە دەگوازرێتەوە یان مەبەستەکەی پێویستە لەنێو گوتاردا چۆن دەربکەوێت؟ چۆن دەتوانرێت واتاکە دەستنیشان بکرێت، یان بزانرێت، کە لەشێوازێکی دیارکراودا شێوازی ڕستەی سەرسوڕمانو بانگەوازو فەرمانو خواستن دەردەکەوێت.

بۆئەوەی زۆر وردبین، لەڕستەی پێشتوو دەست پێدەکەین: ئایا لەتوانات دایە ئەو خوێیەم بدەیتێ؟ بۆچی گواستنەوەکە لەسەرسوڕمانەوە بۆ دیارکراوێکی تەواو ڕوویدا، بێ ئەوەی هیچ کردە قسەیەکی دیکە بگرێتەوە. (سێرل) لای وایە ئەمجۆرە شێوازە وەکو بەشێک لەدابونەریتەکانی زمانو ڕۆشنبیرییەکان سەیر دەکرێت، بۆیەشە هەوڵیداوە شیکاری ئەم بارە لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەبارەی کردە قسەییو زانیارییە هاوبەشەکان لەنێوان قسەکەرو گوێگر ئەنجام بدات، دواجاریش توانای گوێگر گرنگە لەوەی چۆن لەم شتانە دەگات، کە گوێی لێ دەبێت. (عمر بلخير، نوارة بوعياد،,//revues.univ-ouargla.dz).

واتا تێگەیشتن‌و چۆنیەتی لێکدانەوەی وەرگر/ گوێگرەکە واتاو مەبەست‌و هێزی قسەکردنەکە دەستنیشان دەکات، کاتێک یەکێک پرسیارێک دەکات‌و گوێگرەکەی وەڵامێکی دەداتەوە، ئیدی تێگەیشتنی وەرگرەکە، گرنگە، کە چ جۆرە وەڵامێک دەداتەوە، لەبارەی ئەو گفتوگۆو قسەکردنەی لەنێوان دوو کەسەدا ڕوودەدات، (سێرل) نموونەیەکی هێناوەتەوەو دەڵێت:

**س**/ با بەیەکەوە بچینە شانۆ.

**ک**/ دەبێت بەخوێندەکانم دابچمەوە، بۆ تاقیکردنەوەی بەیانی.

قسەی (س) شێوەی داوەت لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی بچنە شانۆ. قسەکەی ئەم شتانە دەگرێتەوە: «با بچین سەیری تەلەڤزیۆن بکەین»، یان «بابەیەکەوە کتێبێک بخوێنینەوە». لەڕاستیدا لەڕووی لۆژیکەوە پێویستە کاردانەوەی (ک) نەرێنی بێت بۆ داوەتەکەی (س)، لەڕوانگەی ئەو دەقەی، کە پێشکەشی کردووە، ئەگەر سەیری (ک) بکەین، لەڕووی واتاوە تەنیا سەلماندن دەگرێتەوە، قسەکردنی لەمجۆرە هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی نەرێنی دروست ناکات دەربارەی داوەتکردنەکە، وەکو ئەو نموونانە، کە دەڵێت :

«پێویستە جلکی من لەبەر بکەی»، یان «پێویستە پێڵاوەکانم خاوێن بکەیتەوە». هەرچەندە ئەم دوو قسەیەش کاردانەوەی نەرێنی بەرامبەر داوتکردنەکەی پێشوو دروست ناکات.

پرسیارێک لێرەدا دێتە پێشەوە، ئەوەیە: ئایا کاردانەوەی (س) بەرامبەر وەڵامەکەی (ک) چی دەبێت، کاتێک داوەتکردنەکەی ئەوی ڕەتکردۆتەوە، یان بەرێگەیەکی دیکە باپرسین دەبێت (ک) چۆن (س) دەربارەی ڕەتکردنەوەی داوەتەکەی تێ بگەیەنێت؟.

(سێرل) ڕەتکردنەوەکەی (ک) بۆ داوەتەکەی (س) بەکردە

قسەی یەکەمین/ سەرەتایی ناودەبات، بەڵام ڕەتکردنەوەکەی (ک) لەئەنجامی کردە قسەی لاوەکییەوە هاتووە، کە بریتییە لەوەی بانگهێشتی ئەوەی دەکات، کە پێداچوونەوە بەخوێندنەکەی بکات، بۆ تاقیکردنەوە. بۆیەشە کاری (فعل)ی لاوەکی واتای لابەلاش لەخۆ دەگرێت، بەڵام واتای کاری یەکەمینەکە/ سەرەتاییەکە، لابەلا نییە، ئەمەش وامان لێ دەکات یەک کێشە بخەینەروو: چۆن دەتوانرێت لەتێگەیشتن لەکردە قسەی لاوەکی لابەلا، بگوازینەوە، یان بچینە سەر تێگەیشتن لەکردە قسەی یەکەمینو سەرەتاییەکە، کە لابەلا نییە؟.

با لەڕوانگەی شیکارە فەلسەفییەکانەوە دیقەتێکی تێگەیشتن لەدەقو شیکردنەوەی دەق بدەین، بێگومان لێرەدا مەبەستمان ڕۆڵی شیکەرەوەکانی دەقە، کە چەندە کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی واتایەک، یان چەند واتایەک لەنێو دەقدا هەیە. (تێگەیشتن لەدەق بەرهەمی ئاسۆی واتاکانە لەلایەن شیکارەکانییەوە لەگەڵ ئاسۆی وتاکان لەدەقدا، بۆیە زهنیەتی شیکارکەرەکە لەپرۆسەی تێگەیشتن شتێکی لاوەکی نییە، بەڵکو مەرجێکی هەبوونە، بۆ گەیشتنە تێگەیشتن. تێگەیشتنی بابەتیانە لەدەق، بەواتای تێگەیشتنە بەشێوەیەکی کتومت لەواقیع، پێکهاتە نێوەکییەکانو زهنەیەتی شیکارکەرەکەو تواناکانی مەرجن بۆ گەیشتنە تێگەیشتن. (د. الشیخ مرتضی الفرج، مجلة البصائر، ژمارە، ٤٤، ١٣٢).

بۆیە لەڕۆژنامەدا ڕەنگە ئەمجۆرە ئاڵۆزییو کێشە گەورانە، زۆر نەبێتە جێگەی بایەخی چۆنیەتی داڕشتن لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ، بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن لەدەق، یان دەقی گوتاری هەواڵ لەکاتی شیکردنەوەی لەلایەن خوێنەرەوە/ وەرگرەوە دووچاری کێشە نەبێتو گرفتی بۆ دروست نەبێت، بەڵام هەندێک

جار گوتاری سیاسی‌و ئایدیۆلۆژی لەنێو هەواڵەکاندا لەڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک زاراوەی خاوەن واتای جواد جودا، ڕەنگە خوێنەر دووچاری هەندێک لەو دیاردە ئاڵۆزە بکات. نابێت لەبیری بکەین (تێگەیشتنێکی نەگۆڕ بۆ دەق نییە، ناکرێت تێگەیشتن چوارچێوەدار بکرێت، بەو پێیەی بڵێین ئەمە تێگەیشتنی کۆتاییەو گۆڕانی لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە بەسەردا نایێت. (هەمان سەرچاوە، ١٣٢)

بۆ ئەم پرسیارەش (سێرل) بەمجۆرە بۆچوونەکەی شیکردۆتەوە، ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان (س)و (ک) ڕوویدا، بەبۆچوونی (سێرل) ئەم باسە (دە) خاڵی جودا جودای لێدەکەوتەوە وەکو:

**یەکەم**/ پێشکەشکردنی داوەتەکە بۆ (ک)، وەڵامی کەسی دووەم ئەوەی، کە پێداچوونەوە بەخوێندەکەی دەکات بۆ تاقیکردنەوەی بەیانی.

**دووەم**/ وابزانین (س) هاوکارە لەگفتوگۆو قسەکردنەکە، تێبینیەکەی لەشوێنی خۆیەتی (یاساکانی گوتار).

**سێیەم**/ وەڵامەکە دەکرێت ئەرێنی، یان ڕەتکردنەوە بێت، یان داوەتکردنێکی دیکە، یان جیاوازبێت، یان درێژەپێدانی گفتوگۆیەکەیانە ... (تیۆری کردە قسەیی).

**چوارەم**/ بەڵام قسەکەی هیچ شتێک ناگەیەنێت، تاکو جێگەی باس بێت، هەروەها وەڵامی دووەمیش لەجێگەی خۆی نییە.

**پێنجەم**/ ڕەچاو دەکرێت، کە بیەوێت قسەی زۆرتر بکات، لەوەی، کە ڕایگەیاند بۆ مەبەستی سەرەتایی لەقسەکردنەکەدا، جیاواز دەبێت لەمەبەستە لاوەکییەکانی.

لەمبارەوە (سێرل) پێی وایە ئەمە مەترسیدارترین قۆناغە، کە گوێگر هیچ ئامرازێکی بەدەستەوە نییە تاکو لەکردە قسەیی ناڕاستەوخۆ بگات، بۆیەشە ستراتیژیەتی ئاشکراکردنی ئەو دۆخەی لەدەست دەچێت، کە دۆخی سەرەتایی قسەکردنەکەیەو مەبەستی لاوەکی لەخۆگرتووە.

**شەشەم**/ پێشتر زانیاریم هەبوو، کە خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە لەئارایە، پتر لەئێوارەکەی پێویستە، بۆیە چوونە شانۆ ڕەنگە هەمان ماوەی پێویست بێت. (باکگراوندی زانیارییەکانی هەیە).

**حەوتەم**/ ناتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی بچێتە شانۆو هەروەها لەیەک ئێوارەدا خۆی بۆ تاقیکردنەوەش ئامادە بکاتو بچێتە شانۆش .

**هەشتەم**/ مەرجی یەکەم و لەپێشینەی قبوڵکردنی هەر داوەتکردنێک، توانای بەدیهێنانی ئەو کردەیە، لەچوارچێوەی مەرجی پاڵپشتیکار (تیۆری کردە قسەیی).

**نۆیەم**/ بۆیە من دەزانم ئەو شتێکی گوت، لەبەر ئەوە ئەگەر هەیە، ئەم شتە وای لێ بکات داوەتکردنەکەی من ڕەت بکاتەوە.

**دەیەم**/ مەبەستی سەرەتایی ئەو ڕەتکردنەوەی داوەتکردنەکەیە. (عمر بلخیر، نوارة بوعیاد، //revues.univ-ouargla.dz).

## ١٤-١ پوختە و ئەنجامی بەشی یەکەم

لێکۆڵینەوە لەگوتاری هەواڵ، یان ڕۆژنامە ، یان هەرجۆرە گوتارێکی دیکەی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری، هونەری، ئەکادیمی، پزیشکی، کۆمەڵایەتی ... تاد، لەڕێگەی شیکردنەوەی پراگماتیکیو بەکارهێنانی تیۆری کردە قسەیی، پتر هەنگاوەکانمان بەرەو واقیع دەبات، بەتایبەتیش، کە زمان وەکو لایەنێکی سەرەکی

لێکۆڵینەوەی گوتار، دەبێتە هاوکار بۆ شیکاری دەقەکە، کردە قسەیی بریتییە لەڕاپەڕاندنی کارێک لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان لەهەموو ئاستەکانیدا، کارئاسانی دەکات، بۆ گەیشتنە مەبەست. بەتایبەتی کاتێک زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو گوتاریش لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی شیکاریان بۆ دەکرێت، پراگماتیک سەرەتایە دروستەکەیە، بۆ گونجاون لەکاری لێکۆڵینەوەدا. کاتێک مرۆڤ شتێک گۆ دەکات، ئامانجی ڕاپەڕاندنی مەبەستێکە لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانو هێماکانییەوە، لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا. گوتاریش کردەی ڕاپەڕاندنە، هەر بزاڤێکو گوتنێکو هێمایەک گوتارێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەتوانێت مەبەستەکان لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی گونجاودا لەنێوان (نێرەرو وەرگر)دا بگەیەنێت، سەرباری بەرهەمهێنانەوەی ئەو گفتوگۆو قسەکردانەی لەنێوان هەردوولادا ڕوودەدەن.

ئێمە باسی بۆچوونەکانی (ئۆستن)و (سێرل)مان لەبارەی تیۆری کردە قسەیی کرد، (ئۆستن) سەرەتا بۆچوونەکانی کردبووە دوو بەش، کردەی هەواڵیو کردەی ڕاپەڕاندن، دواتر لەنزیک کۆتاییدا وازی لەکردەی هەواڵی هێنا، بەو پێیەی گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە زمان خۆی لەخۆیدا ڕاپەڕاندنە نەک شتێکی دیکە، لەچوارچێوەی کردەی ڕاپەڕاندنیشدا جیاوازیی لەنێوان کردەی زمانو کردەی گوتنو کردەی کارتێکردن کردووە، هەروەها لەچوارچێوەی کردەی گوتنیشدا جیاوازی لەنێوان کردەی سەرەتاییو کردەی لاوەکی کردووە، دواتر (سێرل) ئەم چەمکەی لەژێر نێوی کردە قسەی ناڕاستەوخۆ پەرەپێدا. (عمر بلخير، نوارة بوعياد، ، // revues.univ-ouargla.dz).

# بەشی دووەم

# شیکردنەوەی گوتاری هەواڵ لەڕۆژنامەکاندا

## ١-٢ پێشەکی

بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەی گوتاری هەواڵ لەڕۆژنامەکانی کوردستاندا چەند ڕۆژنامەو ماڵپەڕێکیی هەواڵیمان لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردووە، کە بایەخ بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕۆژانەو وتار دەدەن، کە بریتییە لەبیروبۆچوون‌و شیکردنەوەو ڕاو ڕەخنەو لێکدانەوەی سیاسی‌و وتارە هەواڵ‌و ڕاپۆرتە هەواڵ‌و دیدار ، کە کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی هەیە، یان ئامانجیان جوڵاندنی ڕای گشتی‌و پێدانی زانیارییە بەوەرگر/ خوێنەرو گوێگرو بەرکارهێنەرەکانیان.

توێژەرێک پێی وایە ڕۆژنامەی ڕاو ڕۆژنامەی هەواڵ هەریەکەیان دەچنە خانەی جۆرێک لەجۆرەکانی کردە قسەیی، ئەوانەی ڕۆژنامەی هەواڵن دەچنە چوارچێوەی هەواڵی کردە قسەیی، کە ئاماژە بەهەواڵ‌و ڕاگەیاندن‌و ڕیکلام‌و وەسف‌و جەختکردنەوەو ئاراستەکردن‌و شیکردنەوەو پێشکەشکردن‌و

نواندنو ڕێنماییو لێکدانەوەو گێڕانەوەو خستنەڕوو (پیشاندان)و ڕوونکردنەوەو داوەتنامەو پێناسە دەدەن، کە لەم بوارەدا دەکرێت ئاماژە بەڕۆژنامەی هەواڵو وتارە هەواڵو ڕاپۆرتی کورتو ڕیپۆرتاژو ... تاد بکرێت.

## ٢-٢ بەهای هەواڵی ڕۆژنامەوانی چییە؟

ئێمە دەزانین هەواڵ لەڕووی داڕشتنەوە لەناونیشانو سەرە پێشەکیو نێوەڕۆکی سەرەکیو ئینجا بابەتی لاوەکیو ئەنجام (کۆتایی) پێکدێتو دەبێت وەڵامی هەر شەش پرسیارە سەرەکییەکەی تێدا بێت، بەڵام بەهای هەواڵ جیایەو پەیوەستە بە بەهاکانی تێگەیشتن لای نێرەرو وەرگر، بەو بەهایانەی کۆمەڵگە جیاجیاکان لەڕووی خووڕەوشتو ئەخلاقو یاساو باری کۆمەڵایەتی پێی دەناسرێنەوە. هەواڵ لەڕووی بەهاوە بایەخ بە بابەتەکانی هەواڵ دەدات، نەک ڕووداوەکان. بەهای هەواڵیش بایەخ بە بابەتەکان دەدات، کە پەیوەستن بەڕووداوەکانەوە، بۆیەشە وەکو (جێرمی تۆنستو Jeremy Tunstall) ئاماژەی پێکردووە، بەهای هەواڵ بەشێوەیەکی هەڕەمی دروست دەبێت، بەو واتایەی ئەو کەسانەی لەلوتکەی حکوومەتو ڕێکخراوەکانو سەندیکاو تیپی پێ کاردەکەن، شتی زۆر ڕۆشنکەری پتریان لایە، لەچاو موچەخۆرێکی ئاسایی، بۆیە ئەوانە بایەخی زۆرتریان پێ دەدرێت. (د. عبدالستار جواد،٢٠٠١ ، ٥٣).

بەڵام جۆری دووەمی ڕۆژنامە تایبەتە بەبۆچوونو بیروڕا، ئەمەشیان ئەرکی بایەخدانە بەپەروەردەو گرنگیدان بەڕاو بوژانەوەی فکرو کەلتورو بەها گشتییەکانی نێو کۆمەڵگا.

ئەمجۆرە گوتارە لەڕۆژنامەدا بەگوتاری وتاریش ناودەبرێت،

ڕۆژنامە بایەخ بەمجۆرە وتارانە دەدات، کە ڕەنگە وتارێکی گشتی، یان سەروتار، یان وتاری بیربۆچوونی دووبارەکردنەوە بن‌و هونەری دەرهێنان‌و نووسین‌و دەربڕین کاریگەریی لەسەر کارتێکردن‌و بڕواپێهێنان لای وەرگر کارێکی خواستراوو پێویستە، لەمجۆرە وتارانە ئەم شێوازە پێویسە، کە دەبنە هۆکار بۆ بەدیهێنانی بەیەکەوەبەستن‌و تەواوکردن‌و پەیوەندیکردن لەنێوان ڕستەکان خۆیان‌و ئینجا بەستنەوەی پتەوی بڕگەکان بەیەکەوە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر کارتێکردن‌و بڕواپێهێنان لای وەرگرەکان دەبێت. (د. نبیل الحداد، ٢٠٠٢، ١٣٣ )

ئەو کردە قسیانەی دەکرێت، لەم بوارەشدا بەکاربهێنرێن برییین لە: شیکارو شرۆڤە، تێڕامان، بڕواپێهێنان،پاساوهێنانە، شیکردنەوە، وەلامدانەوە، بەڵگەهێنانەوە، پشکنین، دەربڕین دەربارەی هەستو نەستو داکۆکی لەبیرۆکەیەکو خەڵکی دیکە بخرێتە ژێرباری بەرپرسیاریەتی لەدۆخی فەرمان‌و ڕەتکردنەوەو تەبریر هێنانەوەدا. ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانیانەی دەچنە نێو ئەم چوارچێوەیە بریتین لەشیکاری ڕۆژنامەوانی، وتاری رەخنەگرانە، گۆشەی ڕۆژنامەنووسی، پۆرترێت، بیروڕای ئازاد. (عمر بلخیر، نوارة بوعیاد،revues.univ-ouargla.dz//).

- لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەگشتی پشت بەچەمکی کردە قسەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەستراوە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەنووس پەنا وەبەر ئەم دووجۆر چەمکە دەبات، جا ئەمە لەدۆخی هەواڵ بێت، یان شیکردنەوەو باسکردنی بابەتێک.
- چۆنیەتی کاریگەریی دروستکردن لەسەر وەرگر، بەو پێیەی ئامانجی سەرەکی ڕۆژنامە گەیاندنی مەبەستو زانیارییە

بەوەرگرەکانیی، کە لەکردەوەشدا مەبەستی کردە قسەیی لەگوتنەکانیدا، دروستکردنی پەیوەندییەکانە بۆ بەدیهێنانی کاریگەریی لەسەر ئەوانی دیکە، یان چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەرییە لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە لەسەر خوێنەری ڕۆژنامەکە. (هەمان سەرچاوە).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە (نێرەر/ ڕۆژنامەنووس/ یان ڕۆژنامەکە/یان سەرچاوەی هەواڵو زانیارییەکان)و (وەرگرەکانی گوتارەکە، یان خوێنەرو گوێگرەکانو بەکارهێنەرانی ڕۆژنامەو بابەتەکە) لەکردەی گوتاردا هاوشانو یەکسانن لەڕاپەراندنو بەرهەمهێنانو بەدیهێنانی مەبەستەکانی گوتارەکە. چونکە پسپۆرانی ئەم بوارە پێیان وایە (خوێنەر هاوبەشی نووسەرە، لەکردەی تێگەیشتندا زانیارییەکان لەنێوان هەردووکیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت). (د. نعمان بوقرة، ، ٢٠٠٩، ٥٣).




- ڕۆژنامەی کوردی چەندە بایەخی بەم چەمکە زانستیانەی بەکارهێنانی زمان داوە، کە دەبنە بنەما بۆ بەدیهێنانی

پێکهاتەکانی کردە قسەیی لە(ڕاگەیاندنو ڕیکلامو هەواڵو ئینجا شێوەکانی گوتاری هەنجەتداری پاساوهێنانەوەو هێماو شیکردنەوە ... تاد).

- ئایا ئەم لێکۆڵینەوە دەبێتە هەولێک بۆ دارشتنی بنەمایەکانی کردە قسەیی بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی، کە لەکردەوەدا کردە قسەیی واتای ڕاپەڕاندنی کارێک لەڕێگەی گوتنی قسەیەکەوە، هەروەها گوتاریش واتای بەدیهێنانی مەبەستی گوتنێکە، لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە بەوەرگرەکانەوە لەلایەن نێرەرەوە، کە پەیوەستە بەدۆخی ئەو بابەتەی لەدەوروبەرێکی دیارکراودا ئاڕاستە دەکرێت. واتا ئەو کردە قسەییەی لەڕێگەی گوتنێکەوە لەلایەن (نێرەر/ رۆژانە/ یان ڕۆژنامەنووسەوە دەنێرێت بۆ وەرگرەکەی/ یان بەکارهێنەرو خوێنەرەکەی)، کە ئامانج لێی پەیوەندیکردنە بۆ بەدیهێنانی ئەو دۆخەی، کە (مەبەستەکە/ بابەتێکە/ یان زانیارییە) لەدۆخێکی دیارکراوو لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا ئاڕاستە کراوە، وەکو (ڕۆژنامە/ خوێنەر/ دۆخی قەیرانی دارایی لەحکوومەتدا).
- هەروەها چەند ڕۆژنامەکان بایەخیان بەگرینگی بەکارهێنانی زمان داوە، کە خۆی لەخۆیدا ڕاپەڕاندنی کردەیەکە.؟ هەر گوتنێک، کە بەکارهێنانی زمانی تێدایە، مەبەستی ڕاپەڕاندنی کردەیەک دەگەیەنێت، ئەمەش لەڕۆژنامەو ڕاگەیاندندا بە بەرچاوترین کەرەستەو ئامانجو هۆکار دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان (نێرەرو وەگر).

## ٣-٢ گوتاری سەرکەوتووی ڕۆژنامە

بەپێی شیکارییەکانی (ئۆستن)، یان ئەو زانیانەی لەبارەی پراگماتیکو بەتایبەتیش کردە قسەیی‌و چۆنیەتی بەکارهێنانی

زمان قسەیان کردووە، بڕوایان وایە سەرکەوتنی کردە قسەیی لەگوتاردا پەیوەستە بەهەندێک لەم خاڵانە:

- پێویستە کەشوهوایەکی پیشەیی گونجاوی کاریگەر لەئارادابێت، ئەمەش وا دەسەپێنێت، کە وشەی دیارکراو لەبارودۆخێکی دیارکراو بەکاربێت . جا ئەمە (ڕۆژنامە بێت، یان سەرکردەیەکی سیاسی، یان سەرچاوەیەکی قسەکردنەکە).
- پێویستە قسە بۆکراون، وەرگران، هەروەها بارودۆخیان لەدۆخێکی گونجاوی لەبار بێت بۆ ڕاپەڕاندنی.
- کەشوهەواییکی پیشەیی دیارکراو.
- هەموو بەشداربووەکان ئەم کەشوهەوایە پیشەییە بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ دەکەن، ئەگەر سەیری گوتاری سیاسی بکرێت لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یان ڕۆژنامەکاندا، لەکاتی بەکارهێنانی گوتار سەرکردەکە بەشێوەیەکی فراوان هێرش دەکاتە سەر رکابەرەکانیو دوورنییە بنەماکانی خووڕەوشتی ترساندن پەیڕەو بکات.
- جێبەجێکردنی ئەم کەشوهەوایە بەتەواوی پێویستی بەدیارکردنی کات بۆ بەدیهێنانی کردە قسەییەکە هەیە لەکاتی گفتوگۆکاندا. ئەمە (ئۆستن) باسی نەکردووە، ڕەنگە ئەمە بەکردەوە ببێتە توندوتیژی لەکاتی ڕکابەری سیاسی لەهەڵبژاردنەکاندا، لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کاتێک مەلیک گوتار دەدات، شەش پاسەوانی لەگەڵ دایە، نەبادە ڕکابەرەکانی پەلاماری بدەن.
- مەرجی ڕاستگۆیی، پێویستە ڕەوشتی پیشەیی لەنێوان قسەکەرو گوێگرەکانی هەبێت، نەبوونی ڕاستگۆیی، بەپێی بۆچوونەکانی (ئۆستن) واتا خراپ بەکارهێنانی کردە قسەیی دەگرێتەوە. بۆ نموونە کاڤێک سەرۆک دەڵێت پەیمانتان

پێدەدەم، کەچی بەردەوام دەبێت لەسەر بێ پەیمانییەکانی، ئەمە لەواقیعدا ڕاستگۆ نەبوون نیشان دەدات.

- گوێگر کاری لەقسەکەر دەوێت.
- پێویستە قسەکەر بەکردەوە ئەو مەسەلەیە ڕاپەڕێنێت، کە پەیوەندی بەڕاستگۆییەوە هەیە.
- مەبەستی قسەکەر ئەوەیە گوتنەکانی بەکردەوە هاوشانی کردەکانی بێت.
- مەرجی واتای ناسروشتی، قسەکەر وا لەگوێرەکانی دەکات، کە قسەکەر سورە لەسەر ڕاپەڕاندنی بەکردەوەی ئەو گوتنانەی پێشکەشی دەکات، واتا گوێگر هەست بەوە دەکات، کە ئەو مەعریفەیەی بەدەستی هێناوە، وابەستەیە بەقسەکانی قسەکەرەوە.
- مەرجی دەستپێکردن‌و کۆتایی پێهێنان، پێویستە پەیوەندییەکان ڕوون‌و جدی بن، لەنێوان ڕۆژنامەو خوێنەرکانی، یان لەنێوان سەرکردەو هاوولاتیان‌و لایەنگرانی. پێویستە پەیوەندییەکی کاراوو شێوە دەروونێکی تەواو لەنێوان گوێگران‌و سەرکردەو جەماوەرەکەی هەبێت.
- کردەی قسەکردن دەبڕی مەسەلەیەک بێت، پێویستە نێوەڕۆکی پەیوەست بێت بەمەسەلەیەک.

لەبیری نەکەین، (ئۆستن‌و سێرل) گەلێک بنەمایان بۆ کردە قسەیی‌و ڕاپەڕاندنی کردەیەک بەگوتن داناوە، بۆیە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن، کە قسەو گوتارێک دروست دەکەن، یان گوتاری سەرکردەیەک یان سەرچاوەیەک دەگوازنەوە ئامانجیان بەدیهێنانی کردەی کارتێکردنە، ئینجا ئەمە، یان بڕواپێهێنانە لەڕێگەی پاساوهێنانەوە، یان وریاکردنەوەو ئاگاردکردنەوەیە، یان هاندانە بۆ کارێک، کە داوای دەکەن، یان ڕۆشنبیرکردن‌و

ڕۆشنگەرییە بەڕاگەیاندن. (د. محمد الهمام، مجلە تبین،ژمارە ١٥، ١٠٠).

گوتاری سیاسی هەموو ئەو پێکهاتانەی تێدایە، کە پەیوەستە بەکردەی سیاسییەوە. (محمود عکاشة، ٢٠٠٥، ٨٩)، زمانێکی چڕوپڕە، بەکارهێنراوە، نزیکە لەئامێرەکانی وەرگرتنی خەڵک بەگشتی، سەرباری بەرهەمهێنانی دیاردەی ڕستەو وشە، یان ڕستەی وشەیی. (نادر سراج، ٢٠١٣ ، ٢٤٩)، هەروەها گوتاری سیاسی هەر تەنیا لەسەر هەواڵ ناوەستێت، بەلکو کردەوەو هەڵوێستیش دروست دەکات، کارێک بەدی دەهێنێت. دەستپێشخەریش دەبێت لەدروستکردنی ڕۆشنبیریی پەیوەندیکردنو لەسەر بنەمای دانانی ژمارەیەک یاساو ڕێسای گوتاردانو گفتوگۆکردن. (د. محمد الهمام، مجلە تبین ژمارە ١٥، ١٠٧) .

کاری ڕۆژنامەنووسی گەیاندنی مەبەستە، لەڕێگەی بەیەکەوەبەستنی واتای نێو ڕستەو پەرەگرافو دەربڕینەکان، لەڕۆژنامەی عەرەبیدا کەرەستەکانی گوتاری ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێو واتاکان بەکاردەهێنرێن، لەڕستە هەواڵییەکاندا. (د. محمد الجراح ، مجلة جامعة الدمشق، ژمارە ٣و ٤ ، ٨٤٣).

## ٤-٢ جۆرەکانی کردەی کردە قسەیی لەڕۆژنامەدا

دابەشکردنی جۆرەکانی کردە قسەیی لەڕۆژنامەدا بەمشێوەیە ئەنجام دەدەین:

قسەکردنمان بۆ دوو شێوە دابەش کردووە: کردەی هەواڵیو کردەی ڕاپەڕاندنی بەدیهێنان. لەقۆناغی دووەمیشدا قسەکردنمان

گۆڕیوە بۆ کردە قسەیی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، کە ئەمەیان پەیوەندیی بەجۆری دووەمەوە لەدابەشکردنەکەمان هەیە. هەرچەندە گوتمان (ئۆستن) لەکۆتایی توێژینەوەکانیدا لەجۆری یەکەمی کردەی هەواڵدا پەشیمان ببۆوە، بەواتایەکی دیکە، کە بەکارهێنانی زمان واتای هەواڵ ناگەیەنێت، بەلکو خودی ڕاپەڕاندنی کارێکە، بۆیە پتر جەختی لەسەر جۆری دووەم، کە کردەی ڕاپەڕاندنە دەکردەوە. جۆری یەکەم پشت بەڕاستگۆییو درۆ لەهەواڵدا دەبەستێت. بۆیە من بەکاری دەهێنم، چونکە بەشێک لەکاری ڕۆژنامەکان بەکردەوە پەنا وەبەر (ڕاستیی، یان درۆ، شێواندن، خراپ بەکارهێنانی زانیارییەکان، گۆڕینی نێوەڕۆکی قسەی گوتەبێژو قسەکەرو سەرچاوەکان، جیاوازی لەنێوان ناونیشان و نێوەڕۆکدا، جیاوازی لەنێوان وێنەو گوتارەکەدا... تاد) دەبەن. لەڕۆژنامەی کوردیدا، ئازادی دەربڕینو بیروڕا گۆڕینەوە بەپابەستبوون بە(وەکو خۆی بەکارهێنانی زاراوەو دەستەواژەو زانیارییەکان) هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێت، بەلکو وەکو کارێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ نێوەڕۆکی بابەتەکەو قرتاندنی ڕستەو دەستەواژەو شێواندنو هەتا گۆڕینی ژمارەو زاراوەکان، کە واتای جودا بەدی دەهێنن دەکەن، بۆیە لای من گرنگە جۆری یەکەمی تیۆرەکەی (ئۆستن) لەگەڵ واقیعی کاری ڕۆژنامەنووسی کوردی بەکاربهێنمو زیندوو بکەمەوە، چونکە گەلێک لەم بوارە کردەی هەوڵ و وەسفکردنیان بۆ شێواندن بەشێوەیەکی کارا بەکارهێناوە، چونکە لەکردەوەدا لەدەرەوەی (دادگا)دا، کە تیۆرەکەی (ئۆستن) لەسەر بنەمای دادگاو دادوەریی‌و فەلسەفە ڕۆنراوە، لەڕۆژنامەگەری کوردیدا هەژاریی‌و بێ نەواییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، یان بەپێچەوانەی ئەو بنەمایانە بەکاردەهێنرێت.

سەبارەت بەجۆری دووەمیش، کە کردەی ڕاپەڕاندنە، جەخت لەسەر کردەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەکەینەوە، لەگەڵ کردەی ساخکردنەوەو سەلماندن، سەرسوڕمان‌و کردەی حوکم لەهەواڵداو ئینجا بڕیار لەخستنەڕووی مەبەست‌و بابەتەکان.

## ٢-٤-١ یەکەم/ قسەی هەواڵی/ وەسفکردن

قسەکردن لای کورد، ئەو ئاخاوتنانە دەگرێتەوە، کە خەڵک لەڕێگەی بەکارهێنانی دەم‌و زارو لوت‌و قوڕگ‌و بەکارهێنانی مێشک دەیەوێت لەبارەی شتێکەوە گوتارێک دروست بکات. قسەکردن پڕۆسەیەکی سەرەتایی‌و بنەمایە بۆ بەرهەمهێنانی گوتار، بەدیهێنانی کردەیەک، کە خودی قسەکەرەکە مەبەستیەتی بەدی بهێنێت. قسەکردن، گەیاندنی هەواڵێکە، یان گەیاندنی مەبەستێکە دەربارەی شتێک، یان ڕووداوێک، یان دۆخێک. هیچ مەرج نییە قسەکە بنەماکانی (ڕاستگۆیی‌و درۆیان) تێدا بەرجەستە بێت، یان بەدووربن لەم دوو چەمکە، کە دواتر دەبنە دوو چەکی سایکۆلۆجی‌و سۆسیۆلۆجی‌و دەیان ڕەهەندو هۆکارو ئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە. ئەمە هەمووی لەڕێگەی قسەکردنەوە دەبێت. کاتێک یەکێک دەڵێت (من): مەبەستی گەیاندنی هەواڵێکە دەربارەی (خۆی)، ئەم دەربڕینە لای وەرگر کەسێکی دیکە دەگەیەنێت، یان دەیەوێت لەگەڵ خودی خۆی قسە بۆ خۆی بکات. سەرەتای قسەکردنەکە دروست بوو. (من...) تەواوی نەکردووە، ڕەنگە بیەوێت هەواڵێکی نوێ، نهێنی، یان سەرنجڕاکێش، سەرسوڕمان، مەترسیدار، پەیوەست بەخودی خۆی، یان گەشت، یان پلانی تایبەتی کارکردن، نەخۆشی، باری دەروونی، توڕەیی، خەمۆکی، نیگەرانی، ترس، دڵەراوکێ ... تاد) ڕا بگەیەنێت، یان ڕەنگە بڵێت (من ...) کەسێکی پلەبەرزی کۆمەڵایەتیم، (دکتۆرم، ئەندازیارم،

سەربازم، نەخۆشم، ئیسلامیم، جووم، بچوکم، بەتەمەنم، کورتە بالاّم، کچم، کورِم، ئافرەتم، پیاوم، بەتەمەنم، ... تاد). ئەمە قسەیەکی کرد، شتێکی لەمێشکی بەرانبەرەکەی، یان خودی خۆی دروست کرد. باشە وەرگرەکە/ گوێگرەکەی ئەم گوزارشت و مەبەست و پەیامی ئەم گوتارە قسەیە چۆن لێک دەداتەوە، زۆر گرنگە تواناو لێهاتوویی‌و دۆخی کۆمەلاّیەتی‌و دەوروبەری وەرگرەکە ئاستی تێگەیشتن لەقسەکردنی قسەکەرە دیار بکرێت. گریمانەی ئەوە دەکرێت وەرگرەکە لەئەنجامی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیدا مەسەلەکە بەمجۆرە لێ بکات و بلێت (تۆ .. !!) بەگالّتەوە شێتی، تۆ نەخۆشی، تۆ بەرێزی، تۆ هیچ، نەخێر هیچ...، یان بلێت تۆ کەسێکی توندڕەوی فاشلی بێ دوارۆژی ساقیتی ترسنۆکی دڕندەی ... تاد. کەواتە بەرهەمهێنی قسەکە، کە نێرەرەکە کردوویەتی، وەرگرەکە تەواوی دەکات، ڕەنگە وەرگرەکە ئاگاداریی‌و زانیاریی لەبارەی باکگراوندی قسەکەرەوە هەبێت‌و ڕاستەوخۆ لەقسەکانی‌و مەبەستەکانی بگات، بەلاّم ئەگەر هیچ زانیارییەکەی لەمبارەیەوە نەبوو، ڕەنگە ناڕاستەوخۆ بیری بۆ شتێک بچێت، کە خۆی لەنێو مێشکی خۆی‌و بەپێی مەزەندی وابەستە بەدەوربەری خۆی دروستی کردووە، یان پێوانەی کردووە لەگەلّ دۆخی دەوروبەری نێرەرێکی دیکە، یان لەناکاو شتێکی دەروونی لەبارەی قسەکەرەوە بۆ دروست بووبێت... تاد. کەواتە، کە ڕۆژنامەیەک دەلێت (سەرۆک وەزیران !!!) واتا دەیەوێت هەوالێک لەبارەی سەرۆک وەزیرانەوە بلێت، بەلاّم مەبەستەکانی بۆ خوێنەر جێهێشتووە. تەنیا شتێک دوور نییە وەکو مەبەستی سەرەکی بەکاری بهێنێت، دروستکردنی وێنای مەبەستێکی سلبییە، ئەویش بەکارهێنانی سێ نیشانەی سەرسوڕمانە بەدوای ناوی سەرۆک وەزیرانەوە. ئیدی وەکو نمونەی (من) وەرگر/

خوێنەر دەتوانێت بەتەنیا لەکاتێکی کورتی چاوپیاخشاندنی ئەم ناونیشانە، دەیان هەواڵ دروست بکاتەوە لەبارەی گوتن‌و دەربڕینی نێرەرەکەوە. باشە لەگوتاردا ئەمە ناڕاستەوخۆیە، لەم قسەیەدا ناتوانرێت درۆو ڕاستیی ساخبکرێتەوە، هەروەها هەواڵێکمان پێدەدات، کەنیمچە ڕایەکەی لەگەڵ خراوەتەڕوو، ئەویش نیشانەی(!!!) سەرسوڕمانە. کەواتە ڕاپەڕاندنێکی کردە قسەیی تێدایە، کە خوێنەر هاندەدات، لێکدانەوەی پێشوەختە، یان بەستنەوەی بەپێشوەختەییەکی دیکە ئەنجام بدات، کە لەهەردوو دۆخدا کردە قسەی ڕاپەڕاندن دێتەبەرهەم. ڕەنگە کردەکە نەفی بێت‌و سەرۆک وەزیران حوکمی نەدابێت، سەرۆک وەزیران بڕیاری پەشیمان بوونەوەی دابێت، حوکمی دابێت کابینەکەی نەگۆڕێت، یان دەست لەکاربکێشێتەوە، یان نەکێشێتەوە... تاد. مەسەلە بنەڕەتییەکە پەیوەستە بەدەوروبەری بەکارهێنانی قسەکردنەکەو شێوازی گەیاندنی مەبەستەکانی بابەتەکە.

لەگوتاری ڕۆژنامەوانیدا ژمارەیەکی زۆر قسەکردن (گوتراوی) هەواڵ، یان وەسفکردن دەبینین وەکو:

بۆ نموونە ئەم شێوازانە دەگرێتەوە، کە تەنیا چەند نموونەیەکی گشتین:

- ئەم هەڵوێستەی مەردانە بوو.....
- خۆی لەمانە دەبینێتەوە......
- بەمجۆرە وەسفی شتەکەی کرد......
- هەر تەنیا بیرناکەمەوە، بەلکو هیوای ئەوەشم خواست.....
- هەواڵی میدل ئێست ئیکونۆمیست ڕایگەیاند......
- گوێبیستی ......
- ئەوە هەڵوێستیکی بەرز بوو......

- بڕیاری دا........
- وای دانا..........
- ئاماژەی پێشکەشکردن................ نیشاندان
- وای دانا...........................
- دەسەڵاتی گشتی دانی پێ دەنێت..........
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ نزیکەی ١٧٠٠ قوتابی کۆبوونەوە..............................
- لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ئێوارە زانیم........
- چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:
- ڕۆدمان: کیم-ی هاوڕێم منداڵێکە چەکی ئەتۆمی پێیە!.
- ئەلێکساندەر بۆرتینکۆڤ بەرێوەبەری دەزگای ئاسایشی فیدرالی روسیا ڕایگەیاند:...
- سایتی حورییەت، دەیلی نیوز-ی تورکی بڵاوی کردەوە....
- ئەو بەرێزە باسی هەموو شتی کرد.....
- ئەوان ڕێگەیەکی جیاوازیان هەڵبژاردووە.. دەشیانزانی ئەو ڕێگایەی هەڵیان بژاردووە، سزای بەدواوە دەبێت.
- بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز ئەم ڕووداوە....
- ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکۆچ: سعودییە پلەی دووەمە لەدوای ئەمەریکا
- .... ناوی ناوە (سێلفیتیس).
- ترەمپ ستراتیژیەتی نوێی ئاسایشی ئەمەریکای خستەڕوو.
- هەروەها تێیدا هاتووە.....ژمارەیەک ڕوونکردنەوەی لەبارەی....
- سەرۆکی ئەمەریکا لەڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند.....
- ترەمپ.. ئەمەریکا بەر لەهەموو شتێک دامەزراوەو بانگەشەی ئەوەشی کرد..
- لەلایەکی دیکەوە من وای دەخوێنمەوە....

- لەبەر ئەوەی گرنگی زیاتر بەهەرێمی کوردستان دەدەن.
- کشانەوەی گۆڕانو کۆمەڵ لەحکوومەتدا موزایەدەی سیاسییە...
- بەگوێرەی ڕۆژنامە ئیتالیەکە مینماریان لەبازاری زستانەدا بڕیاری فرۆشتنی لەریزی یانەی سان یونایتد داوە.
- لەکۆیەو تەقتەقدا بارەگاکانی پارتی سوتێندرانو تالان کرانو٧ کادیرو پێشمەرگەشی بریندار بوون.
- ئەمشەو لەجامی ئەلمانیا دۆرتمۆند بەدوای خاڵە لاوازەکانی بایرن دەگەڕێت.
- کۆبوونەوەی سوچی دەکەوێتە ساڵی نوێوە.
- کەتەلۆنیا: سەربەخۆخوازەکان بردیانەوە.
- ئەمەریکا بێلایەنی لەدەستداوەو یاسای نێودەوڵەتیشی پێشێلکردووە.
- گرژی کەوتە نێوان تورکیاو ئیماراتەوە.
- سزای نوێ بەسەر کۆریای باکوردا سەپێنرا.
- د.فواد مەعسوم داوای لەعەبادی کردووە دوای پشووەکانی سەری ساڵ لەگەڵ وەفدی هەرێم کۆبێتەوە، بەڵام تا ئێستا سەرۆک وەزیران بەڕەسمی وەڵامی سەرۆک کۆماری نەداوەتەوە.
- جموجۆلە بازرگانیەکانی سلێمانی ئاسایی دەبێتەوە.
- خورماتوو... جەکدارانی حەشد خۆبەخۆیی لەیەکیاندا.
- کەرکوک...... تەرمی کەسی ڕفێنداراو دۆزرایەوە.
- پاستۆری ماڵئاوایی لەهاوڕێکانی دەکات.

تێبینی//// ئەم قسانە، کە هەواڵو لەدۆخی وەسفدان قسەی ڕاستگۆیانەن، ئەگەر قسەکەر وەکو خۆی بیانگوازێتەوە، کە لەواقیعدا هەن، بەڵام پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە ئایا چۆن

دەتوانین لەکاتی بەکارهێنانی گوتنی هەواڵ، یان وەسفکردن هەندێک لەو پرسیارانە دابین بکەین، یان وەڵام بدەینەوە، کە پەیوەستە بەلێکۆڵینەوەکەی ئێمە، بەتایبەتی لەکردەی هەواڵیدا ڕاستیو درۆ وەکو لایەنێکی گرنگی کردە قسەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، پرسیارەکان ئەمانەن:

- قسەکەر کێیە؟
- ئەی گوێگرو وەرگرەکان کێن؟
- مەبەستەکانمان لەکاتی قسەکردن چییە؟
- چۆن قسە لەبارەی شتێکەوە دەکەینو کەچی دەمانەوێت شتێکی دیکە بڵێین؟.
- چیمان لەسەر پێویستە بۆ ئەوەی شتی ناڕۆشنو ئاڵۆز، لەکردەی پەیوەندیکردن تێپەڕێنین؟
- ئایا واتای شاراوە، بەسە بۆ ئەوەی مەبەستەکە دیاربکرێت؟ (علی آیت أوشان، ٢٠٠٠، ٥٦-٥٧). لەشیکردنەوەی پراگماتیکیدا پێویستە ئەو وەڵامانە لەشیکردنەوەی گوتار دیاربکرێن، چونکە ئەمانە پەیوەندییان بەدەوروبەرەوە هەیە. لەگوتاری ئەم ناونیشانە هەواڵیانەدا ڕاستگۆیی بەهیچ شێوەیەک نابێتە پێوەر بۆ هێزی ڕاپەڕاندنی کردەی هەواڵ، گونجانو بەدیهێنانی مەبەست گرنگە، واتە ناونیشانەکان ئەرکیان گەیاندنی مەبەستێکە بە وەرگرەکانیان، بۆ ئەوەی کردەی پەیوەندیکردن لەپێناو کارتێکردن و جوڵاندن و دروستکردنی ڕای گشتی بەدی بهێنن.

هەواڵ بریتیە لەپێکهاتەکانی، ڕووداوەکانو کەسەکان، کاتو شوێن، مەبەستە دیارو نادیارەکانو ئامرازو شێوازی داڕشتنو گوزارشتو گەیاندن. کردە قسە لەم ناونیشانە ژمارەیەک ئەرک ڕادەپەڕێنن، کە ئامانجی سەرەکی هەواڵەکەیە.

## ٢-٤-٢ دووەم/ قسەی ڕاپەڕاندن

لەمجۆرەدا جۆری قسەکردنەکە هەواڵدانو وەسفکردنی تێدا نییە، ناچێتە ژێر پێوانەی ڕاستگۆییو درۆ، وەکو ئەوەی لەقسەی هەواڵی و وەسفیدا بەدی دەکرێت، تەنیا شتێک جیای دەکاتەوە قسەکردنەکە یەکسانە بە بەدیهێنانی کردەیەک. (سێرل) ئەمجۆرەی دابەشی سەر قسەکردنی (ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ) کردووە. لەڕاستیدا ڕۆژنامەنووسان زۆر بایەخ بەمجۆرە لەکاری ڕۆژنامەنووسی دەدەن. بەتایبەتی لەناونیشانو مانشێتەکانیاندا، هەموو شتێک ڕاستەوخۆ باس ناکەن، بۆ ئەوەی خوێنەرو وەرگرەکانیان تەواوی بابەتەکەیان بخوێننەوەو هەروەها بەدواداچوون بکەن. بۆیەشە ئەمجۆرە دەخرێتە چوارچێوەی کردە قسەیی، چونکە مەبەست لێیدا ڕاپەڕاندنی کارێکو بەدیهێنانی کردەیەکە لەڕێگەی گۆکردنو وەبەرهێنانەوەی لەلایەن وەرگرەوە.

گوتاریش بەشێوەیەکی سروشتی پشت بەم جۆرە کردەی ڕاپەڕاندنە دەبەستێت، چونکە ئامانجی گوتار گەلێک جاران لەوە بەدی دێت، کە قسەکەر ناڕاستەوخۆ مەبەستەکانی بەوەرگر دەگەیەنێت، یان هەندێکجار ڕاستەوخۆ مەبەستی قسەکردنەکە بەڕوونیو بێ گرێ ئاراستە دەکرێت، بێ ئەوەی هیچ شتێکی شاراوەو نەزانراوی تێدا بەکار بهێنرێت. گوتاری هەواڵیش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشت بەم بنەمایە لەکردە قسە دەبەستێت.

لەزمانی کوردیداو بەتایبەتیش لەدۆخی ڕۆژنامەگەریدا، کردە قسەیی ناڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی بەرفرە بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتیش ئەو شتانەی پەیوەندییان بەپرسی باڵادەسانو هەندێک مەسەلەی ستراتیجیو ڕەمزو پیرۆزییەکانو بۆنەو

ئاین‌و لایەنی زلهێزو ئەمنی‌و سەربازیی‌و سیاسیی ئاڵۆزەوە هەیە. لەهەمان کاتیشدا بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی پیشەیی چەسپیوو بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی گەلێک جاران وەکو هەڵەیەکی ڕۆژنامەنووسی هەندێک بواری هەستیار ڕاستەوخۆ بۆ نموونە ڕومالی ڕووداوەکانی بەرەکانی شەڕو پێگەو جێگەی هێزەکانی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ دەگوازرانەوە، زیانیان دروست دەکرد، بەتایبەتی لەتەلەڤزیۆنەکان‌و بەرنامە ڕاستەوخۆکانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا.

## ٢-٥ کردە قسەی ڕاستەوخۆ

لەمجۆرەدا شێوەی قسەکان، هەمان ئەو شتانە دەگەیەنێت، کە لەقسەکردنەکەدا دێت، شێوە یەکسانە بەنێوەڕۆک، بۆ نموونە سەیری هەندێک لەگوتاری ڕۆژنامەکان بکەن:

### ٢-٥-١ جەختکردنەوە

بەپێی بۆچوونی هەندێک لەتوێژەران ئەم گوتنە سێ ڕەهەندی هەیە، قسەکەر وا لەوەرگر دەکات بایەخ بەقسەکانی بدات، ئامانجی ئەوەیە نێوەڕۆکی قسەکانی کاراو کاریگەربن، ئەم قسانە ژمارەیەک مەبەستیان هەیە، چونکە پراگماتیک بایەخ بە(کێشەکانی نێوان زمان‌و قسەکردن دەدات، کە (سوسێر) لەلێکۆڵینەوەکانی ئاماژەی پێداوە، هەروەها بایەخ بەپەیوەندییەکانی نێوان زمان‌و بەکارهێنەرانی لای قسەکەران دەدات). (هەمان سەرچاوە، ٥٦-٥٧)، وەکو:

- کە بینیمان.....
- بەکردەوە ئێمە ......
- بەڵێ...........

- جەختی کردەوە.........
- سەرچاوەیەکی نزیک لە مەکتەبی سیاسی جەختی کردەوە.....
- بەڕێز بن غان سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتی جەختی کردەوە.........
- هەمان سەرچاوە جەختی کردوەوە کە ئەم لیژنەیە..................
- بەکردەوە ئێمە ترسنۆکین.........
- بەڵێ ئیسلام سەردەکەوێت.......
- بەڕێز میهرەویی وای دەبینێت..............
- بەڕێز ئەمین زاری هەولی دا..............
- ژمارەیەک لێکۆڵینەوە جەخت دەکەنەوە......
- پێویستە لەبیری نەکەین، تەنیا عەقڵیەتە.........
- مامۆستا نەسرەدین بەغدادی جەختی کردەوە......
- دانیشتوانی دوو گوند جەختیان کردوە........
- سەرچاوەیەک ئەمڕۆ جەختی کردەوە.............

چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:

- ..... کە کوڕەکەی مەسعودی یەلماز-ی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا لەماڵەکەی خۆیدا لەئەستەنبۆل بەکوژراوی دۆزرایەوە.
- ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ڕوویدا، خۆپیشاندان نەبوون، چونکە لەیاسا دەرچوونە....
- هەروەها ترەمپ جەختیشی لەوەکردەوە.......
- لەبانگهێشتی ئێمە بۆ ئەلمانیا نیشانەی پشتگیرییە بۆ هەرێمی کوردستان.
- دووپات... «ئەمەریکا پشتیوانی خۆی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە».

- گۆڕان داوا لەعەبادی دەکات دەست لەکاروباری سلێمانی وەربدات.
- ڕای ئەمەریکا لەسەر عەبادی دەگۆڕێت.
- لێپرسینەوە لەپارێزگار بۆ ساڵی داهاتوو دواخرا.
- پالمیراس بەهای یێری مینای دیاریکرد.
- ڕۆدرمان..... جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە.......
- دەشیانزانی ئەو ڕێگایەی هەڵیان بژاردووە سزای بەدواوە دەبێت.
- سەرۆکی تورکیا جەختی کردەوە.....
- نێچیرڤان بارزانی: ئەوەی ئێمە داوای دەکەین مافی گەلێکەو ئەو گەلەش هەردەگاتە مافەکانی خۆی.
- پێشمەرگە لە ئامادەباشیە بۆ بەرپەرچدانەوەی.......
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دووپاتی لەهەوڵە بەردەوامەکانی وڵاتەکی کردەوە.........
- ڕایگەیاندو دووپاتیکردەوە......
- هاشوهوشە.....
- بێگومان...
- هەروەها.....
- تەرکیزی خستۆتە سەر لەناوبردنی داعش...
- شەممەی داهاتوو (فۆن بەرانبەر ڕۆما یاری ناکات).
- بەهۆی هاندانی خەڵک بۆ خۆیشاندان و کاری توندوتیژی ئێن ئارِ تی ڕاگیرا.
- جەختی کردۆتەوەو هاوئاهەنگو هاوکار دەبن.....
- پارتی هیچ مەرجی نییە....
- هێشتا کاتی دەستپێکردنی گفتوگۆکان بەغداو هەرێم نییە.
- ئێمە لەیەکێتی تەئکید دەکەینەوە....

- بۆیە پێویستەو دەبێت ناڕەزایەتییەکان بەشێوەی مەدەنیو ئاشتیانە بێت.
- بەڵام حکوومەتی عێراق هیچ دەستپێشخەریەکی بۆ ئەو مەبەستە نەکردووە.....
- مالکی: دواخستنی هەڵبژاردن عێراق بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات.
- ژمارەی کۆچبەران لەئەلمانیا کەمیکردووە..
- مەلا بەختیار: هیچ شتێک بەبی ئاشتی ناکرێت.
- کە بینیمان.....
- بەکردەوە بەئێمەی ڕاگەیاند....
- بەڵێ...
- بەکردەوە ئێمە ترسنۆکین....
- وای دەبینێت.......

هەندێک نموونە وەکو:

- کە دیتمان .........
- بەکردەوە ئێمە .......
- جەختی کردەوە...........

لە زمانی کوردیدا گەلێک شێواز بۆ جەختکردنەوە بەکاردێت، ڕەنگە هەندێکیان دەنگێکی وەکو (ش)، یان دووبارەکردنەوەی وشەکە، یان نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمان، یان هێزو ئاوازە لەنێو وشەو ڕستەکاندا جەختکردنەوە دیاربخەن. لەکردە قسەدا جەختکردنەوە بەیەکێک لە بنەما دیارەکانی بەدیهێنانی کردەیەک لەڕێگەی قسەکردنەوە دادەنرێت.

لەڕۆژنامەکانیشدا لەنێو ناونیشانو دەقی هەواڵو لێدوانو بەکارهێنانی زانیارییەکانو وەسفدا پشت بەجەختکردنەوە

دەبەستن بۆ دەرخستنی چەند ئامانجێک، لەوانە (بیرهێنانەوەی زانیارییەکان لای وەرگر،دەرخستنی ڕۆڵی کەسی، پێداگرتنو ئیبرازکردنی مەبەستە سەرەکییەکان، هاندان، گرنگیدان بەبابەتە سەرەکییەکە، ڕیزبەندی ئەو زانیاریانەی بەپێی پلە بەندی گرنگن.. تاد).

### ٢-٥-٢ ڕاگەیاندن:

- ڕایگەیاند.....
- بەکارهێنانی : لەجیاتی گوتی، ڕایگەیاند...
- گوتی
- دەڵێت
- دەشلێت..
- من وای دەبینم...
- ناتوانێت بگەڕێتەوە یانەکەی..
- ڕاپۆتە هەواڵییەکانی ئیتالیا ڕایانگەیاند..
- ڕاگەیاندراوی پەرلەمانی کوردستان..
- لەهەمان کاتیشد ڕایدەگەینین

لەمجۆرە داڕشتنە لەڕۆژنامەی کوردیدا بەدەیان نموونە بەرچاو دەکەون. ڕاگەیاندن ئەرکی یەکەمو بنەڕەتی ڕۆژنامەیە، بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی چالاک لەداڕشتنو بەرهەمهێنانی هەواڵدا پشت بەڕاگەیاندن، واتە ئاشکراکردنو بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانیاری ببەستێت. هەواڵ یەکسانە بەگەیاندنی زانیاری، گەیاندنیش پەیوەستە بە ڕاگەیاندن. ئەمەش کردەی دەوڵەمەندکردنی وەرگرو خوێنەر دەگرێتەوە، چۆن نێرەر پرۆسەی کردەی پەیوەندیکردن لەپێناو ئاشکراکردنی زانیاری مەبەستدار بە خوێنەرو وەرگرەکانی

ئەنجام دەدات، کردەیەکە پشت بەژمارەیەک کەناڵی گەیاندنو پەیوەندیکردن دەبەستێت.

لە گوتاردا (نێرەرو وەرگر و پەیام، یان بابەت) هەیە، ئەمانە تەوەرەی سەرەکی کردەی بەرهەمهێنانی گوتاری هەواڵ دەگرنەوە.

**٢-٥-٣ وەسفکردن:**

- وەسفیکرد.....
- خۆی دەنوێنێت لە ........
- هاوشێوەی....
- لەیەکچوونێکی زۆر لەنێوان...
- مالکی کەسێکی توندە.....
- عەبادی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی فیدرالی عێراق:
- نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:
- وای دەبینێت....
- بەتوندیو ئاشتیانە
- بەشێوەیەکی هێمنانە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە...
- لەبارەی ..
- لەدۆخی....
- فازل ڕەئوف: کادیرانی پارتی خۆیان کردۆتە قەڵغان بۆ پاراستنی بارەگاکانمان.
- بەشێوەیەکی گشتی...
- ناوچەکە بەگشتیو.... عێراق بەتایبەتی.
- پێویستە ئەم قۆناغە بە یەکگرتوویی تێپەڕێنین....

- نیشانەی ئەوەیە......
- سیاسەتو خوێندەنەوەی ماکرۆن تەواو لەسەرۆکایەتی پێشوخۆی جیاوازە...
- ئەزموونێکی زۆری لەکاروباری ڕۆژهەڵات هەیە...
- تایبەت بە کەنالی ٢٤ ڕایگەیاند..
- بەغدا خۆی بەبراوە دەزانێت..
- سەرۆک وەزیرانی هەرێم: ئەوروپا پستگیری لەحکوومەتێکی بەهێز لەهەرێمی کوردستان دەکات.

چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:

- ڕۆڵی روسیا لە دۆسێی کوردو دیمەشقدا چی دەبێت؟
- ڕێککەوتنی هەرێمو بەغدا بە کوێ دەگات؟ کۆ دەنگی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم.
- هەوڵدان بۆ داگیرکردنی زەویوزاری کوردان لە سنووری کەرکووک بەردەوامە.
- سەرۆکی هەرێم لەداهاتوودا سەردانی هەموو لایەنەکان دەکات.
- ئەم هەڵوێستە مەردانە بوو..
- خۆی لەمانە دەبینێتەوە....
- بەمجۆرە وەسفی قسەکەی کرد....
- بڕیاری دا...
- وای دانا....
- ئاماژەی پێشکەشکردن........ نیشاندان...
- دەسەڵاتی گشتی دانی پێدەنێت.....
- سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ڕایگەیاند...

- سەرچاوەیەکی نزیک...
- سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بەتوندی وەڵامی......

هەروەها وەسفکردنیش بەهەمان شێوەیە، وەکو چۆن ڕاگەیاندنو ڕیکلامو هاندانو ڕەتکردنەوەو کردەکانی دیکەش پەیوەندیان بەدۆخی بەکارهێنانەوەهەیە، هەمان شتیان بەسەردا دەسەپێت. وەسفکردن کردەیەکە لەزۆربەی هەواڵەکاندا باڵادەستە، پێشەنگە لەشێوازی گوتنو نووسینو دەربڕیندا، هیچ گوتنێک بێ وسفکردن نییە، هیچ وسفێکیش بێ بنەمای هەواڵ نییە، هیچ هەواڵێکیش بێ کردەی پەیوەندیکردنو گەیاندنو کارتێکردن بەڕێوەناچێت. واتە ئەرکی هەر کردە قسەیەک لەڕۆژنامەدا دەبێت بەقووڵی بیر لەکردەی وەسفکردنی تێدا بکرێتەوە.

لەدۆخێکی دیکەدا گەلێک جاران لەناونیشان، یان بابەتەکاندا هەندێک دەربڕینی (ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ) بەیەکەوە، لەیەک ڕستە، یان گوزارشتو دەربڕینو پەرەگرافدا بەکاردێت.

لەم کردە قسانەدا کە لەم مانشێتانەدا لەڕۆژنامەی کوردی بڵاوکراوەتەوە، بۆمان دەردەکەوێت لەتەک زانیاریو مەبەستی ڕاستەوخۆ، هەندێک مەبەستی ناڕاستەوخۆو واتای نادیاریش بەکارهێنراوە. بێگومان هەڵبژاردنی هەر ناونیشانێک پەیوەندی بەخودی ڕۆژنامەکانو تێڕوانینی ئەوانەوە هەیە، بۆ بابەتەکان. واتە ڕۆژنامەکە دەیەوێت لەنێو زانیارییەکاندا ئەم کردەیە بکاتە بابەتی سەرەکیو جێگەی بایەخی هەرە لەپێشی خۆی. بۆ نموونە (سەردانی لایەنەکان ئاشکرایەو ڕاستەوخۆیە، بەڵام لەداهاتوودا، دیار نییە، شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی نادیاری پێدراوە. کێ زەوەیو زارەکان داگیردەکات، ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام ڕاستەوخۆ باسی کەرکووک و کورد کراوە کە زوڵمیان لێ

دەکرێت. ڕووسیا ڕۆڵی هەیە لەبارەی کورد، بەڵام دیار نییە، ڕۆڵەکەی چییەو چۆنە؟. لەبارەی ڕێککەوتنی هەولێرو بەغداش گومانو گریمانە هەیە.

ڕۆژنامە لەم جۆرە بەکارهێنانەدا ئامانجی تایبەتی هەیە، بەلای کەمەوە لەژێر کاریگەری سیاسەتی (وروژاندنو پێدانی زانیاری کەمو دروستکردنی دۆخی پرسیار بۆ دروستکردنی بۆشایی لەنێو ناونیشاندا) کردەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دروست دەکات. لەلایەک کارێکی ڕەواو دروست دەکات، لەکاتێکی دیکەشدا خوێنەر پێویستی بەگەڕانو پشکنینو بەدواداچوون دەبێت، بۆ دۆزینەوەی زانیاریو شتەکان.

### ٢-٥-٤ ئەو قسانەی هێمان بۆ سەرسوڕمانو پرسیار:


جۆرە قسەیەکە پێویستی بەوەڵام هەیە، ئەمجۆرە قسانە لەگوتاری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە، پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەوەی پراگماتیک وەکو (فرانسواز ریکانتی) ئاماژەی پێکردووە لێکۆڵینەوە لەبەکارهێنانی زمان لەگوتار بکرێت، هەروەها پراگماتیک بایەخ بەپەیوەندی زمان بەبەکارهێنەرانی دەدات. (هەمان سەرچاوە، ٥٦-٥٧) وەکو:

- ئایا دەتوانرێت..........

یان هێما بەدۆخی دەروونی بۆ کارەکتەرەکە/ بکەرەکە دەکات، دەربڕی دۆخی سەرسوڕمانو هەژانو بارودۆخێکی دیارکراوە:

- ئایا عەقڵ ئەمە قوبڵ دەکات......
- هەڵویستان لەگربوونەوەی نیشتیمانی دیموکراتی لەبارەی دوژمنکاری ئەمەریکی لەعێراق چییە؟.
- تۆ هەڵسەنگاندت لەمبارەوە چییە؟

- ئایا وەڵامت دەربارەی نامەکەت بەدەت گەیشت؟
- ئایا تۆ لەو کەسانەی بیرورات وایە ئەو زەمینەی سازییەی لەکۆنگرەی سۆمال پێکدێت.....
- چیرۆکی غافلکوژییەت چۆن بوو؟
- کێ ئەوانی بۆ ئەم کارە راسپاردووە؟.
- بۆچی وەزیری بازرگانی دیدارەکەی لەگەڵ رۆژنامە دواخست؟
- جارێکی دیکە خۆپیشاندەران رێگەی پردەکانیان لە پارێزگای زیقار داخست.
- ژمارەی پەنابەرانی رۆژئاوا لە هەرێم گەیشتە ١٧ هەزار کەس.
- کۆنگرە ناسنامەی یەکێتیو رۆحی زیندووی مام جەلالە.




کردەی پرسیارو سەرسوڕمان دوو کردەی زۆر چالاکی نێو دەقن، چ لەرێگەی دەربڕینو گوزارشتدا، چ لەرێگەی هێمای سیمیۆلۆجی واتاو مەبەست دروست دەکەنو کاریگەریان لەسەر ئاراستەی دەقەکە دەبێت. لەکردەوە مانشێتو ناونیشانی هەواڵ پشت بەژمارەیەک پرسیاری وەکو (چۆنو کەیو لەکوێو لەبەرچیو چۆنو بۆچی) دەبەستێت، هەمیشە لەرێگەی سەرسوڕمانەوە، یان دروستکردنی بۆشایی، یان گریمانەو دەرفەت دروستکردن بۆ بیرکردنەوەو پێ نەدانی زانیاری تەواو

بۆ ئەوەی وەرگر سەرجەم هەواڵەکە بخوێنێتەوە، پەنا وەبەر کردەی پرسیارو سەرسوڕمان دەبەن.

ئەم دوو کردەیە لەبەرهەمهێنانی کردە قسەدا دوو پێکهاتەی چالاکو کاران‌و کاریگەریان لەسەر جووڵاندنی عەقڵی وەرگرو وروژاندن زۆرە.

### ٢-٥-٥ ئەو قسانەی هێمان بۆ فەرمان:

لە سەرەتاوە ئەم قسانە جۆرێک لەپەیوەندییەکی ڕێکوپێک لەنێوان قسەکەران دروست دەکات، یەکێکیان هەواڵ بە ئەوی دیکەیان دەگەیەنێت، کە پاڵپشتی ئەم خووڕەوشتە، یان هی دیکە بکات، یان ئەو کارە بکات، یان کارێکی دیکە، ئەمە کاری قسەکەر لەگوتاری ڕۆژنامەوانی نیشان دەدات، وەکو :

- داوامان کرد....
- کراسێکم بۆ بکڕە....
- لەشوێنی خۆت دانیشە.....
- فەرمانم بە بەرێوەبەر کرد، دەورپشتەکەی کۆبکاتەوە.....
- ئەنجوومەنی دەستوریی لەڕاگەیاندراوێکی دا فەرمانی دا..........

### تێبینییەکی گشتی///

سەبارەت بەم قسانە (ساخکردنەوە/ سەلماندن، سەرسوڕمان، فەرمان...) ئەوە بەوە جیادەکرێنەوە، کە کردەی ڕاپەڕاندن، بەپێی هەندێک توێژینەوەیە ئەم قسانە خۆی لەم جۆرە دەربڕینانە دەبینێتەوە: شێوازی هێماکردن بۆ کاتی ئێستا، هەروەها بۆ ساخکردنەوەو سەلماندن تێدایە. پشت بەشێوازی سەرسوڕمان دەبەستێت، هەروەها شێوازی هێماکردن بۆ فەرمانی تێدایە.

هەروەها بەپێی واتا هەندێک کردە قسەی ڕاستەوخۆ هەیە، لەڕێگەی واتاوە پۆلێنکراون، ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر بەگوتن بەکاریان دەهێنن، یان لەقسەکانیاندا، وەکو هەندێک توێژینەوە کاریان لەبارەیانەوە کردووە، لەم خاڵانە دیارکراون:

## ٢-٥-٦ کردەی هێماکردن بۆ هەواڵ:

بەپێی کارەکەی گوێگر دەخاتە دۆخێکی مەعریفی باش، ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە خراونەتە لیستی هەواڵییەوە، دەکرێت ئاماژە بەم نموونانە بکرێت:

- هەروەها ئاشکرای کرد.....
- تۆمارکرد.....
- بەبیری هێنایەوە.......
- ڕوونی کردەوە.....
- بەدیهێنا.......
- یادی کردەوە.........
- نمایشێکی پێشکەش کرد......

نموونە لەڕۆژنامەی کوردی:

- ئەو بەرپرسەی ڕوسیا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد....
- ماوەیەک لەمەوبەر عێراق ڕایگەیاند...
- ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن....
- پێ دەچێت مەحمود یەلماز خۆی کوشتبێ....
- بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوە.....
- نێچیرڤان بارزانی: لەتۆڕی کۆمەڵایەتی، پەیامێکی ئاڕاستەی خۆپیشاندەرانی سلێمانی..... کرد، ڕایگەیاند...
- ئێران وەک هەڕەشەک هەژمار کراوە.

- .... هێما بۆ ئەو پیلانە هەرێمییە دەکات....
- ئاشکرای کرد..
- مەزەندە دەکرێت ئەمشەو یاری بکات....
- ئەمەریکا خوازیاری چارەی ئاشتیانەی کێشەکانە....
- سەرۆکی بایرن: زێدەڕۆیی لەهەڵسەنگاندنی نایمار کراوە.
- ڕوونکردنەوەیەک لەمەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە.
- وردو درشتی ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە بەدرۆ دەخەینەوە..
- ڕوونی دەکەینەوە، کە بەهیچ شێوەیەک ڕاست و دروست نییە.
- سەرچاوەکە ڕوونیشیکردەوە....
- شارەزایانی ئەمەریکی پێشبینی ..... دەکات.

ئەو کارانە، لەشێوەی ڕابردوو، یان ئێستا بن، ئەوان کاری هێماکراون بۆ هەواڵ.

### ٢-٥-٧ کردەی هێماکراو بۆ حوکم:

ئەوە جۆرانە، جۆرە کارێکن لەهەندێک مەسەلە بەکاردەهێنرێن، کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ئەخلاقیی ڕۆنراون، لەم نموونانە:

- تکاتان لێ دەکەین.....
- سەربەز دەبم.......
- سەرفراز دەبووم......
- سەرفراز دەبم  کە شتێک پێشکەشی جەنابتان بکەم......
- ناڕازیمە لە سەر .......
- پێداهەڵگوت ......

چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:

پێش ئەوەی چەند نموونەیەک لە ڕۆژنامەی کوردی ئاماژە پێ بکەین، دەبێت بەبیری خۆمانی بهێنینەوە، یەکێک لەدیاردە نەگونجاوەکانی نێو ئەم کارە بەکارهێنانی شێوەو ئاوازەی (بڕیارو حوکمدانە) لەکاتی نووسینو داڕشتنی واتاو مەبەستەکاندا. ڕاستە قسەکردن خۆی لەخۆیدا پشت بەحوکمو بڕیاردان دەبەستێت، چونکە بێ حوکمدان وشە هێزو دەسەڵاتو بەهای لاواز دەبێت، بەڵام کارێکی نەشیاو دەکرێت ئەگەر ڕۆژنامەنووس خۆی بخاتە پێگەی (حوکمدانو بڕیار)، لەجیاتی گواستنەوەو زانیارییەکان.

با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

- ئەو هەرایەی لەقودس دروست بوو.... بەهۆی بڕیارێکی دۆنالد ترەمپ بووە بەهۆی بڕیارێکی.... کە لەشەشی ئەم مانگە بڕیاری دا.... (لێرەدا زۆر بەزەقی ڕۆژنامەکە لەم هەڵبژاردنی ئەم شێوازەدا کردەی بڕیاردانی پیادەکردووەو بەئاراستەی حوکمدانیشدا چووە. یەکەمیان دەڵێت (هەرا) بەشێوەیە نەرینی وەسفێکی واتایی دۆخەکەی تێدایە، (بەهۆی) حوکمو بڕیاری تاوانبارکردنی لایەنێکی تێدایە. کاتێک شیکاری دەروونیو کۆمەڵایەتی ئەم ئاوازەو دەربڕینە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت ڕۆژنامەکە بۆتە بەشێک لەوەسفو بڕیارەکان، نەک گواستنەوەی پیسەییانەی زانیارییو قسەی کەسێکی دیکە، ئەمەش کردە قسەیەکی نەگونجاوی دروستکردووە).
- نێچیرڤان بارزانی بۆ خۆپیشاندەران داواتان لێدەکەم بەئاشتیانە داواکانتان دەربڕن. (بەناراستەوخۆ نەرمە فەرمانێک بەخەڵک دەدات، خۆپیشاندانی ئاشتیانە بکەن، ئامۆژگارییە، ڕێنوێنییە، هەروەها زمانێکی دیبلۆماسییەو گەڕانە بەدوای لێکتێگیەشتن).
- پارتی: دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو دەنگە پاکانەی داوای چاککردنی ژیان و......

- لیژنەی یاسای پەرلەمان.. هەڵکوتانە سەر بارەگای ... دەچێتە خانەی تاوانەکانەوە. (حوکم لەم هەواڵەدا هەیە، ڕاستە لیژنەی پەرلەمانی گوتویانە، بەلام بەلای کەمەوە داڕشتن‌و هەڵبژاردنی وێنەکە لەگەڵ هێلی گشتی ڕۆژنامەکە دەگونجێت، یان ڕۆژنامەکە ئەو بڕگەیەی هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی بیکاتە ناونیشانی هەواڵەکەی).
- خۆپیشاندانەکان پەیوەندیان بە بەرنامەی ١٦ ئۆکتۆبەرەوە هەیە....
- تێکدانی ئارامی... بەکاری ناڕەوا دەزانین.
- بەڵام ناکرێت....
- بەهۆی پابەند نەبوونیان بەڕێنوێنییەکان لیژنەی پشکنینی قائیمەقامیەت ژمارەیەک شوێن داخران.
- کاریس بێل ڕۆژی هاوسەرگیری لەگەڵ ئیما دیاری دەکات.
- لێپرسینەوە لەپارێزگار بۆ ساڵی داهاتوو دواخرا.
- وەزارەتی تەندروستی: پێویستە گیا...... تاقیگەی جۆری دەربچێت.
- موختاریان بڕیاری ڕۆیشتنی دەدات و ئینەتر خۆی ئامادە دەکات.
- پەلاماردانی بارەگاو دامەزراوەکانی حکومەت قابیلی قبوڵ نییە.
- ڕێکاری یاساییان لەدژ بگیرێتە بەر.
- پەرلەمانی کوردستان: خۆپیشاندان مافێکی ڕەوای خەڵکە بەشێوازێکی هێمنانەی دوور لەتوندوتیژی.
- یاریزانێکی یانەی هێرتا بەرلین سزا دەدرێت.
- حەیدەر عەبادی: زنجیرەیەک ڕێوشوێنی توندی ئیداری لەبەرامبەر هەرێم گرتە بەر..... (ئەم هەواڵە وەسفی حکومی

عەبادی دژی هەرێمی کوردستان دەکات، ڕەنگە ڕۆژنامەکە لەپێناو دژایەتی عەبادی ئەم هەواڵە کە کردە قسەی بڕیاری تێدایە هەڵبژاردبێت، مەرج نییە ڕۆژنامەکە لەگەڵ نێوەڕۆکی قسەکانی عەبادی بێت).

- ناریۆ.. بڕیاری دا پەیوەندی بەخولی ئینگلیزی بکات. (لێرە کارەکتەری نێو هەواڵەکە بڕیاری هەڵسوکەتی تایبەتی خۆی دەدات، ڕۆژنامەکە تەنیا زانیارییەکەی گواستۆتەوە).
- بەپێی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران...
- سونەکان بۆ هەڵبژاردن مەرجیان هەیە.
- ئەمەریکا ٢٨٥ ملیۆن دۆلار لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبڕێت...

لەم گوزارشتو دەربڕینو گوتراوانەدا شێوەی ئەخلاقی دەسەڵاتو هێزو پێگە لای قسەکەر، فەرمان بەهەندێک شت دەکات، بەڵام زۆر بەرێزو ئیحترامەوە کارەکە لەگەڵ وەرگرەکە ئەنجام دەدرێت.

### ٢-٥-٨ کردەی هێما بۆ فەرمان:

- ئەمەریکا داوا دەکات بودجەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەم بکرێتەوە..
- پێویستە حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری ڕێکاری یاسایی بگرنە بەر..
- نەجیبە نەجیب: داوامان لەئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و ........ کردووە.
- پارەی گەنمی جووتیاران بەیەکسانی بنێرن..
- کیلینی ئامادەیە بۆ یاری.....
- سیاسەتی ئێمە واژۆکردنی بۆندی یاریزانی لاوو بەتوانایە بۆ بنیات نانەوەی تیمەکەمان...

- بەغدا دەیەوێت هەرێمی کوردستان بچووک بکاتەوەو خەڵکی کوردستانیش ئەمە قبوڵ ناکات.
- ئیستغلالکردنی خەڵکانێک بۆ هەر مەرامێک بێت قبوڵ ناکرێت.
- بەپێی فەرمانە ... بڕیارەکە لەسەر داوای ..... دراوە.
- بۆیە بڕیاریمان دا بەداخستنی کەناڵەکانی سەرەوە بۆ ماوەی هەفتەیەک.....
- سەرۆک کۆمار داوای لەعەبادی کردووە....
- عەبادی .... سزادانی گەلی کوردە...
- عەبادی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا...
- بەغدا موچە نانێرێت.....
- فەرمانی دەستگیرکردنی ٢٨٠ بەرپرسی باڵای..... دەردەچێت.
- وەزارەتی شەهیدان: بڕیاری..... دراوە.
- بە هەر پەنابەرێکی ڕۆژئاوا لەجێگەی خێمە خانوویێک دروست دەکرێت.

ئەم کردانە کە نموونەی ڕۆژنامەی کوردین لەهەرێمی کوردستاندا، هەندێک داواکاریان بەتامی فەرمان دەربڕیوە، گەلێک جاران لەبەکارهێنانی زماندا بۆ شاردنەوەی (مەرامە سەرەکیەکە) دەیانەوێت لەشێوەی داوا، فەرمانەکە بڵێن‌و نیشان بدەن. لەڕووی دیبلۆماسی‌و سیاسییەوە گەلێک جاران لای دەسەڵات‌و حکوومەت‌و سیاسییەکان دەستەواژەو دەربڕینەکان بەشێوازێک دەگوترێن، کە دەرفەتی پاشەکشەو بادانەوەو لێکدانەوە بەخۆوە بگرێت، بێگومان ئەم کردانە هیچ کاتێک بەمانای لاوازیی‌و بێ دەسەڵاتی نایەن، بەپێچەوانە پەیوەندی بەشارەزایی‌و هێزی بەکارهێنانی زمان‌و گوزارشتکردن‌و زەمینەو دەوروبەری بەکارهێنانەوە هەیە.

ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکان پێش ئەوەی پشت بەپیشەی هەواڵ دروستکردن ببەستن، پشت بەدیبلۆماسیەت‌و هونەری پاشەکشەو

خۆدوورگرتن لەبەرپرسیاریەتی بڕیارو فەرمانو حوکمدان لەبارەی شتەکانەوە دەبەستن.

نامەنەوێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە بۆ هەندێک دیاردەی نەرێنی پیشەی ڕۆژنامەنووسی کوردی بکەین، کە خۆیان دەکەنە خاوەنی هەواڵو ڕووداوەکان، بەڵام بەگشتی سیاسییەکان لەپێناو شاردنەوەی مەبەستەکانیان (داواکردنو فەرمان) لەجیاتی یەکتر بەکاردەهێنن.

## ٢-٥-٩ کردەی نیشاندانو نمایش:

ئەوە کردارێکە دەچێتە نێو ئەو پەیوەندیانەی، کە قسەکەر دەیڵێت، لەکاتی گفتوگۆکردنو ئاخاوتندا ڕێگەو شێوەی پاساوهێنانەوە بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی وەرگرەکە متمانە بەو بیرۆکانەی نمایشیان دەکرێت، بکات. بۆیە پێویستە ئەمجۆرە کردارانە بەم شیوەیە دیاربکرێن:

(ساخکردنەوەو سەلماندن، جەختکردنەوە، نەفیکردن، پێناسەو ناساندن، لێکدانەوەو تێڕوانین، شیکردنەوە، ڕوونکردنەوە، بانگەواز، ڕەتکردنەوە... تاد.)

هەندێک لەم کردارانە لەگوتاری ڕۆژنامەنووسی، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز بەکار دەهێنرێن، کە بەم جۆرەیە:

## ٢-٥-١٠ ساخکردنەوە، سەلماندن:

- بەئاشکرا دوای وێرانکردنی ئێمە دەکات.
- وەکو حزبوللا.....
- شەڕەکە لەنێوان هێزەکانی عەسائیبی ئەهلی حەقو هێزەکانی بەدرە، کە هەردووکیان سەر بە حەشدی شەعبین ڕوویداوە..

- بەهاوکاریو هەماهەنگی پزیشکانی ئەو نەخۆشخانەیە چەندین نەشتەرگەری گەورە لەنەخۆشخانەی ڕاپەڕین ئەنجام دراوە.
- سەفین دزەیی: بەغدا ئامادە نییە گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات.
- کوردستان بەبۆنەو بی بۆنە داوای گفتوگۆی کردووە....
- داواش لەپەیامنێرە بەرێزەکان دەکەین بفەرموون سەردانی ناوچەکانی ..... بکەن.
- مەلایەک؛ ئەگەر بەغدا دانوستان لەگەڵ هەرێم نەکات هەموو لایەک زەرەرمەند دەبین.

بەشێوەیەکی بەرفراوان لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا بەکاردێت، بە بەراورد بەکردەکانی دیکە، وەکو ئەم نموونانە:

- ڕەچاو دەکەم.....
- ئەگەر هەبووایە.... (مەرج).
- بەکردەوە ئێمە.......
- پێکدێت لە .......
- تەبریری هێناوە.......
- بینی ..........
- بەدیهێنا............
- سوربوو لەسەر ........
- نمایشێکی پێشکەش کرد........

دۆخی ساخکردنەوەو سەلماندن کردەیەکە پشت بەجۆرێک لە بەڵگەو متمانە دروستکردنو پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان دەبەستێت. یان دڵنیاییەکی بەهێزی تێدایە، جەختکردنەوە پیشان دەداتو وەسفکردنی قووڵی لەدەرخستنی لایەنە هزرییەکان تێدایە. بەپێداگرییەوە قسە دەکاتو متمانەبوونی لەقسەکردنو دەربڕینو خستنەڕووی زانیارییەکان تێدایە.

لە ڕۆژنامەی کوردیدا بایەخدان بەساخکردنەوەو سەلماندن نەبۆتە پیشەیەکی زمانەوانیو کردەیەکی بنەڕەتی بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی فراوانی پیشەیی، کە ئەویش کارتێکردنو سەلماندنە لای خوێنەر.

ئێمە ناتوانین ڕەتی بکەینەوە، کە کردەی ساخکردنەوەو سەلماندن لە هەواڵو مانشێتی ڕۆژنامەکاندا نییە، یان بیری دەرناکەوێت، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین وەکو کردەیەکی لەخۆوەیی، بێ بەرنامەیەکی زمانەوانی بەکارهێنراوە، کە بریتییە لەبەکارهێنانێکی سروشتی زمانەکە، نەک بەکارهێنانێکی مەبەستداری زمانەوانیانە لەچوارچێوەی کردە قسەدا.

### ٢-٥-١١ ڕەتکردنەوە:

هەوڵی نەدا......

هەندێک نموونە لەڕۆژنامەی کوردی:

- جامبۆن جەختی کردەوە... ئەوانە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانە ڕەت دەکەنەوە.
- جامبۆن بەدووری زانی......
- .... بەڵام بەغدا دیالۆگی ڕەتکردووەتەوە.
- نایانەوێت کێشەکان لەڕێگەی دەستور چارەسەر بکرێن.
- د. خەلیل ئیسماعیل: ئەوروپا بەگشتی ڕازی نین...
- .... تاکو دەستی بەچەکی ئەتۆمی نەگات.
- ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی ڕێزی نییە لەسیاسەتی حەیدەر عەبادی.....
- یەکێتی: لەژێر هیچ پاساوێک ئاژاوەگێڕی قبووڵ ناکەینو بەتوندی ڕەتی دەکەینەوە.

- .... ناکرێت بکەونە ژێر هێرشێکی تێکدەرانە.
- حکوومەت نیەتی هەیە...... بچووک کاتەوە، خەڵکی کوردستان ئەمە قبووڵ ناکات.
- هێشتا کاتی ڕەتکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان بەغداو هەرێم نییە.
- ئێمە هیچ گوێ بۆ نەخشەکانی ئەمەریکا ناگرین.
- دوورین لەو بوختانانەی خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی ناکەن.
- عەلاوی: ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ سزادانی گەلی کوردە.
- ئۆپۆزسیۆنی سووریا پێشنیاری وتوێژ لەسوچی پەسند ناکەن.

### ٢-٥-١٢ بانگەواز:

براکەم.......

لە زۆر هەواڵی سیاسیدا کردەی بانگەواز بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت، ئەو هەواڵانەی بۆ نموونە دەسەڵات لەنیوان خۆیاندا بەکاری دەهێنن، بۆ (هاوکاری یەکترو لێکتێگەیشتن‌و هەماهەنگی‌و دۆزینەوەی چارەسەر)، یان زمانی دیبلۆماسی وڵات‌و هێزەکان بۆ دۆزینەوەی دۆخی هاوبەش‌و چارەکردنی کێشەکان.

زمانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌و خێرخوازی‌و هەتا ئابووریش بۆ کردەی بانگەواز هەیە. ئابووریکردن لەدەربرین‌و نووسین واتە کورت‌و پوخت بەکارهێنانی کردە قسەی بانگەواز، ئینجا بانگەوازی ئابووری‌و بازرگانی لەنێو کاری ڕۆژنامەوانیدا، دەبێت بەچ شێوازێک‌و مەبەستێک بەکاربێت.

هەریەکێک لەم بەشانە، شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە، زمانی بەدیهێنانی کردەی بانگەوازی کۆمەڵایەتی، جیاوازە لە بانگەوازی سیاسی، یان ڕۆشنبیریو بازرگانی. لەم دۆخەدا شارەزاییو لێوەشاوەیی ڕۆژنامەکە کاریگەریو بایەخی بەکارهێنانی زمان دیار دەکات.

**٢-٥-١٣ نەفیکردن:**


- جێگەی سەرسام بوون نییە.......
- سەرچاوەیەکی ئاسایشی کوێتی نەفیکرد....
- هیچی دیکە ئوسترالی نین.....
- تۆمەتبەرارەکە نەفی کرد......
- نابێت..........

چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:

- جاک جامبۆن وەزیری ناوخۆی بەلجیکا ڕایگەیاند.... لەبەرنامەیاندا نییە.
- ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ڕوویداوە، خۆپیشاندان نەبوون، چونکە دەرچوونە.....
- تا ئێستا هیچ سیاسیەکی عێراق نەیتوانیوە هەنگاو بۆ گفتوگۆ بنێت...
- هیچ کاتێک ناتوانێت....
- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای پشتیوانی لە هەولێر نەکردووە....
- تا ئێستا وەزارەتی کۆچو کۆچبەران ناسنامەی بۆ ئاوارەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر دروست نەکردووە..

کردەی نەفیکردنو ڕەتکردنەوە یەکێکە لەو کردانەی پەیوەندی

ڕاستەوخۆی بەباری دەروونی کەسەکانو پێکهاتەی کەسایەتی تاکی کورد، ئینجا کەسایەتی ڕۆژنامەکانەوە هەیە. ڕەتکردنەوە بەگشتی وابەستە بەفکرو ئایدیۆلۆجیای ڕۆژنامەکە، یان ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن، بۆیە کردەی ڕەتکردنەوەو نەفیکردن لەکاری ڕۆژنامەوانیدا یەکسانە بەکردەی بڕیارو حوکمدان، زۆر گونجاو نابێت لەگەڵ پیشەی ڕۆژنامەوانی، بۆیە ڕۆژنامە کە بیروڕای خۆی لەنێو هەواڵ نابێت تۆمار بکات، لەبەر ئەم هۆکارەش ناتوانێت کردەی نەفیکردن ئەنجام بدات، تەنیا ئەوە نەبێت کە سەرچاوەکانی هەواڵو زانیارییەکان ئەم کارە بکەن، ئاساییەو شتێکی گونجاوە.




لەبیری نەکەین کردەی نەفیکردن هەندێک جار ئەرێنییەو هەندێک جاریش نەرێنییەو بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت. دیاردەیەکی نزیک لەم کردەیە لەنێو ڕۆژنامەی کوردیدا

دەرکەوتووە، ئەویش ئەوەیە، کە هەندێک پێیان وایە تەنیا هەواڵی (خراپ، شەڕ، ناکۆکی، ناخۆشی، ڕیسواکردن‌و ئابڕووبردن‌و کاولکاری هەواڵەو بەس) بەمەش هەموو جۆرە هەواڵێکی (باش) ڕەت دەکەنەوە، کاتێک هۆکار بۆ ئەم سەرەتایە دەدۆزنەوە، بنەماکانی پیشەیی بوون نەفی دەکەنەوە، بەو واتایە دەکرێت بڵێین نەفیکردن بۆتە بەشێک لەکەلتورو وێناکردنی زهنی تاک لەکۆمەڵگادا، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگی لەنێو گوتاری ڕۆژنامە داوەتەوە.

## ٢-٥-١٤ کردەی پەیماندان- گفتدان:

وا لەقسەکەر دەکات، بەشتێک ڕازی بێت، وەکو ئەم نموونانە:

پەیماندان:

- لەشوێنەکە دەبین..........
- پەیمانی دا........
- گفتدان:
- گفتیدا ........
- وابەستەی دەکات ........

ئەم کردەیە بەشێوەیەکی سروشتی بەکاردەهێنرێت، لایەنەکان‌و سیاسییەکان لەهەڵبژاردن‌و لەبۆنەو دەرفەتە جەماورییەکاندا پەیمان‌و گفت بە جەماوەری خۆیان‌و خەڵک دەدەن، ئەمەش کردەیەکی سروشتی‌و ئاساییە، بەڵام هەندێک دەزگای ڕاگەیاندن لەهەندێک بەرنامەی جەماوەری‌و پەیوەستدار بەکێشەی خەڵک، بەئاوازەی دەسەڵاتداری‌و حوکمدارییەوە قسەدەکەن‌و خەڵک دەدوێنن‌و گفت بە گوێگرو وەگرو خوێنەرکانیان دەدەن، ئەمە دەبێتە سنوور بەزاندنی کاری ڕۆژنامەوانی.

ڕۆژنامە گوتاری ئەو کەس‌و سەرچاوانە دەگوازێتەوە کە ئەریکیان پەیماندان‌و گفتدانە. بەمەش لەڕێگەی کردە قسەی پەیماندانەوە، لایەنە بەرپرسەکان دەخەنە بەردەم بەرپرسیاریەتی لەبەردەم رای گشتی.

### ٢-٥-١٥ کردەی دەربڕین‌و گوزارشت:

یان وەکو هەندێک کەس بەکردەی کۆمەڵاتی ناوی دەبەن، بریتییە لەگوزارشت‌و دەربڕین لەبارەی دۆخی دەروونی، بۆ نموونە:

داوای لێبوردن، خۆشحالبوون، هیواخواستن، (بەزارەکی، یان نامە ناردن، یان نووسین)، ئەم نموونانە:

### ٢-٥-١٦ پیرۆزبایی لێکردن:

- پیرۆزبایی پێشکەش کرد......
- پیرۆزبایی سەرۆک کۆمار لەمەسیحییەکان....
- پیرۆزبایی حکوومەتی هەرێم لەمەسیحییەکان...
- دەستەیەک قوتابی ڕێزیان لێنرا..
- پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی ....
- پارێزگاها دهۆکێ دەستخۆشی ل ریکخراوا سەنیریان پێرس کر..
- ڕێکخراو سەنیریان پیرس سوپاسیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر..
- نوێنەری پارتی لەمیسر سوپاسی....
- سەڵاوی سەرکرایەتی پارتی گەیاندە....
- بەرپرسی ..... بەرز دەنرخێنێ
- بەپرسی لقی ١٦: سوپاس و پێزانینی لقی .... بەخشییە.

یەکێک لەئەرکە بنەڕەتییەکانی ڕۆژنامە هەڵبژاردنی شێوازی دەربڕینو گوزارشتە لەو بابەتو هەواڵو ڕووداوانەی بڵاویان دەکەنەوە. ئەو خەڵکەی لێدوان بۆ ڕۆژنامە دەدات، مەرج نییە زمانەوان بێتو لەبەکارهێنانی زمان لەئاستی ڕیزمانو واتاو پراگماتیک شارەزایی هەبێت، زۆر کەس توانای کاری زۆر قورسی هەیە، بەلام ناتوانێت تەعبیر لەبۆچوونەکانی خۆی بەکورتیهو پوختی بکات، ئەمە ڕۆژنامەنووسانیش دەگرێتەوە، کە نەتوانن بەئاسانی تەعبیر لەخواستو بابەتو زانیارییەکان نێو هەواڵو ڕاپۆرتە هەواڵو کردەی هەواڵدا بکەن.

**٢-٥-١٧ شادمانی:**

- شادمانە ......
- پێشوازیی لێکرد.....
- بەگەشبینییەوە سەیری....
- هیوامان زۆرە...
- بەختەوەر دەبین بە ئامادەبوونتان....


کردەی شادمانی یەکێک لەو بوارانەیە کەسێک، لایەنێک، بەرپرسێک بەشێوازی جیاواز شادمانی خۆی دەردەبڕێت، لەپێناو بەدیهێنانی گوتارێکی تایبەتمەندی کەسی، یان دەروونیو کۆمەڵایەتی. کاتێک دەڵێن فلانە لایەن بەگەرمی پێشوازی لەفلانە لایەن کرد، یان کۆبوونەوەیەکی برایانەو دۆستانەیان ئەنجام دا، سوپاسی کرد، پیرۆزبایی لێکرد، لەنەخۆشخانە سەردانی کرد، خانەی نەوجەوانانو خانمانی بەسەر کردووە، ئەمانە هەموویان بەشێکن لەکردەی شادمانی لەنێو هەواڵدا.

مەبەستمان ئەوەیە بڵێین گوتاری هەواڵ ژمارەیەکی زۆر کردە

قسە ڕادەپەڕێنێت، ئەم کردە قسانەش هەر یەکە دەبنە بنەماو ڕێسا بۆ وەسفکردنی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی، دەروونی، سیاسی، مرۆیی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، کەسی. لەم ڕێگەیەوە بێ ئەوەی ئاماژە بەنێوەڕۆکی دوورودرێژو نهێنی نێو بابەتو هەواڵو ڕووداوەکان بکرێت، لەڕێگەی جۆری شادمانیو کردەی گەیاندنی وەسفەکە تێ دەگەین، چی قەوماوە.

**٢-٥-١٨ سەرەخۆشی:**

- سەرەخۆشیەکی گەرمی پێشکەشکرد ......
- ناخۆشیی خۆیان لەبارەی مردنەکەی پێڕاگەیاند.....
- دڵگرانبووین بە ....
- خوای گەورە سەبوری...
- دڵنەواییو ئارامی...
- بەبەهەشتی بەرین ....
- هاوبەشی خەمتانین....
- لەم بۆنە خەمناکەدا...
- ئارامیو ئۆقرەو سەبوریش بە ....
- پرسەنامە...
- هەواڵی کۆچی دوایی...




ئەمەش خزمایەتی لەگەڵ کردەی شادمانی هەیە، کردەیەکە لایەنی دەروونیو کۆمەڵایەتی تێدا زاڵە. کردیەکە هاوسەنگیو هەماهەنگی دەروونیو دڵنەوایی لەنێوان کەسێک لەگەڵ دەروبەرەکەی دروست دەکات، گوتارێکە پشت بەئارامی دەروونیو متمانەو پتەوکردنی پەیوەندیو ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی دەبەستێت.

### ٢-٥-١٩ هیواخواستن:

- هیوادارم ......
- هیواردام لەسەر جێگەکەم بمرم.....
- هیوای چاکبوونەوەی.... خواست
- هیوادارین ساڵی نوێ، ساڵی ....... بێت
- ئاواتەخوازین.....
- هەمیشە لەگەڵ بەختەوەرییو خۆشی .....

- دەرفەت ماوە بۆ چارەسەری.....

ئەمە کردەیەش لەگروپی هەردوو کردەی سەرەخۆشیو شادمانییە. ئەم کردەیە پەیوەندی بە داهاتووە هەیە. لەئێستادا کردەکە داوای بەجێهاتنی خواستو مەبەستەکان لەئاییندە دەکات. ئەم کردەیەش بەشێوازو ڕێگەی هەمەجۆرە ئەنجام دەدرێت. مەرج نییە هەر تەنیا وشەی (هیواخوازی) تێدا بەکاربهێنرێت، هەندێکیان ناڕاستەوخۆن، هەندێکیان واتاینو هەندێکیشیان زهنینو لەچوارچێوەی وێناکردنەوە بەکاردێت.

## ۲-۵-۲۰ داوای بووردن:

- داوای بووردنی کرد لە .....
- پۆزش
- ڕوونکردنەوە
- ڕاستکردنەوەی هەڵە..

کردەی داوای بوردن پابەستبوونو ئازایەتی لەدەربڕینو شێوازی گوتنی تێدایە، پشت بەحوکمو بڕیاردان دەبەستێت. یەکێکە لەکردە گرنگەکان، کە ڕۆژنامە تەنیا لەکاتی هەڵەی زەقو کاریگەرو ئاژاوەگێڕیو شێواندنی ڕاستییەکانو کاری دژ بەیاسا داوی بوردن دەکات.

## ۲-۵-۲۱ بانگەواز:

- بانگەوازێک لەوەزارەتی ئەوقاف....
- داوا لەهاوولاتیان دەکەین لەماڵەوە دەرنەچن...
- پێویستە خەڵک ناڕەزایەتی دەربڕن...
- خۆپیشاندەکان بەهێمنیو ئارامی بەڕێوەببەن....

ئەم کردەیە پەیوەندی ڕیشەیەکی بەهێزی لەگەڵ ڕیکلامو بانگەشەو پڕوپاگەندەو هاندانو ڕوونکردنەوە هەیە. بەگشتی کاری ڕاگەیاندن بانگەوازە بۆ پەیامو گوتارێک، کە کارەکانی لەسەر بەڕێوە دەبات.

کردەی بانگەواز (هاندانو فریودانو ئامۆژگاریو ڕێنوێنی تەندروستیو پەروەردەییو خزمەتگوزاریو مرۆییو ژینگەییو سیاسیو بازرگانیو ئابووری تێدایە. واتە لەیەک کردەی بچووکدا ڕۆژنامە دەتوانێت لەزۆر بوارو دەرفەتدا کار بکات، کردە قسە ڕاپەڕێنێت.

### ٢-٥-٢٢ ئاگادارکردنەوە:

- ئاگاداری کردەوە ....
- ئاگادارت دەکەمەوە .....
- وریا بە.....
- چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:
- ئەردۆگان: گەردەلوێکی گەورە بەڕێوەیە.
- ماکرۆن: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەڕەکە دەدۆڕێنێت..
- داعش دەگەڕێتەوە ئەم ناوچانەی عێراق.
- تاکو دەستی بەچەکی ئەتۆمی نەگات.
- بەگوێرەی ئەو ئاگاداریانەی....
- داواش لەهاوولاتیان دەکەین، لەم ماوەیەدا سەردانی بەرێوەبەریەتیەکەمان نەکەن.
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانو داواکاری گشتی هوشداری دەدەنە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- ئەگەر ئەم نیشانانەت هەبوو ئەوا تووشی کەمی ڤیتامین ب ١٢ بوویت.

- هاتوچۆی گەرمیان ئاگاداریی بۆ خاوەنی ئۆتۆمبێلە بێ سەرەتاکان بڵاوکردەوە..
- پۆلیسی ڕاپەڕین هوشداری دەدات...
- ئاگاداریەک بۆ خوێندکارانی نەگەڕاوەی....

کردەی ئاگاداری (ڕێنوێنیو زانیاریو هاندانو وشیارکردنەوەو ئامۆژگاریو نەخشە ڕێگای کارکردنو بەرنامە.. تاد) دەگرێتەوە، لەم ڕێگەیەوە ڕۆژنامە دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر هەواڵو ئاگاداری بڵاوبکاتەوە. تەنیا ئاگادارییە بازرگانیو تەندروستیو پەروەردەییو ژینگەییەکانیش گوتارێک بەرهەم دەهێنن، کە ئەرکو پەیامی هەمەلایەنە تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆیە مامەلەکردن لەگەڵ ئاگاداری (سیاسی لەشێوەی گوتاری سەرکردەو ڕێبەرو بەرپرسانی ئیداریو بەڕێوەبەرکانو دەزگاکانو ئاداری کۆمەڵایەتیو کەسیو ڕۆشنبیریو پیشەییو تەندروستیو .. تاد) هەموویان بنەمایەکی گرنگی کاری ڕۆژنامەوانین.

**٢-٥-٢٣ ئامۆژگاری:**


- ڕۆژنامەیەکی بیانی... بەکارهێنەرانی مۆبایل ئامۆژگاری دەکات.
- وریا بە لە بەکارهێنانی ....
- کاری لەمجۆرە لەگەڵ بەرامبەرەکەت مەکە....
- هەر کە نیشانەت لێدەرکەوت، بەزورترین کات سەردانی پزیشک بکە.
- پیاز چارەسەری پێنجەم مەترسیدارترین شێرپەنجەیە لەئافرەتدا..
- ٥ ڕێکار بۆ خانمان بۆ گەنج مانەوە لەتەمەنی مامناوەند....
- هەموو مرۆڤێک پێویستە ڕۆژانە ٤٥ خولەک وەرزش بکات.

- باشترە لەکاتی نامە ناردندا (.) خاڵ بەکارنەیەت.

کردەیەکە پەیوەندی لەنێوان (دەسەڵاتو هێزو پلەیەکی بەرز)و (خەڵکی ئاساییو پلە نزمترو بێهێزەکان) ڕێک دەخات، پەیوەندی نێوان (داهێنانی نوێ لەبوارە هەمە جۆرەکانی زانستی و تەکنەلۆجیاو تەندروستی و کۆمەڵایەتی) و (بەکارهێنەرانیان) ڕێک دەخات.. دەیان نموونەی دیکە دەکرێت لەم بوارە ئاماژە پێ بکرێت. کردەی ئامۆژگاری (پەروەردەییو ڕێنوێنیو ژیاریو پێشکەوتنە).

### ٢-٥-٢٤ دڵنیایی:

- د. ڕێکەوت حەمە ڕەشید وەزیری تەندروستی: دەرمانی تالا سیمامان دابینکرد.
- بارودۆخەکە بەرەو ئارامبوونەوە دەچێت....
- داوادەکەین خۆپیشاندەران بەشێوەیەکی مەدەنیو هێمنانە.....
- چارەسەری دۆخی داراییو موچە دەکەین...
- بەغدا ئامادەی گفتوگۆ نییە....
- حەشد هەڕەشە لەهاووڵاتیان دەکات....



کردەی دڵنیایی پەیوەستە بە دۆخی دەروونیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە. لەم ڕێگەیەوە ڕۆژنامە دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ بەدیهێنانی کردەی (ئارامیو متمانەو دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ لەیەکتر گەیشتن لەنێوان دەسەڵاتو هاووڵاتی، لەنێوان هاووڵاتیو هاووڵاتیشدا. هەر کاتێک ڕۆژنامە پێچەوانەی دڵنیایی، بەلای ئاژاوەو پەرەپێدانی گرفتدا بچێت، دەبێتە یەکێک لەناحەزو ڕکابەرەکانی دڵنیایی.

**٢-٥-٢٥ هەڕەشە:**

- ئەو کەسانەی دەستگیرکراون هەڕەشیان کرد......
- چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:
- کە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتەکەمان.
- پشتیوانی لەتیرۆر دەکات.
- هەڕەشەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان....
- لەگەڵ هاوبەشەکانمان کار دەکەین بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئێران بگرین...
- میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە داقوق هاووڵاتییەکی کوردیان ڕفاند.
- بەغدا دەیەویت قەوارەی سیاسی هەرێم تێکبدات.
- بەغدا خۆی بەبراوە دەزانێتو هەوڵدەدات قەوارەی هەرێم تێکبدات.
- کەرکووک.. حەشدی شەعبی ١٥ قوتابی کورد دەستگیر دەکات.
- دوو هاووڵاتی کورد ڕفێندرانو چارەنووسیان دیار نییە.
- ئەگولێرۆ هەڕەشەی ڕۆیشتنی لەسیتی دەکات.

کردەی هەڕەشە بەرهەمی گواستنەوەی هەواڵی توندوتیژی پێچەوانەی دیموکراسییە، هانی باڵادەستیو خۆسەپاندنی گروپێکو کەسێک دەدات، ڕۆژنامە لەم دۆخەدا دەبێتە بەرهەمهێنی گوتاری تەقینەوەی قەیرانەکانو پەرەپێدانی نارەزایەتی. کردەی هەڕەشەو توندوتیژی دەبێتە هۆکار بۆ دروستکردنی بارێکی کۆمەلایەتیو دەروونی ئازاربەخەشی توندرەو.

لەهەمان کاتدا ڕۆژنامە بەگوتاری گەیاندنی زانیاری دەتوانێت کردەی هەڕەشە ڕیسوا بکات، ببێتە هەڕەشە بۆ سەر سەرچاوەکانی توندوتیژیو ئاژاوەو سەرکوتکردنو توندرەوی.

ڕۆژنامە لەرێگەی گوتاری دژ بەهەڕەشە دەتوانێت کردەی چاکسازیو مینارەویو مافەکانی مرۆڤو ئازادی دەربڕین پتەو بکات. بەشداری لە سەروەری یاساو مافی هاووڵاتیو کۆمەڵگەی مەدەنی بکات. وەکو چۆن دەتوانێت کردەیەکی پێچەوانەی ئەمەش پیادە بکات.

**٢-٥-٢٦ ئامادەکردن:**

- دەستیان بە ئامادەکردن کرد.......
- ژمارەیەک ...... ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون..
- ئامادەی خۆیان دەربڕی...
- پێشمەرگە ئامادەیە بۆ .....
- هەرێم گفتوگۆ رەتناکاتەوە....
- پڕۆژە یاسای ..... ئامادەکرا..

ئەمەش وەکو کردەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانی، لایەنێکی دیکەی زمان جێبەجێ دەکات، ئامادەکردنیش پەیوەندی بە (بڕیارو زەمینەخۆشکردن بۆ بڕیاری نوێ، هەنگاوێکی تازەو

جیاو خۆئامادەکردن بۆ جەنگ و کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتیو هەروەها مەسەلەی بچووک بچووکیش بەکاردێت). کردەی ئامادەکردن پەیوەستە بەدۆخو زەمینەی بەکارهێنانی بابەتەکان.

کردە خۆ ئامادەکردنی ڕۆژنامەش بۆ چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانو پێشهاتی تازە هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەتواناو وردبینیو شارەزایی خودی ڕۆژنامەو ئەوانەی کاری تێدا دەکەن.

### ٢-٥-٢٧ سوێندخواردن:

- بەتەمەنم ......

لەکردەوەدا ڕۆژنامە زۆر بڕوای بەکردەی سوێندخواردن نییە، هەواڵی سوێندخواردنی لایەنە بەرپرسەکان دەگوازێتەوە، یان لەنێو دەقی هەواڵەکاندا جۆرێک لەکردەی گوتاری سوێندخواردن بەواتای (ئیلتیزامکردنو پەیمانی کۆمەڵایەتیو پابەستبوون بەمەسەلە بنەڕەتییە گرنگەکانی نیشتیمانو یاساو بەرژەوەندی گشتیو کارکردن لەچوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەوانیو سوێندی ڕۆژنامەوانی) دەکات، بەڵام بەگشتی ئەمانە لایەنی فکریو ئەخلاقیو ئینتما دەگرێتەوە.

### ٢-٥-٢٨ گاڵەتپێکردن:

- بەڵام ئەوانە وەزیری ئاخیر زەمانن......

کردەی گاڵەپێکردن بەیەکێک لەکارە بەرجەستەکانی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، گاڵتە بەواتای ڕەخنەگرتنو سوکردنو لاوازکردنی پێگەی دەسەڵاتو ئەو لایەنو کەسانەی دەبنە جێگەی سەرنجو ناڕەزایەتی ڕۆژنامەکان.

گوتاری وێنەی (کاریکاتێر و ساتیرە نووسینو وەسفکردنە داهێزەرەکانو هەواڵو زانیاری گرنگ، هەواڵە کۆمەڵایەتییەکانو هەواڵی ئابڕووچوون... تاد) دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی کردەی گوتار لەنێو هەواڵی ڕۆژنامەوانیدا.

دەتوانرێت ئەم کردانەی لەچوارچێوەی بانگەوازو ڕیکلامو بانگەشە بێنو لەچوارچێوەی ڕیکلام دادەنرێن، سێ جۆرن:

### ٢-٥-٢٩ هەواڵ:

هەندێک لەو هەواڵانەی وەکو ڕیکلامو بانگەشە بۆ هەندێک (بابەتو کەسو ڕووداو و زانیاری) بەکار دەهێنرێن، لەکردەی هەواڵدا وەکو بەشێک لەبانگەشەو پڕوپاگەندەو بانگەشەی سیاسی دادەنرێت، ئێمە دەزانین بەشێکی دیاری هەواڵەکانی ڕۆژنامەی کوردی تامو شێوازی بانگەشەی یان لەپێناو (لایەنگیری، یان دژایەتی) تێدایە، کەئەمەش لەسەر بنەمای ڕیکلام بۆ کەسێک، یان گروپێکو لایەنێک ئەنجام دەدرێت.

- گوێمان لێبوو دەیگوت ........
- پێشکەش دەکەم ........
- دامنابوو ......
- بانگەشەی کرد .......

### ٢-٥-٣٠ ڕیکلام:

- هەروەها ڕایگەیاند ....
- ڕوونکردنەوە ........
- دوێنێ پێنج لەئەندامانی سەندیکا ڕایانگەیاند.....
- سەرچاوەیەکی سەربازی ئەمەریکی ڕایگەیاند .....

- سەرۆکی یانەی ئەفریقی ڕاگەیاند ....
- سەرچاوەیەک گوتی .....
- ئاشکرای کرد .......

چەند نموونەیەک لەڕۆژنامەی کوردی:

- نۆژەنکردنەوەی قەیسەری هەولێر بەرەو کۆتایی دەچێت ... ( وابەستەی بکە بە قەیرانی داراییو سیاسیو خۆپیشاندان لە سلێمانی/ واتە دەوروبەر). ڕیکلامە بۆ ئەوەی هەولێر لەم دۆخە سیاسیو جەماوەرییەی هەیە ئارامە.
- جیا لەوانەش وەکو لایەنی بازرگانی گرِوتینێکی زیاتری خستۆتە نێو بازاڕو قەیسەری... (ئەو کاتو مەبەستو خواستەی هاوولاتی لەهەولێر قسەی تێدا دەکات، لەدەوروبەری هاوولاتی لەسلێمانیو گەرمیانو ڕانیە جیاوازە؟؟؟ واتە ڕیکلامێکی سیاسییە بۆ دۆخی هەولێر، بەرانبەر دۆخی ناوچەکانی دیکەی سلێمانی).
- هەروەها بۆتە جێ سەرنجی میوانانی بیانی پایتەختی هەرێمی کوردستان.
- کریستانێن دەشتە نەینەوا بەرهەڤێن کریستمسێ دکن. (ڕیکلامێکی سیاسییە، بۆ پەیوەندی هەرێم بە کریستانییەکانو پێکەوەژیان)
- تایبەت بە کوردستان ٢٤ ڕایگەیاند:... (ڕیکلامە بۆ کەناڵە...).
- گەڕانەوە بۆ دەستپێشخەریەکەی پارتی باشترین چارەسەرە. (ڕیکلامە بۆ سیاسەتی پارتی..).
- ڕواندز.. پارەی هاندانی مامۆستایان دابەش دەکرێت. (دەوروبەری مامۆستا/ ئارامیو بەردەوامی دان بەخوێندنو دەوامی مامۆستایان لەزۆنێکو خۆپیشاندن لەزۆنێکی دیکە، ئەمە ڕیکلامێکی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییە).

## ٢-٥-٣١ ڕاگەیاندن:

ئەم کردەیە کە ڕاگەیاندنمان لە قسەوە بۆ دەکاتە کردار، وەکو بەشێک گرنگی کاری ڕۆژنامەوانی لەنێو هەواڵەکاندا هەیە. لەبنەڕەتدا هەموو هەواڵێک پتر لە ئامانجێکیمان پێ ڕادەگەیەنێت. لەم کردەیەدا هەر بەتەنیا مەبەست (ئاشکراکردنو لێدوانو ڕاگەیاندنو بڵاکردنەوە نییە)، بەلکو ئەو شتە شاراوانەی لەنێو هەواڵەکاندا دەبنە سەرچاوەی بەدیهێنانی کردەیەک.

- سەرچاوەیەک دەزانێت .......
- سەرچاوەیەکی ئاگادار .....
- بەرپرسی .... ڕایگەیاند..

## ٢-٥-٣٢ کردەی گوزارشتو دەربڕین:

- پێشوازیکرد.... (گوزارشتێکە بۆ کردەیەکی دیبلۆماسیو بەرزنرخاندنی میوانو کەسانی پێشوازی لێکراو، کردەی دەربڕینەکە، کردەیەکەی دیبلۆماسیانەی بەرزو فەرمییە).
- شادمانو.... (کردەی گوزارشت لەدەربڕینی هەستونەستو دۆخێکی دەروونی خۆشە).
- گەڕانەوە بۆ دەستپێشخەرییەکەی پارتی... (گوزارشتە لەسەر ڕاستیو پتەوی هەڵوێستو دۆخو متمانە بەخۆبوون).
- باشترین.... (گوزارشتە لەسەر هەڵسەنگاندنو بڕیارلێدان).
- گونجاوترین.... (کردەی گوزارشتی پێوانەکردنو پێکچواندنو پێوانەی تێدایە).
- ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەماهەنگی و پتەوکردنی.... (گوزارشتیکە کە کردەی فەرمانو بڕیاری تێدا وەسفکراوە).
- لەمیانی سەردانەکەیدا.... (گوزارشتە لەسەر هەواڵی ئەو سەردانەی وەکو کردەیەکی فەرمی ئەنجامی داوە).

- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بالْوێزی ئیماراتی لەئەنقەرە بانگهێشت کرد... (گوزارشتە لەپەیوەندی نێودەوڵەتیو کاردانەوەو فەرمانی دیبلۆماسیو بڕیار).
- ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر سووکایەتی تورکیا... (گوزارشتە لەکردەی ناڕەزای بوونو حوکم دژی هەڵوێستێک).
- کە مەبەست لێی ئاساییکردنەوەی شەقامو پاراستنی ئاشتیو تەباییە. (گوزارشتە لەدۆخێک کەپێویستی بەپێداچوونەوەو پاساوهێنانەوەو ئاشتەواییە).
- ئامانجی گروپەکەی خستە روو.... (گوزارشتە لەکردەی نمایشو خستەڕووی کەسایەتی گروپێکو هەڵویستە هزرییەکانی).
- بڕیار وایە سەرتای ساڵی داهاتوو، گفتوگۆکانی ....... دەستپێبکاتەوە. (گوزارشتە لەکردەی بڕیار لەئایندەدا، جۆرێکە لەفەرمان).
- لەزاری سەرچاوەیەکی ئاگادار..... (گوزارشتە لەکردەی ئاگادارکردنەوەو گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە، لەپێناوی پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان).
- نیەتەک بەدی دەکرێت کە لێپرسراوانی بەغدا لەسەرەتای .... چاویان بە وەفدی هەرێم بکەوێت. (گوزارشتە لەکردەی هیواخواستنو گەڕان بەدوای دۆزینەوەی پاساوێک بۆ چارەسەر).
- بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی پنتاگۆن... (گوزارشتە لەسەرچاوەیەکی گەورەو بانگەشەو ڕیکلامە بۆ لایەنێکی گەورەی جیهان، بانگەشەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەکەی، کە ئەو زانیارییەکانی لەبارەیانەوە قسە دەکات، گرنگو جێگەی بایەخە).
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.... (دەربڕینە دەربارەی کردەی

بانگەشەو ڕیکلامی کۆمەڵایەتیو سیاسیو خزمەتگوزاری).

- ڕاگەیاندنی ئەو سەودانامە زەبەلاحە لەکاتێکدایە کە.... (دەربڕینە دەربارەی کردەی گومان، گریمانەو پرسیار).
- وێڕای ئەوەی.... (گوزارشتو دەربڕینە لەکردەی سەرسوڕمان، گریمانە).
- سەرباری ئەوەی.... (گوزارشتە لە کردەی پێدانی زانیاری پترو پاڵپشتیو زانیاری پتر).
- لەگەڵ ئەوەی.... (دەربڕینی کردەی دڵنیاکردنەوەیە).
- بەهۆی ئەوەی.... (دەربڕینە لەبارەی کردەی پاساوهێنانەوە).

**٢-٥-٣٣ خووڕەوشت:**

- ئەگوێرۆ هەڕەشەی ڕۆیشتن لە سیتی دەکات. (کردەیەکە پشت بەکردەی ڕەوشت دەبەستێت، هەڕەشە بەشیکە لەنەریتو پێکهاتەی دەروونی، بەڵام مەرج نییە هەموو هەڕەشەیەک توندتیژی مەبەست بێت، بەڵکو سنووردارکردنی بەرانبەرکەی نیشان دەدات).
- لەیانەی ستیزن دڵخۆش نییە. (کردەی دڵخۆش نەبوون، دەربڕی دۆخێکی دەروونی تاکەکەسییە، کە کردەی ڕەتکردنەوەو ناڕازیبوونو دەوروبەرێکی نەگونجاو دەگرێتەوە).
- بەهۆی هەڵسوکەوتی ڕاهێنەری ئیسپانی پیپ گواردیۆلا لەگەڵی.... (کردەی نیگەرانیو ڕەوشتی نەگونجاو نیشان دەدات).
- بەر لەئێستا گاڵتەی بە هێرشبەری ..... کرد. (کردەی گاڵەتکردن، نەریتێکی لەبارو شیاو نییە، لەهەمان کاتدا ئەم دەربڕینە هیچ مەرج نییە کردەیەکی نەشیاوی بەدرەوشتانە بێت، ڕەنگە پێوانەکردنو بەراوردی پێگەو هێزی خۆی بێت،

لەگەڵ هێرشبەرەکە.. دەکرێت ئەمە کردەی خوڕەوشتێکی ئەرێنیو شیاو بێت).

- خۆشحالە بە وەرگرتنی پاڵەوانیەتی.. (دەرخەری کردەی گونجاونە، بارێکی دەروونی ئەرێنییە).
- بەمەبەستی سوتاندنو تالان کردنی ماڵی ئەو هاووڵاتیانەی..... ( لەم کردەیەدا وەسفی خووڕەوشتی خراپی کەسانێک، لەدژی هاووڵاتیان دەکات. واتە بەراوردی دۆخێکی دەروونیو ڕەوشتێکی توندتیژی خراپ، بەرانبەر دۆخی دەروونی کەسانێکی زۆرلێکراو دەکات. لەم کردەیەدا دوو دۆخی جیاوازی خووڕەوشت ئاماژەی پێکراوە).
- دواخستن و خۆدزینەوە لەداواکاری کۆمەڵگەی .... (لەم کردە ڕەوشتییەدا باسی دەوروبەری دوو دۆخی جیاواز دەکات (داواکاری کۆمەڵگا کە گشتییەو ڕەوایە، ئەوی دیکەش نادیارە کە خۆی دەدزێتەوە، خوێنەرو وەرگر دەبێت بیر لەوە بکاتەوەو دیاریی بکات ئەوانە کێن خۆیان دەدزنەوە، بەمە وەسفێکی ناڕاستەوخۆی ئەوانە بەخراپی کراوە، کە کردەی دواخستنو خۆدزینەوە ئەنجام دەدەن، بەمەش کردەیەکی ڕەوشتی نەشیاو دروست دەکەن).
- دەخاتە گومانەوە.... (کردەی دەروونی دروستکردنی دۆخێکی خراپە).
- زۆر گرینگی بە پێکەوژیان لەگەڵ بەغدا دان..... (کردەیەکی نەریتو ڕەوشتی پاساوهێنانەوەیە بۆ پێکەوەژیان، کە لەکردەوەدا گومانیان لە بەغدا هەیە).
- بۆچی هەر پارتی توانبارە؟. (کردەی پرسیاری خووڕەوشت ئامێزە).
- خۆپیشاندان یان تێکدان؟. (کردەی گومانو سەرسوڕمانو

پرسیارە دەربارەی خووڕەوشتی (تێکدان، یان...).
- بۆکسینگ دەی نەریتێکی جیاوازی بەریتانیاییەکانە. (کردەی بانگەشەو زانیارییە دەربارەی نەریتێکی بەیتانییەکان).
- هێرش و پەلامار بۆ سەر کەمپەکان... (کردەی نەریتێکی دوژمنکارانە، خووڕەوشتی توندوتیژانە نیشان دەدات، کردەی ڕەتکردنەوەو ڕیسواکردنی تێدایە).

**٢-٥-٣٤ مەبەست:**

مەبەست واتا دەربڕینە لەبارەی ئامانجی دەق، کە ڕێگەیەکی لەبارە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بەو مەبەستەی لەدەقەکەدا هەیە بگات. (د. نعمان بوقرة، ٢٠٠٩، ٣٠)، لامان ڕوونە، کە دووجۆر مەبەست لەزمانی کوردی بەکاردێت، یەکێکیان ئەوەیە، کە قسەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ (ئاشکرا) لەکاتی ئاخاوتندا بۆ (جەختکردنەوە، ئاگارکردنەوە، سەرنجڕاکێشانی گوێگر، بەلای ئەوەی ئامانجێکی گرینگی قسەکەی دەدرکێنێت، هەروەها جۆرێک لەڕاگەیاندنی تێدایە)، وەکو ئامرازێکی ئاماژەپێکردن، یان دەستنیشان کردن بۆ سەرنجڕاکێسانی گوێگرەکانی بەکاری دەهێنێت، کە ئامانج لێی ئاشکراکردنی ئامانجەکانیەتی لەکاتی قسەکردن دا، کە دەڵێت: (مەبەست بوو باسی ئازادی بکەم ....)، وتا ئامانجی گوتارەکەی لەڕێگەی بەکارهێنانی (مەبەستم بوو)، وەکو ئامرازێک بۆ کردنەوەی دەرگا، بۆ چوونە نێوباسی (ئازادی، یان پێچەوانەی ئازادی) بەکاردەهێنێت.

ئەوەی دیکەیان، مەبەستێکی شاراوەیە، کە ناڕاستەوخۆ بەکاردێت، دەکرێت بەوەیان بڵێین مەبەستی شاراوە، یان نادیاری ناڕاستەوخۆ، کە دەڵێت: (بەغدا غرورە)، یان مەبەستی ئەوەیە

بەغدا نایەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست بەگفتوگۆ بکات، دژی هەرێم هەنگاو دەنێت، هەرێم بێ ئومید بووە، بەغدا سیاسەتی دژایەتی درێژە پێدەداتو ... تاد. ئەم قسەیە پەیوەندی بەدەوروبەری قسەکەرەکەو گوێگرەکە هەیەو ئەوان پتر دەتوانن واتا شاراوەکانی ئەم دەربڕینە ئاشکرا بکەن. کاتێک لەڕۆژنامەیەکدا ئەم ناونیشانو گوتنە دەخوێنینەوە، کە دەڵێت: ئەگەر (دەسەڵاتی هەرێم بیکات)، مەبەستەکەی جیایە، لەو مەبەستەی، کە کەسێکی کورد، بەڵام ناکۆک لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی دەیکات، یان لایەنێکی دەرەکی بیکات، هەریەکەیان ئامانجێکی جیای لەم دەربڕینە هەیەو مەبەستێکی جودا دەگەیەنێت. بەو واتایە مەبەستو واتای دەربڕینەکە پەیوەستە بەدەوروبەری بەکارهێنانەکە لای قسەکەرو لەهەمان کاتدا گوێگرەکانییەوە.

ئەمجۆرە دەربڕینانە لەگوتاری ڕۆژنامەنووسیدا گەلێک بەکاردێت، بێگومان ئەمە پەیوەندی بەزمانی دیبلۆماسیو شاردنەوەی زانیاریو شاردنەوەی هەڵوێستەکانە، گومانو متمانەی سەرچاوەی زانیارییەکانەوە هەیە، مەبەستی ئاشکراو مەبەستی شاراوەی تێدایە، کردە قسە ڕادەپەڕێنن، ڕۆژنامەش لەڕێگەی لێدوانو دیدارو ڕیپۆرتاژ، کە پشت بەسەرچاوەی جودا جودا دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی هەواڵ، پشت بەمجۆرە دەربڕینە ناڕوونو ناراستەوخۆیانە دەبەستێت.

### ٢-٦ کردە قسەیی ناڕاستەوخۆ

(سێرل) لەیەکەمین زاناکانە، کە ئەم دیاردەی لەلێکۆڵینەوەکانی باسکردووە، باسی ئەو قسانەی کردووە شێوەکانیان لەو شتانە ناچن، کە نێوەڕۆکەکانیان باسیان دەکات. بەکارهێنانی تەواوی

ڕستەی زمانە سروشتییەکان، دەبێت وریابین لەوەی پشت بەو شێوازانە ببەستین، کە تەنیا زانیارییەکانیان تێدایە. باشترین نموونە ئەوەیە، کە دەڵێت: «ئایا دەتوانی ئەو خێدانەم بدەیتێ؟» لەشێوەکەیدا دیارە سەرسام بوونو پرسیارە، بەڵام واتاکەی لەنێوەڕۆکدا شتێکی دیکە دەگرێتەوە، کە پرسیارو سەرسوڕمان نییە، بەلکو داواکردنە، لەم ڕستەیەدا داوادەکات خێدانەکەی بداتێ، واتە پرسیاری لێ بکات، بەڵکو داوای لێ دەکات.

لایەنێکی دیکە واتای پەراوێزیی، یان لاوەکییە، کە لێرەدا دەکرێت لەبواری ڕۆژنامەوانی وەکو کردەیەکی ناڕاستەوخۆی دیاری لاوەکی/ پەراوێزی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ڕاستە ئەم دیاردەیە هێندە کاریگەریی نییە، وەکو ئەوەی لەزمانی ئەدەبو هونەردا بەکاردێت، بۆ نموونە، کە دەڵێین (بەهارە)، لەڕوانگەی زانایانی سروشتی واتایەکی دیاری سەرەکی هەیە، کە خۆی لەچەند بوارێکی سروشتی دیاری ڕوونی وەرزی بەهار دەبینێتەوە. ڕەنگە مەبەستی چوار وەرزی ساڵ بێت، لەهەمان کاتدا گریمانەی ئەوە دەکرێت مەبەستیشی مانگێک بێت، یان سەوزبوونی دارودرەخت بگرێتەوە، یان کەشوهەوایەکی مامناوەند، بەڵام بەهار لەڕوانگەی ئەدیبێک ڕەنگە لەڕووی سۆزو دەروونییە هەندێک واتای دیکە ببەخشێت، کە ئەوان واتای دیاری لاوەکین، ئەم واتا لاوەکییە لەئەنجامدا شتێکی دیکە دەگرێتەوە. (د. عبدالعزیز شریف،١٩٩١، ٩٦).

لەکاتی بەکارهێنانی زماندا پێویستە ڕستە سەرەکییەکانو ڕستە لاوەکییەکان، لەهەمان شێوەی ڕستەی وەسفی نەبن، چونکە هەر کاتێک لەڕاگەیاندن ڕستە سەرەکییەکان بەکاردەهێنرێن، نابێت ڕستەیەکی دیکەی لاوەکی بخرێنە نێوەوەو ئاڵۆزی بکات.

کاتێک دەگوترێت (پیاوەکە نەخۆشە)، ئاسانترە لە بۆ تێگەیشتن لەوەی بگوترێت (پیاوەکەی دوێنێ قسەی لەگەڵ کردی نەخۆشە). هەرچەندە ڕستەی لاوەکی زیاد بکرێت، ئاڵۆزی لەتێگەیشتن پتردەبێت. (د. جابر قميحة،٢٠٠٥ ، ١٤٣).


ئێمە باسی کرد ەقسەی ناراستەوخۆ دەکەین، ئەمجۆرە کردە قسەییە لەگوتاری ڕۆژنامەنووسیدا، کارێکی قورسە، چونکە هەواڵ لەبنەڕەتدا پشت بەزمانێکی سادەی کورتو ئاشکراو ڕوون دەبەستێت. لەبەکارهێنانی نیشانەی سەرسوڕمانو ڕەوانبێژیدا، دەبێت خۆمان بپارێزین، چونکە وەها بەکارهێنانێکی زمان وا لەخاوەنەکەی دەکات ئەو زانیارییەی هەیەتی پشتگوێی بخات، یاخود بەشێوەیەکی خوازراو بەکاری بهێنێت، ئەم بەکارهێنانەش واتایەکەک لەواتاکانی دەشێوێنێت، یان دەیشارێتەوەو بەم جۆرە مەبەستی گەیاندن تووشی ئاڵۆزی دەبێت. لەبەرئەوە باشترە خۆ لەم شتانە بپارێزین کە دەبنە سەرچاوەی لێلی لەواتا، لەوانە: ڕەتکردنەوە، راپۆرت، فەرمان، تاقیکردنەوە، سەرسامبوون، هیواخواستن، گەشانەوە، چارەسەر، گۆشەگیر ... تاد، بەڵام سەرسوڕمانی ڕەوانبێژی، ئەو سەرسوڕمانەیە، کە خاوەنەکەی پرسیار ناکات بۆ ئەوەی وەڵامی دەستبکەوێت، یان هەر سەرسوڕمانێکی زمانەوانی دیکە، کە واتای گشتی ئەو وشانەی پێ دەبەخشێت، کە بەکار دەهێنرێت. سەرسوڕمانی ڕەوانبێژی بۆ مەبەستی دیکە بەکاردێت، مەبەست لێی، گەڕان نییە بەدوای وەڵام، هەروەها زمانی هونەری ڕۆژنامەنووسی ئامانجی خراپکردنی هەستونەستی جوانکاریی لای خوێنەر/ وەرگر نییە، بەپێچەوانە پەیوەندییەکی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای ڕوونیو ئاسانکاری لەنەخەشەسازی بەکاردێت، ئەمەش بۆئەوەیە بۆ نموونە شوێنێکی

دیارکراو بۆ گۆشەی ڕۆژنامەنووسی دابنرێت، سەرباری بەکارنەهێنانی پیتی بچووک نەبادە نەخوێندرێتەوە، پێویستە ڕۆژنامەنووس وشەی وەها بخاتە نێو ڕستەو بڕگەکانەوە، کە کێشەی واتاییو فرەواتایی تێدانەبێت. (د.عبدالعزیز شریف، ١٩٩١، ١٩٧). ئەم نموونانە لەگوتاری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە:

- چیمان کرد ....... (سەرسوڕمان، دیار نییە مەبەستو واتاکەی بەڕوونی چییە، ئەمە کە مەبەستی گۆشەگیرییە، کاتی وەرگرو خوێنەر بەگەڕان بەدوای واتاکە دەگرێت).
- چیمان پێشکەش کرد...... (سەرسوڕمانو پرسیارە، کە مەبەستی ڕەتکردنەوەیە، بەڵام دیسان وەرگر پێویستی بەوزەو توانای زۆر هەیە، بۆ ئەوەی بەدوای واتای دروستی ڕاستەقینەی دۆخەکەدا بگەڕێت).
- دیتمان چۆن بوو ........ (دیاردەی سەرسوڕمانەو لەنێوەڕۆکدا گلەییو گازەندەی لەخۆ گرتووە).
- دیارە تەقە ناکات .... (شێوەی مەرجە، مەبەستەکەی پەیماندان و هەڕەشەیە).
- پێی وایە ............ (سەرسوڕمانە مەبەستەکەی ئامۆژگاری کردنە).
- لەسەرەخۆ بە ........... (فەرمانە بەمەبەستی ئامۆژگارییی).
- هەوڵدە لەسروشتی باشی خۆت دوور نەکەویتەوە...... (ڕەتکردنەوەیە بەمەبەستی ئامۆژگاری).
- لەدامەزراندنی بەرێوەبەر پاشەکشە ناکەم.... (پێدگرییە، مەبەستی دڵنیاییو سووربوونو نیشاندانی هێزە).
- تاک بێ ڕێزگرتنی کۆمەڵ، هیچ ڕێزگرتنێکی نییە ..... (نەفیکردن، مەبەستی ساخکردنەوەو سەلماندنە، بەڵام ئەم دەربڕینانە لەهەواڵی ڕۆژنامەوانیدا، لەجیاتی کردەی برواپێهێنانو

کارتێکردنی خێرا، وەرگر خاو دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەدوای لێکدانەوەو بیرکردنەوەو بەراوردو پێوانەکردندا بگەڕێت، ئەمەش وزەو توانایەکی زۆری پێویستە).

- ئەو کەسە چەند بیری کردەوە تاکو چارەنووسی بەهەشت بێت ...... (کردەی سەرسوڕمان، کە مەبەستی هیواخواستنە دەردەخات، کردەی وەسفی تێدایە، لەهەمان کاتدا جۆرێک لەگومان دروست دەکات، واتە لەجیاتی کارتێکردنی خێرا، کاتێکی کراوە لەبەردەم وەرگر دروست دەکات).
- پێم وانییە ..... (سەرسوڕمان، کە مەبەستی ئامۆژگارییە، کردەی ڕەتکردنەوەو متمانە نەبوون، گریمانەی تێدایە).
- بروا ناکەم ...... ( نەفیکردن، کە مەبەستی ڕەتکردنەوەیە، سەرباری گومان، هەر گومانێکیش جوگارفاییەکی فراوانی بیرکردنەوەو بڕیاردانو لێکدانەوە دروست دەکات).
- کێ وتاری بەخێرهێنانی وەزیری ئامادەکردووە ..... (سەرسوڕمان، کە مەبەستی ئینکارە، ڕەنگە سەرسامیش بگرێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە داڕشتانە لەنێو هەواڵدا کارێکی گونجاو نییە).




بۆیە دەکرێت لەکردە قسەدا جەخت لەوە بکەینەوە، کە زمانی ڕۆژنامەنووسی زمانێکی (ڕوونو ئاشکراو وردبینو ڕەوانو خێرایە). (د.عبدالعزیز شریف،١٩٩١، ١٩٩).

## ٧-٢ پوختەو کورتکراوەی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەتەک ئەوەی بنەماو ڕێسایەکی نوێمان لەبارەی کردەی بەدیهێنانی کارێک لەڕێگەی تەنیا بەکارهێنانی (وشەو گوتنەوە) دروستکرد، پێکهاتەیەکی نوێشمان بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی گوتاری هەواڵی ڕۆژنامەنووسی کورد دانا، کە پشتمان بەبۆچوونەکانی (ئۆستن و سێرل) بەستووە، بەڵام دیسان ئێرە

کۆتایی لێکۆڵینەوە لەگوتارو گوتاری هەواڵی ڕۆژنامەنووسی نییە، چونکە گەلێک دیاردەی زمانەوانی لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە، پێویستیان بەلێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی زانستیو بەدواچوونی بابەتیو پیشەیانە هەیە. واتاو ڕستەو وشەو پیتو دەنگەکانو بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەدا، کە پشت بەنووسینو ڕێساکانی ڕێنووس دەبەستێت، هێماکانی زمان، ئینجا دەوروبەری زمان، لەهەمووشیان کاریگەرتر دەوروبەرو بەرکارهێنانی خودی زمانە لەڕۆژنامە بەگشتیو لەهەواڵدا بەتایبەتی، شوێنو پێگەی خوێنەر لە بەرهەمهێنانەوەی گوتاری هەواڵ جێگەی بایەخی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوە، ئێمە بڕوامان بەوە هەیە دوای چاپبوونی هەواڵ و بڵاوبوونەوەی خوێنەر دەبێتە خاوەنی هەواڵەکەو بێ خوێنەری جدی هەواڵی کارلێکەر دروست نابێت. لەنێو هەواڵدا گوتنو قسەکردن بەرجەستەیە، کە ئەمەش پێکهێنانی گوتاری هەواڵی فرە کارا کردووە، بۆیە ئەم سەرەتایە دەبێتە هۆکار بۆ کارابوونی دەسەڵاتی خوێنەر لەبڕیاردان لەچارەنووسی هەواڵو پێوەرەکانی کارتێکردنو گەیاندنو بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان (نێرەرو وەرگر).

لەم لێکۆلینەوەیەدا گوتمان زمان ڕاپەڕاندنی کارێکە، قسەش کردەیەک ڕادەپەڕێنێت، (ئۆستن) گەیشتە ئەو بڕوایەی قسەکردنو گوتن ڕاپەڕاندنی کردەیەکە، نەک گەیاندنی هەواڵێک، بەڵام دیسان ڕاپەڕاندنی کردەیەکو گەیاندنی هەواڵێک دەبنە دوو بنەمای سەرەکی کردە قسەیی. کردەیەک بۆ گەیاندنی زانیارییەک، یان جێبەجێ کردنی ئەو زانیارییە بەپێی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی کاری بۆ دەکرێت. ڕەنگە کردەکە حوکم، یان فەرمان، یان ڕەتکردنەوە، یان وریاکردنەو ڕیکلامو هاندانو وشیارییو ... تاد بێت، بەڵام مەبەستێک، یان پتر لەمەبەستێک لەهەر یەکێک لەم

کردانەش هەیە، کە ڕەنگە هەندێکیان هەواڵ بن، هەندێکیشیان زانیاریی تەواو، هەشیانە زانیاری ناتەواوکراون، بۆیەشە لەتەک ڕاستگۆییو هەڵە/ درۆ، گوتاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش بەکارهێنراوە.

لەکردەی ڕاپەڕاندن، کردەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەکارهێنراوە، کەهەندێکیان مەبەستەکانیان ئاشکرایەو هەندێکیشیان شاراوەو نادیارن، هەیانە لەنێوەڕۆکدا شتێکی مەبەستە، کەچی لەشێوەو شێوازدا مەبەستێکی جیا دەردەبڕێت.

دوو توێژەری عەرەبی دەڵێن (سەرەتا هەر ئەوەمان دەزانی، کە لەڕوانگەیەکی فەرەنسی یان ئینگلۆ ساکسۆنی دەسپێبکەین، دواتر زانیمان پێویستیمان بەشتێکە زۆر جیاوازە لەپێویستییەکانی ئەوروپاییەکان، چونکە ئێمە جیاوازین لەبواری جوگرافیو زمانو ڕۆشنبیرییو کۆمەڵایەتی، هەروەها باکگراوندی مەعریفیو فەلسەفی ئەوان جیاوزە، کە بۆتە هاندەر بۆ دۆزینەوەی تیۆری کردە قسەییەکان، زۆر جیاوازترە لەتیۆرەکانی عەرەبی، بەهۆکاری جیاوازی رۆشنبییریو شارستانیو ئاینی. (عمر بلخیر، نوارة بوعیاد، revues.univ-ouargla.dz//). دیارە ئەگەر بۆ عەرەبەکان کارێکی ئاڵۆزو قورس بێت، کە بەئاسانی لەڕێگەی وەرگێڕانو زانینی زمانە ئەوروپاییەکانو دەرفەتی خوێندنی باڵا لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هاوشێوەی ئەوروپاییەکان تیۆری کردە قسەیی لەبواری لێکۆڵینەوەی زمان بەکاربهێنن، ئەوە بۆ ئێمەی کورد کارەکە زۆر لەوە جیاوازترو قورسترە، چونکە ئێمە ئاینەکەشمان بەزمانێکی دیکەیەو سەرچاوەی ڕۆشنبرییەکەشمان هی چەند دەوڵەتو نەتەوەی داگیرکەری جیاواز جیاوازە، باری شارستانیشمان ئیدی بەشێوەیەک شێوێندراوە، کە خۆمان

لەخۆمان گەڕ ببینەوەو گومان لەسەرچاوەو کەلتوورو زمانو مێژووشمان بکەین.

ئیمە کارێکی سەخت دەکەین، کە بێ دەوڵەتی، بێ زمانی یەکگرتوو، بێ پرۆفیشنالی لەبەکارهێنانی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی، سەرەتایی بوونی لێکۆڵینەوە لەبوارە زانستییەکانی زمان، هەروەها هەژاری لەبەکارهێنانی زمان لەنێو زانستەکانی دیکەدا، کارێکی سەخت ئەژنۆمان دەهێنێتە لەرزین، کە گومان نییە لەسەدەکانی ڕابردوودا نەتەوەو زمانەکانی دیکەش تووشیان بەهەمان گرفت بووە. تاکو ئیستاش کێشەی بەکارهێنانی زاراوە گەلێکی زۆری یاساییو ئەندازیارییو زمانو پزیشکیو هونەریو هەتا پەروەردەیشمان هەیە. بۆیە کاتێک ڕەتکردنەوە بۆ نەفیو ئینکار و ڕەفزکردن بەکاردەهێنین، ئیدی لێکۆڵینەوەکانیشمان لەهەندێک بواردا دەستەمۆی نامۆبوونو دیاردەی داگیرکاری ڕۆشنبیری دەبێت.

بڕوامان وایە، هیچ تیۆرێک نەگەیشتۆتە قۆناغی تەواوبوون، چونکە گۆڕانکاری بەردەوام لەبواری کۆمەڵایەتیو ژیان ڕوودەدات، ئەم گۆڕانکاریانەش گەشەکردنو فراوانبوونی دیاردەکانو پەرەسەندنی فکرو ڕۆشنبیرییو زمانو زانست بەرهەم دەهێنێت. زمانیش دیاردەیەکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی لەگۆڕانو گەشەکردنو پەرەسەندنو فراونبوونە. لەم ساڵانەی دوایشدا ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێکی کارای لەپەرەپێدانو فراوناکردنی ڕۆڵی زمانی کوردی گێڕاوە، ناتوانین بڵێین هەموو شتەکان شیاوو دروستن، بەڵام هێزو دەسەڵاتێکی گرنگی بەکردەی بەدیهێنانو پەیوەندیکردن بەخشیوە. ئەمەش وایکردووە ڕاپەڕاندنی کردە قسەیی لەڕێگەی قسکردنەوە، ئەرکەکانی فراوانترو کاراتر

بێت. بۆیەشە ئاساییە (ئۆستن) پێویستی بەپێداچوونەوە هەبێتو (سێرل) تیۆرەکەی تەواو بکات، یان (ئۆرکیۆن)ی ڕەخنەی لێ بگرێت.

زمانی کوردی، پێویستی بەدابەشکردنو پێکهاتەیەکی تایبەت بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی زمانەکە هەیە. ئەمەش وایکردووە کردە قسەیی گوتاری هەواڵی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا، پێویستی بەپێداچوونەوە بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیو دەوروبەری ڕاپەڕاندنی زمانەکە هەبێت. ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە، کە تەنیا ڕوانگەیەکی زمانەوانی کارەکیو کۆمەڵایەتییە کارمان کردووە دابەشکردنێکی تایبەتو ڕێساو بنەمایەکی تازە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانو بەرهەمهێنانی گوتاری هەواڵی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان دروست بکەین.

# سەرچاوەکان


١. ئۆگدن و ريچاردس، معنى معنى ، دراسة لاثر اللغة فى الفكر ولعلم الرمزية، ترجمة د. كيان احمد حازم يحيى، دار الكتاب الجديدة.
٢. بييرجيرو، الاسلوبية، ترجمه منذر عياشى، دار الحاسوب للطباعة، حلب، ١٩٩٤ .
٣. جون لانگيشو اوستن، نظرية افعال الكلام العامة، كيف ننجز الاشياء بالكلام، ترجمة عبدالقادر قنينى، ط٢ الدار البيضاء افريقيا الشرق، ٢٠٠٨.
٤. حسني نصر ود. سناء عبد الرحمن، التحرير الصحفي في عصر المعلومات- الخبر الصحفي، دار الكتاب الجامعي، ط ،٢الإمارات، العين ،٢٠٠٤.
٥. د. ابراهيم السامرائى، فى شرف العربيه، سلسلة كتاب الامة، عدد ٤٢، قطر، ١٩٩٤.
٦. د. اشرف فالح الزعبى، استراتيجية الخطاب الاعلامى فى الرد على دعاية تنظيم الدولة الاسلامية فى العراق والسام «داعش»موءتمر خطاب الاعلامى بين الشريحة والقانون الاردن ١٤/١٣-٥-٢٠١٥.
٧. د. ايناس ضياء مهدى، تحليل القوى الاستراتيجية الموءثرة للخطاب السياسى، مجلة الاستاذ العدد ٢٠٠، سنه ٢٠١٢.
٨. د. جابر قميحة، اثر وسائل اعلام المقروءة والمسسموعة والمرئية فى اللغة العربية،منتدى الازبكية،رقم كتاب ٢٠٠٥.
٩. د. عبدالرحمن بن عثمان التويجرى، اللغة العربية والعولمة.
١٠. د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١.
١١. د. عبدالعزيز بن عثمان التويجرى، اللغة العربية والعولمة، منشورات المنظمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافة، ايسيسكو، ٢٠٠٨.
١٢. د. نبيل الحداد، فى الكتابة الصحفية، دار الكندى، ٢٠٠٢.
١٣. د. نبيل الحداد،، فى الكتابة الصحفية، دار الكندى الاردن، ٢٠٠٢.
١٤. د. نعمان بوقرة، المصطلحات الاساسية فى لسانيات النص وتحليل الخطاب، عالم الكتاب الحديث، عمان، ٢٠٠٩.
١٥. د. نعمان بوقرة، المصطلحات الاساسية فى للسانيات النص وتحليل الخطاب، عالم الكتب الحديث، عمان، ٢٠٠٩.
١٦. دى سوسير، محاضرات فى الالسنية العامة، ترجمة يوسف غازى مجيد النصر، دار نعمان للثقافة، بيروت، ط ١٩٨٤.
١٧. ذهبية سيدهم، الاساليب الاقناعية فى الصحافة المكتوبة دراسة تحليلة للمضامين الصحية فى الجريدة، رسالة ماجستر، جامعة منتورى قسنطية، الجزائر، ٢٠٠٥.
١٨. رويدة ملياني، عوامل تشكيل القيم الإخبارية من تلفزيون أبو ظبي، دراسة حالة النشرات الإخبارية، بحث مقدم الى مؤتمر ثورة الاتصال المجتمع الخليجي، الواقع والطموح، جامعة

السلطان قابوس، مسقط ٢٠٠٢ .
١٩. السيد سابق، فقه السنة، جـ ٣، ط ٧، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٥.
٢٠. شيل لين، قلها مثل اوباما- قوة التحدث ذات الهدف والروءية، مكتبة جرير، الرياض، ٢٠٠٩.
٢١. عبد السلام هارون، الأساليب الإنشائية في النحو العربي، ط ٣، مكتبة الخانجي ،القاهرة. ١٩٨١
٢٢. عبدالعزيز اشرف، علم الاعلام اللغوى، المركز الثقافى الجامعى، القاهيرة ط.١، ١٩٨١.
٢٣. عبدالعزيز شرف، اللغة الاعلامية، دار الجيل، بيروت، ط ١، ١٩٩١.
٢٤. عطاءالله الرحمن، المنطق والـلا منطق فى الخطاب الاعلامى، مطبوعات جامعة دمشق، ط ١، ٢٠٠٥.
٢٥. على آيت أوشان ، السياق والنص الشعري من البنية إلى القراءة، مطبعة النجاح الجديدة ، الدار البيضاء ، المغرب ، ط١.١٤٢١هـ /٢٠٠٠
٢٦. غازى حەسەن، شیکردنەوەی پراگماتیکی گوتاری سیاسی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، ٢٠١٧.
٢٧. فرانسواز أرمينكو، المقاربة التداولية ترجمة: سعيدعلوش،مركز الإنهاءالقومي، الرباط، ماي ١٩٨٦.
٢٨. ڤان دايک، النص والسياق استقصاء البحث فى تحليل الخطاب والدلالى والتداولى، ترجمة عبدالقادر قنينى،افريقيا الشرق،٢٠٠٠.
٢٩. محمد سيد محمد، الاعلام واللغة، عالم الكتب، القاهيرة، ١٩٨٤.
٣٠. محمد نادر السيد، لغة الخطاب الاعلامى، دار الفكر العربى، القاهرة،ط١، ٢٠٠٧ .
٣١. محمود عكاشة، لغة الخطاب السياسى، دراسة لغوية تيّبيقية فى ضوء نظرية الاتصال، القاهيره، دار النشر جامعات، ٢٠٠٥.
٣٢. نادر سراج، الشباب والتغيير فى العالم العربى، لغة السعار السياسى: المضامين والدلالات، فى اللغة الهوية فى الوتن العربى، اشكاليات تاريخية وثقافين وسياسية، بيروت، الدوحة، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، ٢٠١٣.
٣٣. نورالدين بليبل، الارتقاء بالحربية فى وسائل الاعلام، كتاب الامة عدد ٨٤، الدوحة، ٢٠٠١.

## ماڵپەڕەکان:

١. أبو إسماعيل أعبو ، خصائص الخطاب الصحفي، والإشهاري، والسياسي، https://abouismail./page.tl
٢. بول ريكور، نظرية التاويل.. الخطاب وفائض المعنى، ترجمه سعيد الغانمى،.http://taakween.blogspot.com/2010/08/blog-post_19.html
٣. عماد عسين احمد، اللغة الاعلامية، https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/2009/12/10/182243.html
٤. عمر بلخير، نوارة بوعياد، أفعال الكلام في الخطاب الصحافي الجزائري المكتوب باللغة العربية، //revues.univ-ouargla.dz/index.php/numero-13-2012/179-2013-04-28-10-41-39.
٥. مجد خضر، مفهوم الخطاب الصحفي، http://mawdoo3.com/ %D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B7%D8%A7%D8%A8_%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AD%D9%81%D9%8A.
٦. مجد خضر، مفهوم الخطاب الصحفي، http://mawdoo3.com/ %D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B7%D8%A7%D8%A8_%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AD%D9%81%D9%8A.
٧. مجد خضر، مفهوم الخطاب الصحفي، http://mawdoo3.com/ %D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B7%D8%A7%D8%A8_%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AD%D9%81%D9%8A
٨. هشام الهاشمي، و أحنصال يوسف ، تحليل الخطاب الصحافي دراسة نظرية وتطبيقية، http://www.wata.cc/forums/showthread.php?23681-

## سەرچاوە بەئینگلیزیی:

1. Austin J.L, )(1962)How To Do Thinga with Word, printed in GreatBritin Oxford Universty Press.
2. Dubois et Al. (1994) : Dictionnaire de linguistique et des sciences du langages, Librairie Larousse,
3. J.L.Searle (1979) : Sens et expression, Paris.

## ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:

١. تقرير يونسكو، تقرر اجتماع الخبراء فى حقل السياسات الاعلامية والخطيط، باريس ٧ سيدمبر ١٩٧٢
٢. د. الشيخ مرتضى الفرج، الفلسفة الغربية وقراءة النص، مجلة البصائر، تصدر عن مركز الدراسات والبحوث الاسلامية، العدد ٤٤ السنة ٢٠٠٩.
٣. د. محمد الجراح الخطاب الصحفي العربي مظاهر بلاغية، أدوات الخطاب، استراتيجيات وتنظيمات، مجلة جامعة الدمشق، - المجلد ٢٧- العدد ٣و ٤ ٢٠١١ .
٤. د. محمد الهمام، دراسات وابحاث العنف اللغوى فى الخطاب السياسى المغربى، مجله تبين، العدد ٤/١٥ شتاء ٢٠١٦
٥. صقر خورى، الفكر واللغة، مجله المعرفة السورية، العدد ٤٩٦، ٢٠٠٥.
٦. ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٤١٨ رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢١.
٧. ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٤١٧ رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٠.
٨. ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٤٢٠ رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٧.
٩. کوردستانی نوێ ژمارە ٧٤٥٠ رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٤.
١٠. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٤٤٩ رۆژی ٢٣-٢٠١٧/١٢/٢٢.
١١. کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٤٥٣ رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٧.
١٢. کوردستانی نوێ، ژمارە ٨٠٢٣ ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٨
١٣. کوردستانی نوێ ژمارە ٨٠٢٢ ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧.
١٤. کوردستانی نوێ ژمارە ٨٠٢١ ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٦.
١٥. خەبات ژمارە ٥٨٨١ ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٨.
١٦. خەبات ژمارە ٥٨٨٠ ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧.
١٧. خەبات ژمارە ٥٨٧٩ ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٦.

# چاپكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

١. ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ/ د.محەمەد كەمال
٢. قەدی بامبۆ/ سعود ئەلسنعوسی/ و:ڕەنجدەر جەبار
٣. بەبێ خوێن/ ئەلێساندرۆ باریكۆ/ و: ئازاد بەرزنجی
٤. فینۆمینۆلۆژی/ د.محەمەد كەمال
٥. وردوخاشی پەرتەوازە/ موحسین ئەلرەملی/ و:ڕەنجدەر جەبار
٦. مۆدێرنەكان/ ڕامین جەهانبەگلو/ و: ئازاد بەرزنجی
٧. سۆناتای خاچ/ لیۆ تۆلستۆی/ و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا
٨. بارگۆڕینی فەلسەفە/ د. حەمید عەزیز
٩. بلیتێك بۆ جەهەنەم/ ئارام كاكەی فەلاح
١٠. فەلسەفەی ئیمانوئیل كانت/ شتفان كۆرنێر/ و: سەعید كاكی
١١. سەرمایەداریی و داهاتووی ئەدەب و هونەر/ ئالان وودس/ و: پێشڕەو محەمەد
١٢. بووكەڵەی ئەورووپی/ئەلبا دیسس پیدس/ و: جەبار سابیر
١٣. شەپۆلی نوێی دژەكۆمۆنیزم/ ئێنزۆ تراڤێرسۆ/ و: پێشڕەو محەمەد
١٤. یادەوەرییەكانم لە بەندیخانەی ئافرەتان/ د.نەوال سەعداوی/ و: جیڤارا كەمال
١٥. پۆلیتیكۆس/ ئەفلاتون/ و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦. شۆڕش؛ ڕاكێشانی برێكی قیتارەكەیە/ میشێل لوویی/ و:پێشڕەو محەمەد
١٧. بیرەوەرییەكانی ئانا گریگۆریڤنای هاوسەری دۆستۆیڤسكی / و:حەمە كەریم عارف
١٨. مێژووی زمان/ توورە یانسۆن/ و: نوری كەریم
١٩. دنیای چیرۆك/ كۆمەڵێك نووسەر/ و:حەمە كەریم عارف
٢٠. فەلسەفە و فەیسبووك، یان فەلسەفەی فەیسبووك/ نەوزاد جەمال
٢١. شاری فازیلە/ فارابی/ و: مەریوان عەبدول
٢٢. پوختەی لۆژیك/ عەبدولهادی لفەزلی/ و:مەریوان عەبدول
٢٣. كتێبی فەسڵول مەقال/ ئیبن ڕوشد/ و: مەریوان عەبدول
٢٤. كەوتنی ئیمام/ د.نەوال سەعداوی/ و: جیڤارا كەمال
٢٥. تۆفانێك لەبەهەشتەوە هەڵدەكات، لێكۆڵینەوە لە هزری بنیامین/ پێشڕەو محەمەد
٢٦. ڕێگەی هەڵە/ گرازیا دێلددا/ و: جەبار سابیر
٢٧. دەسەڵاتو تاك/ برتراند ڕەسل/ و: ئەژین عەبدولخالق
٢٨. چین، زلهێزی نوێی جیهان/ ئا.و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا
٢٩. سوڵتاننشین/ لیۆ تۆلستۆی/ و: حەمە كەریم عارف
٣٠. خوانێك بۆ گژوگیای دەریا/ حەیدەر حەیدەر/ و: غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا
٣١. كچانی چیرۆكخوان/ مەها حەسەن/و: سەباح ئیسماعیل
٣٢. چەپ و مۆدێرنە/ كۆمەڵێك نووسەر و وەرگێڕ

٣٣. شەوی قەدر/ تاهیر بن جەلون/و: غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا
٣٤. ساردیی و دڵڕەقی/ ژیل دۆلوز/ و: فازڵ مەحمود وەلی
٣٥. خۆرهەڵات و لەبیرکراوەکانی/ ئیدیتۆر: زانیار محەمەد
٣٦. مێژووی خۆبەرهەمهێنانەوە/ ئومێد حەمەعەلی
٣٧. دەروونناسیی گروپ و شیکارکردنی ئیگۆ/ سیگمۆند فرۆید/ و: خدر ڕەسووڵ
٣٨. بەرەو مانیفێستێکی نوێ/ ماکس هۆرکایمەر و تیۆدۆر ئەدۆرنۆ/ و: زەردەشت نوورەدین
٣٩. خورمای سەر پەنجەکان/ موحسین ئەلرەملی/ و: ڕەنجدەر جەبار
٤٠. سوکورو تازاکی/ هارووکی موراکامی/ و: هەڵۆ فەریق
٤١. ئایدیای گەورە بۆ منداڵان/ تۆماس وارتنبێرگ/ و: کۆسار عەبدوڵڵا
٤٢. جوانیی و ناشیرینی/ میشیل پۆچ، بریجیت لبە/ و: موسعەب ئەدهەم
٤٣. ئەشکەوتەکانی هایدرا هۆدا هۆس/ سەلیم بەرەکات/ و: بەکر دەروێش
٤٤. بیانی/ تیۆدۆر کالیفاتیدێس/ وەرگێڕانی: کەریم تاقانە
٤٥. لەبەردەم عەرشا/ نەجیب مەحفوز/ و: حەمە کەریم عارف
٤٦. شەربەتی ترس/ ئارام کاکەی فەلاح
٤٧. چۆنە تا ئێستا هەموو شت ئاوا نەبووە/ ژان بۆدریار/ و: وەلید عومەر
٤٨. دەروونشیکاری و ئەو سیستمانەی لێی جیابوونەتەوە/ جەی.ئێف. دۆنیسڵ/ و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان
٤٩. سەرهەڵدانی بیرۆکەی خودا/ سەلامە موسا/ و: سەرهەنگ سەرکەوت
٥٠. لە ستایشی فەلسەفەدا/ ئەریستۆتالیس/ و: نەوزاد جەمال
٥١. ئەدەب و فەلسەفە/ پ. د. حەمید عەزیز
٥٢. باخچەکانی سەرۆک/ موحسین ئەلرەملی/ و: ڕەنجدەر جەبار
٥٣. شەوانی هەزار و یەک شەوە/ نەجیب مەحفوز/ و: بەرزان محەمەد
٥٤. کوڕانی گەڕەک/ نەجیب مەحفوز/ و: غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا
٥٥. ژیان لەگەڵ نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەنێو نادڵنیایی جیهاندا/چەند نووسەرێک/ دیاری سابیر و مارینۆ عەبدولخالق
٥٦. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ/ ماردین ئیبراهیم
٥٧. توتنەوانەکە/ عەلی بەدر/ و: شێرزاد هەینی
٥٨. ئۆقیانووسێک لە تاوان/ خەندان محەمەد جەزا
٥٩. ئاوگوست ستریندبێرگ، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن/ دانا ڕەئووف
٦٠. میتۆلۆجیای یۆنانی/ ئێریک ئریکسۆن/ و: کەریم مستەفا
٦١. لە سەرەتادا وشەکە نــەبوو (لێکۆلینەوە لە فەلسەفەی ئارسەر شۆپنهاوەر)/ دڵشاد حامید دەروێش
٦٢. خوانێکی ڕووت/ عەلی بەدر/ و: شێرزاد هەینی
٦٣. چۆن خوێندنەوە بکەین بە کولتوور؟/ ئارام سدیق
٦٤. ئەفسانەی تەڕوادە/ حەمە کەریم عارف
٦٥. گوتاری هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردیدا/غازی حەسەن
٦٦. چەمکی داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورددا/ دیلمان قادر ئەحمەد
٦٧. نەست؛ لە دەروونشیکاریی فرۆید و لاکاندا/ ئانتۆنی ئیستۆپ/ و: وەلید عومەر
٦٨. سیمپۆزیەم/ ئەفلاتون/ و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان
٦٩. قەیرانی سێبەر/ حەمە کەریم عارف
٧٠. لیسابێت دەنکەنۆکێک دەخاتە نێو کونە لووتی خۆی/ ئاسترید لیندگرێن/ و: ئەژین عەبدولخالق
٧١. جیهانی خوێندنەوە؛ هەنگاوە کردارییەکانی بەکولتوورکردنی خوێندنەوە/ ئارام سدیق
٧٢. گەمژە/ فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی/ و: حەمە کەریم عارف

٧٣. دز و سەگەکان/ نەجیب مەحفوز/ و: بەکر دەروێش
٧٤. بەفر/ماکسێنس فێرمین/ و: کەریم تاقانە
٧٥. وانەکانی فرۆید بۆ ژیان/ برێت کار/ و: وەلید عومەر
٧٦. گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا/ غازی حەسەن
٧٧. ئەفلاتون و ئافرەت/ ئیمام عەبدولفەتاح/ و: ئەژین عەبدولخالق
٧٨. ئەلیادە/ هۆمیرۆس/ و: حەمە کەریم عارف
٧٩. ئۆدیسە/هۆمیرۆس/ و: حەمە کەریم عارف
٨٠. کەرنەڤاڵی شکستخواردووان/ پێشڕەو محەمەد
٨١. فەلسەفە بۆ منداڵان لە کوردستان/ کەریم مستەفا
٨٢. ژنەکان وڵاتیان نییە/ ئەژین عەبدولخالق
٨٣. کچە گەنجەکان و پارتیزانەکان/ قادر عەبدوڵڵا/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٨٤. خۆشەویستییەکی ترسناک/ هارووکی موراکامی/ و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا
٨٥. پاش تاریکی/ هارووکی موراکامی/ و: هەڵۆ فەریق
٨٦. زریاب/ مەقبول ئەلعەلەوی/ و: سەباح ئیسماعیل
٨٧. دیالەکتیکی هونەری سێیەم/ پێشڕەو محەمەد
٨٨. هاوسەرگیریی و خێزانی سەردەم/ ئاسۆ بیارەیی
٨٩. کاریگەرییە سیاسییەکانی «پانتایی گشتی» لە ڕوانگەی (یۆرگن هابرماس)ەوە/ ناودار زیاد
٩٠. زستانی خێزانەکە/ عەلی بەدر/ و: شێرزاد هەینی
٩١. وەرگێڕان و هیرمونیتیک/ دلێر حەمە لەتیف
٩٢. پەنجەرەکانی ژیان/ کۆمەڵێک نووسەر/ و:موسعەب ئەدهەم
٩٣. مامۆستاکانی وەهم/ عەلی بەدر/ و: شێرزاد هەینی
٩٤. منداڵ و پێڵاوەکان/ موحسین ئەلڕەملی/ و: ڕەنجدەر جەبار
٩٥. ترۆپکی نائومێدی/ ئەمیل سیوران/و: شوان ئەحمەد
٩٦. دەربارەی فەلسەفەی هیگڵ و هایدیگەر/ گفتوگۆ لەگەڵ د.محەمەد کەمال/ شوان ئەحمەد
٩٧. ژیانم یەکبینە دڵشکان بوو/ محەمەد شوکری/ و: شوان ئەحمەد
٩٨. نەفرەتی نانی ڕووت/ محەمەد شوکری/ و: شوان ئەحمەد
٩٩. نانی ڕووت و شتی تریش/ محەمەد شوکری/ و: شوان ئەحمەد
١٠٠. درۆزنەکان هەموو شتێکیان دەست دەکەوێت/ عەلی بەدر/ شێرزاد هەینی
١٠١. مێژەردز/ شەهید/ و: فەیسەڵ هەمەوەندی
١٠٢. لە جەوهەرەوە بۆ بوون/د. محەمەد کەمال/ و: پشتیوان مەنسوور
١٠٣. هۆمۆدیۆس (مرۆڤەخوا)/ یۆڤال نوح هەراری/ و: وریا ئەحمەد
١٠٤. پارە/ یۆڤال نوح هەراری/ و: ئارام قەفتان
١٠٥. دەروازەیەک بۆ جیهانی چیرۆک و ڕۆمان/ حەمە کەریم عارف
١٠٦. ژنێکی سرک/ ئەنعام کەچەچی/ شێرزاد هەینی
١٠٧. خاتوونی بەغدا/ شاکر نووری/ شێرزاد هەینی
١٠٨. تەقەی چەکمە ڕەقەکان/ واسینی ئەلئەعرەج/ و: بەکر دەروێش
١٠٩. دەفتەری پیرانی غەمناک/ ماردین ئیبراهیم
١١٠. تەنها دار هەرنارەکە/ سینان ئەنتوان/ و: شێرزاد هەینی
١١١. دەروونشیکاری بۆ؟/ ئەلێنکا زوپانچیچ/ و: وەلید عومەر
١١٢. هێڵە گشتییەکانی دەروونشیکاری/ سیگمۆند فرۆید/ و: وەلید عومەر
١١٣. دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی (نەرجسیەت) / سیگمۆند فرۆید/ و: وەلید عومەر
١١٤. بازاڕی ناوخۆیی/ محەمەد شوکری/ و: بورهان ئەحمەد
١١٥. ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتییەکان/ هاشم ساڵح/ و: شوان ئەحمەد

١١٦. نیتشە/ کۆمەڵێ نووسەر/ و: شوان ئەحمەد
١١٧. سارتەر و ئارۆن/ ئیتیان بارلیی جەیمس و د. فلیکنسۆن/ و: شوان ئەحمەد
١١٨. دوا خەندەی دیکتاتۆر/ بەختیار عەلی
١١٩. خانی شابەندەر/ محەمەد حەیاوی/ و: ڕەنجدەر جەبار
١٢٠. گۆرانییەکی ئارام/ لەیلا سلێمانی/ و: شێرزاد هەینی
١٢١. دۆستۆیڤسکی و باوککوژی/ سیگمۆند فرۆید/ و: خدر ڕەسووڵ
١٢٢. سینەماو فەلسەفە، سەرەتایەک لەفەلسەفەی فیلم/ نەوزاد جەمال
١٢٣. بلیتێک بۆ ئاهەنگی ناوداران/ عەلی بەدر/ و: شێرزاد هەینی
١٢٤. یاخیبوون لە نیشتمان و سیاسەت لای شێرکۆبێکەس و ماغوت/ د. ئەحمەد میرە
١٢٥. سەرکەشییەکانی ئەلیس لە جیهانی سەیر و سەمەرەدا/ لویس کارۆڵ/ و: هەڵۆ فەریق
١٢٦. دەروونشیکاریی( تایبەت بە زیگمۆند فرۆید)/ کۆمەڵێک نووسەر و وەرگێڕ
١٢٧. دەروونشیکاریی( تایبەت بە ژاک لاکان)/ کۆمەڵێک نووسەر و وەرگێڕ
١٢٨. لە کۆدگۆڕینی کانتەوە بۆ تیۆری فیلم/ پێشڕەو محەمەد
١٢٩. پێوەرەکانی ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا/ د. سەعید محەمەد بەرزنجی
١٣٠. کرۆکی مرۆڤ/ ئەریک فرۆم/ و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا
١٣١. بەرهەمهێنانی کورتە فیلمێک/ ڕۆبێرتۆ مۆلیترینی/ و: جەبار سابیر
١٣٢. هونەری نووسینی سیناریۆ/ یوجین ڤال/ و: خەسرەو مەحمود (میراودەلی)
١٣٣. داگیرکردنی تاریکی/ بەختیار عەلی
١٣٤. ئایدۆلۆژیست/ بەختیار عەلی
١٣٥. سایکۆلۆجیا (کتێبی یەکەم)/ سەرپەرشتیار: دیاری سابیر
١٣٦. ٥٧/ زەید عومران/ و: ئاواز فاتح جاف
١٣٧. ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو/ فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی/ و: ئارام کاکەی فەلاح
١٣٨. جوانییەکانی ناڕێکی/ بەختیار عەلی
١٣٩. ئەرکەکەی فرۆید/ ئەریک فرۆم/ و: کامیل محەمەد قەرەداغی
١٤٠. دیالۆگە پچڕاوەکانی ڕیالیزم و مۆدێرنیزم/ پێشڕەو محەمەد
١٤١. ڕۆحم مێیەنەیە (ئافرەت لە عیرفانی ئیسلامیدا)/ ئانا ماری شیمیل/ و: زانا ناجی
١٤٢. لێکسیکۆنی هزر و فەلسەفە/ کەریم مستەفا
١٤٣. بۆ دۆزەخ...ئەی بێگوناهان/ بەختیار عەلی
١٤٤. لە دیارەوە بۆ نادیار/ بەختیار عەلی
١٤٥. خوێنەری کوشندە/ بەختیار عەلی
١٤٦. شیعر و ئەزموونکاریی/ ئارام سدیق
١٤٧. دەنگدانەوەکانی ژیانم/ نەجیب مەحفووز/ و: حەمە کەریم عارف
١٤٨. پێنج تووتەڵە سەگ (بەغداد و تاران و ئەنقەرە)/ نەجات نووری
١٤٩. داکۆکییەکەی سوکرات/ ئەفلاتۆن و زەینەفۆن/ و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٥٠. فیکر و سەرکێشییەکانی/ موراد فەرهادپوور/ و: وەلید عومەر
١٥١. خێچ-ڕوانین/ سلاڤۆی ژیژەک/ و: وەلید عومەر
١٥٢. خودا و گەردوون و مرۆڤ/ فیراس السواح/ و: کاوە تۆفیق
١٥٣. لەودیو پرەنسیپی چێژەوە/ زیگمۆند فرۆید/ و: وەلید عومەر
١٥٤. فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید/ پۆڵ-لۆران ئانسۆن/ و: وەلید عومەر
١٥٥. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان/ بەختیار عەلی
١٥٦. زنجیرەکانی دۆن کیشۆت/ بەختیار عەلی
١٥٧. ڕەمزییەتی بوونێکی نەگیراو/ ئومێد حەمە عەلی